# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٨٩)- (١٣)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٣


## هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

# ١٩٧

# زامنی پێکەوەژیان و ئارامی و خۆشگوزەرانی






# پاشەکشەی شیعەکان

**٩٠**

ڕۆژی ٥ی ئازاری ٢٠٠٤، سەردانی ئەنجومەنی حوکممان کرد، بەڵام تووشی موفاجەئەیەکی گەورە بووین.

لایەنە ئیسلامییە شیعەکان و ئەحمەد چەلەبی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوون، دواتر جەعفەری بە ناوی لایەنە شیعەکان هات و هەموارکردنەوەی نوێی هێنابوو. بۆ ئەوەی لە یاساکەدا جێبەجێ بکرێت، پێداگرییەکی زۆریان کرد بۆ ئەوەی خاڵی (ج) لە ماددەی (٦١)ی یاساکە لابدرێت، منیش لە بنەڕەت و بە تەواوی ڕەتم کردەوە کە دەستکاریی هیچ بڕگە و ماددەیەکی یاساکە بکرێت، یان هەموار بکرێتەوە[١].

جەعفەری پێی ڕاگەیاندم کە مام جەلال گوتوویەتی ئەگەر بارزانی بە لادانی فەقەرەکە ڕازی بێت، منیش لاریم نییە و ڕازیم بە لادانی. لە وەڵامدا پێم ڕاگەیاند: (غەیرەمومکینە و حەز ناکەم لەم بارەیەوە گفتوگۆ و دانوستانم لەگەڵ بکرێت). لایەنە شیعەکان مەبەستیان بوو کە کورد هیچ کارتێکی گوشاری بەدەستەوە نەبێت.

زۆرم پێ سەیر بوو ئەحمەد چەلەبی چۆن لەگەڵیان ڕۆیشتبوو! پێشتر شیعە عەلمانی و لیبڕاڵەکان هەموویان هاوهەڵوێست بوون لەگەڵماندا. ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی لایەنە شیعەکانمان کرد بۆ ئەوەی بزانین ئایا ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبن، یان نە.

دوای حەوت کاتژمێر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. سەید بەحر ئەلعلوم سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا داوای دواخستنی کۆبوونەوەکەیان کرد. من بە سەید ئەبوو ئیبراهیمم گوت: (ئەو هەڵسوکەوتەی ئەمڕۆ لەگەڵتان کردین کەس لەگەڵ قوتابییانی سەرەتاییش نایکات. ڕێزێکی زۆر و بێپایانم بۆ جەنابت هەیە، ئەگینا ئێستا کۆبوونەوەکەم بەجێ هێشت، بۆیە وەک ڕێزگرتن لە جەنابت دەمێنمەوە، بەڵام پێم بڵێن، چیتان دەوێت و بەنیازی چین؟).

بەحرولعلومیش زۆر تووڕە بوو، هەستایەوە کۆبوونەوەکە بەجێ بێڵێت، بەڵام دواتر گەڕایەوە. لە کۆتاییدا بڕیار درا ڕۆژی ٨ی ئازاری ٢٠٠٤ یاسا ئیمزا بکرێت.

---

(١) ڕیفراندۆم سەرکەوتوو دەبێت و ڕەشنووسی دەستوور پەسەند دەکرێت، لەگەڵ پەسەندکردنی زۆرینەی دەنگدەرانی عێراق و ئەگەر دوو لەسەر سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.





(لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا ١٩٧٠-١٩٨٠) کتێبێکی تازە چاپکراوی (د. ئیبراهیم قادر محەمەد)ـە لە دووتوێی (٣٠٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە، کە لە بنەڕەتدا نامەیەکی دکتۆرایە و بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دیکەی کوردناسی و ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی بەرهەمی دەیەیەکی دەوڵەمەندی دەیەی حەفتا. دکتۆر ئیبراهیم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەم باسەدا پەیڕەوەی تەنیا ڕێبازێکی ڕەخنەیی نەکراوە، بەڵکو پشت بە چەند ڕێبازێك بەستراوە، وەسفی و تەفسیری و مێژوویی و شیکردنەوەیی، لەگەڵ هەر زانیارییەکی دی کە بۆ لێکۆڵینەوە بە کەڵك بووە.

ماوەی لێکۆڵینەوەکە دە ساڵە، کە دەیەی حەفتای هەزار و نۆسەدە، چیرۆکەکانی مانگی کانوونی دووەمی حەفتا تا کۆتایی ساڵی حەفتا و نۆ دەگرێتە خۆ، ئەو چیرۆکانەی کە بە تەنیا و بە کۆمەڵە بڵاوکراونەتەوە، بەپێی دەستکەوتن و توانا و دەرفەت، هەوڵدراوە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی کە خۆی لە (١٢٥٠) کورتە چیرۆك نزیك دەکاتەوە بخرێتە نێو لێکۆڵینەوەکەوە، بەرهەمی نزیکەی (٨٠)چیرۆکنووس (لە چیرۆکێکەوە تا کۆمەڵەیەك) کراوە بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە.

لێکۆڵینەوەکە لە دەروازەیەك و چوار بەش و سەرەنجام پێکهاتووە، هەر بەشێك چەند پشکێکە، لەگەڵ بیبلۆگرافیای چیرۆکەکان و سەرچاوە و کورتەیەکی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی)، دەروازەکە بریتییە لە سێ تەوەرە: تەوەرەیەکی (دەروازەیەکی تیۆری)یە لە بارەی کورتە چیرۆکەوە بە گشتی وەك ژانرێکی ئەدەبی، دوو تەوەرەکەی دیکەیش: لایەنە مێژووییەکەی چیرۆکی کوردی و پەیدابوونی و سەرچاوەی کورتە چیرۆکی کوردی و پێوەندی لەگەڵ ئەدەبی جیهانیدا، لەگەڵ ئەو کارانەی کە لە بارەی لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی کوردی کراون، لە کوردستانی باشوور و دەرەوەدا، هەروەها جیاوازییان لەگەڵ ئەم کارەدا.

دیارە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەچاوی ئەوەش کراوە کە بیبلۆگرافیایەکیش بۆ چیرۆکەکان کراوە بەپێی ناوی نووسەر و ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و کۆمەڵە چیرۆکانەی تێیاندا بڵاوکراونەتەوە، لەگەڵ ساڵ و شوێنی بڵاوکردنەوەیاندا. پیرۆزبایی لە دکتۆر ئیبراهیم قادر محەمەد دەکەین بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەم کتێبەدا پێشکەشی بە چیرۆکنووس و نووسەران و خوێنەرانی چیرۆکی کوردی کردووە، هاوکارمان(شاخەوان جەعفەر) دیزاینی ناوەرۆك و بەرگەکەی کردووە.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان



بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com




چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com


## جەنان جەبار:




**ئەگەر سەرۆک بارزانی نەبووایە بە هیچ جۆرێک ناو و مافی ئێمە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دیاری نەدەکرا**

## پرۆفیسۆر دکتۆر حوسێن تۆفیق:




**بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، پێویستە شەڕی کورد لە بەغدا لە ناو دەستوور و دامەزراوەکانی عێراقدا بێت**

## ئەسکەندەر ڕەسووڵ:



**هەڵویستی سەرۆک بارزانی بەرانبەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بنەمایەکی گرنگە بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و خۆشگوزەرانی**

## پرۆفیسۆر نادیە ئۆربیناتی:



**دروستکردنی ناتۆ شێواندنی بیرۆکەی کانت بوو بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی**

فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجار :




**٤٠٠ هەزار خێزان سوودمەند بوون لە وەرگرتنی نەوتی سپی، بۆ ئەمساڵ لە ناو سەنتەری شارەکانیش دابەشی دەکەین**

بەهرە حامید :

**زۆربەی خێزانەکان ئامادە نین کچەکانیان بنێرنە نێو یاریگەکان**





**کاریگەریی نەرێنیی سۆشیال میدیا و چاولێکەری بە هۆکاری جیابوونەوەی هاوسەران دادەنرێت**

ناسک سەعید :

**لە کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١٣٩ ئەندام کۆنگرە بەشدار دەبن**



**خوێی زیاد ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات!**




**بچووکترین کامێرای ئەکشن**



ئامینە عەبدوڵڵا:

**زۆر جار پارچە موزیکێک لەکاتی نیگارکێشاندا خەیاڵێکی ڕۆحی بە شێوەکار دەبەخشێت**





# عێراق و هەرێمی کوردستان

# لەناو ئەگەرە کراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانێکی بێ سیستەمدا

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کە هەتا ئێستا دەکاتە نزیکەی هەشت دەیە، هیچ کاتێك جیهان لەناو شەڕ و ئاشووبێکی وەك ئێستا نەبووە، لەلایەك گەورەترین شەڕ ماوەی دوو ساڵە لەسەر خاکی ئەوروپا لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا هەڵگیرساوە، کە تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی پشتگیریی ئۆکرانیا دەکەن و چەك و تەقەمەنی بۆ درێژەپێدانی ئەو شەڕە دابین دەکەن، لەلایەکی دیکەش چین لە پیشاندانی مانۆڕی ماسوولکەی سەربازی خۆی لەسەر سنووری هیندستان و دەریای باشووری چین و تەنگەی تایوان بەردەوامە، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی لە ٧ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا، هێزەکانی بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی (حەماس) هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل، لە بەرانبەردا حکومەتی ئیسرائیل بڕیاری شەڕێکی سەرتاسەری دا، نەك تەنیا لە دژی غەزە و چەکدارانی حەماس، بەڵکو دژی هەر دەوڵەت و لایەنێك کە بیەوێت پشتگیریی چەکدارانی حەماس بکات، هەر بۆیە هەتا ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان پریشکی ئەم شەڕە «لوبنان، سووریا، عێراق و هەرێمی کوردستان»یشی گرتووەتەوە.

هەڵوێستی فەرمیی حکومەتی عێراق بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی کە حکومەتەکەی ئێستای «محەمەد شیاع سوودانی»یان پێکهێناوە، بەو جۆرەیە کە هەوڵ بدرێت عێراق لەو شەڕەوە دوور بێت و تێکەڵاوی ئەو شەڕە کاولکارییە نەبێت، ئەم هەڵوێستەی حکومەتی عێراق تا ڕاددەیەکی زۆر بە دڵی ئەمریکایە، کە ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆی سەرکردایەتیی ئەم شەڕەی ئیسرائیل و حەماس دەکات، هەر بۆیە لەمیانەی سەردانەکەی بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا، «ئەنتۆنی بلینکن»ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بەبێ بەرنامەی پێشوەختە و بە بەرگی سەربازیی گوڵلە نەبڕەوە سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی حکومەتی عێراق کۆبووە و، پاشان بەرەو تورکیا بەڕێ کەوت.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، ئەوەیە کە هەر لە دوای سەردانەکەی بلینکن، محەمەد شیاع سوودانی سەردانی تارانی کرد و پاش گەڕانەوەشی لە تاران ڕاستەوخۆ سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کۆبووەوە و، لە دیمەنی پێشوازی و ئەو ڕاگەیەندراوانەش کە لە دوای ئەم دیدارانە بڵاو کرانەوە، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، جیا لەوەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، پشتگیریی ئەو سیاسەتە دەکات، کە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پریشکی ئەو شەڕە دوور بن و، سنوورێکیش بۆ ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دابنرێت، کە هەندێك لە میلیشیا چەکدارەکان بە ناوی «مقاوەمەی ئیسلامی» دەیکەن و هەڵدەکوتنە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان. ئەم هاوهەڵوێستییەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە نییەتێکی باش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەبێت، کە لە دەرەوەی بەرنامە وەزارییەکەی حکومەتی سوودانی، کێشە و ئاستەنگی ئابووری و دارایی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە.

**● بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاندنی ئاگربەس و چارەسەری دامەزراندنی دوو دەوڵەت**

دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ڕۆژی تەواو بەسەر ئەو شەڕە کاولکارییەی غەزە، ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمی مانگی ڕابردوو، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەنگی ١٢٠ دەوڵەتی ئەندام بڕیاری «ئاگربەس و گەڕانەوە بۆ چارەسەری دامەزراندنی دوو دەوڵەت - ئیسرائیل و فەلەستین»ی دەرکرد، ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مولزەم نییە، جێبەجێ بکرێت، لەلایەن ئەمریکاوە ڕاستەوخۆ ڕەت کرایەوە، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی لە بڕیارەکەدا ئاماژە بە ڕەفتارەکانی بزووتنەوەی حەماس نەکراوە، هەروەها ئیسرائیلیش جیا لەوەی دەنگی بە بڕیارەکە نەدا، لە هەمان کاتدا توندتر درێژەی بە شەڕەکە و هێرشەکانی بۆ سەر شاری غەزە دا.

**چین لە پیشاندانی مانۆڕی ماسوولکەی سەربازی خۆی لەسەر سنووری هیندستان و دەریای باشووری چین و تەنگەی تایوان بەردەوامە**

**تۆنی بلینك»ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بەبێ بەرنامەی پێشوەختە و بە بەرگی سەربازیی گوللە نەبڕەوە سەردانی بەغدای کرد و لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی حکومەتی عێراق کۆبووە**

**ئەم هاوهەڵوێستییەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە نییەتێکی باش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەبێت، کە لە دەرەوەی بەرنامە وەزارییەکەی حکومەتی سوودانی، کێشە و ئاستەنگی ئابووری و دارایی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە**

ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان «مولزەم بێت، یان مولزەم نەبێت» مەسەلەیەك نییە، بەڵکو مەغزای گرنگی ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە ئەو ١٢٠ دەوڵەتەی دەنگیان بەم بڕیارە داوە، بەشی هەرە زۆریان دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامین بە هەردوو دەوڵەتی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشەوە.

ئەم کۆدەنگییەی دەوڵەتانی «عەرەبی و ئیسلامی» لەسەر ڕاگرتنی ئەم شەڕە کاولکارییە، هەتا ئەگەر باجەکەی ڕازیبوونیش بێت بە چارەسەری ئاشتییانەی «دامەزراندنی دوو دەوڵەت»، ئاماژەیەکی جددییە بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەم شەڕە پەل بکێشێت و فراوان بێت و وڵاتانی دیکە دژی ئیسرائیل دەستتێوەردانی تێدا بکەن، ئەوا هەموو ئەگەرێك بۆ ئەم شەڕە کراوە دەبێت، بە بەکارهێنانی ئەو توانا نیوکلیارییانەشی کە لەبەر دەستی ئیسرائیلدایە، ئەمەش بەو مانایەی جیاواز لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە ماوەی دوو ساڵە درێژەی هەیە و، لایەنی ڕووسی کە خاوەنی توانای نیوکلیارییە هەتا ئێستا بیری لە بەکارهێنانی نەکردووەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەری ڕووسیا لە شەڕەکە کە سوپای ئۆکرانیایە، تەواوی توانای لوجیستیی هاوپەیمانیی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپای لە پشتە، گەورەترین گەنجینەی کڵاوەی نیوکلیارییش لای دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆیە، ئەمەش وەك ئەوە وایە کە ئۆکرانیاش خاوەنی توانای نیوکلیاری بێت، بۆیە ڕووسیا کەمتر بیری لەوە کردووتەوە کە پەنا بۆ توانا نیوکلیارییەکانی لەم شەڕەدا بەرێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دیسان لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا، ناتوانرێت ئەگەری بەکارهێنانی توانای نیوکلیاری بە هەند وەرنەگیرێت، لەم بارەیەوە وەك بیرمەندی ئەمریکی جۆن میرشامیر لە کتێبی «دەوڵەتان چۆن بیر دەکەنەوە . ئەقڵانیەت لە سیاسەتی دەرەوە دا»، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە «بە پێچەوانەی ئەوەی کە ڕۆژئاوا دەڵێن» بڕیاری پوتین بۆ شەڕی دژی ئۆکرانیا ڕەفتارێکی نائەقڵانی بووە، بەڵام ئەو بڕیارەی پوتین دای، بۆ ئەوەی ئەم شەڕە لە دژی ئۆکرانیا هەڵبگیرسێنێت، پشتی بە تیۆری ڕیالیزم بەستووە و دوای ڕاوێژ و گفتوگۆیەکی زۆر و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەندەکانی مەترسییەکانی بوونی ئۆکرانیا بە ئەندامی ناتۆ، ئەم بڕیارە دراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بوونی ئۆکرانیا بە ئەندامی ناتۆ، وجوودی ڕووسیا دەخاتە مەترسییەوە، هەر بۆیە بەلەبەرچاوگرتنی ئەم مەترسییە وجوودییە، ڕووسیا وەك دەوڵەت بڕیاری ئەو شەڕەی داوە، بۆیە ئەگەر ڤلادمیر پوتین بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ڕووسیا شەڕەکە دەدۆڕێنێت، ئەوا دیسان پەنابردنی ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی توانا نیوکلیارییەکانی ئەگەرێکی دوور نابێت و، بڕیارسازانی ڕۆژئاوا دەبێت بە ئەقڵانی بیر لەوە بکەنەوە، تا چەند ئەگەری بەکارهێنانی توانای چەکی نیوکلیاری لەلایەن ڕووسیاوە بوونی هەیە.

ئەم هۆشدارییەی میرشامیر لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەیداتە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ، ئەوەیە کە لە شەڕی ئەمجارەی ئیسرائیل و حەماسدا، ئەگەری بەکارهێنانی توانا و چەکی نیوکلیاری لەلایەن ئیسرائیلەوە، ئەگەرێکی کراوەترە، لەمەش زیاتر خەریکە لە ئەگەریش دەردەچێت، چونکە ئەم بژارەیە لەناو کۆبوونەوەی حکومەتەکەی نەتانیاهۆ بە ئاشکرا ئاماژەی پێ کراوە، لەمەش زیاتر نوڤاڵ نوح هەراری (بیرمەندی جوو) زۆر بە ڕاشکاوانە لە دیمانەیەکدا لە گەڵ تەلەفزیۆنی ژاپۆنی، ئەمەی ناشاردەوە و گوتی «ئەگەری پەنابردنی ئیسرائیل بۆ بەکارهێنانی چەك و توانای نیوکلیاری، بڕیارێکە لە هەر ئان و ساتێك بدرێت، دەدرێت»، ئەوەشی لە ماوەی نزیکەی ٤٠ ڕۆژی ڕابردووی شەڕەکە بینیومانە سوپای ئیسرائیل بەو چەکەی پێی دەگوترێت «چەکی نەریتی»، هیچ کەمتری لەو کاولکارییە نەکردووە، کە بۆمبە نیوکلیارییەکەی ساڵی ١٩٤٥ هەردوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی ژاپۆنی کاول کرد.

لەلایەکی دیکەشەوە کە سەیری ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا دەکەین، دەبینین، هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەم شەڕەوە، بە ئاشکرا سەرکردایەتیی ئەم شەڕە دەکات و، خۆی بڕیار دەدات، بەوەی ئیسرائیل ئاگربەس ڕابگەیەنێت،

**ئەگەر ئەم شەڕە پەل بکێشێت و فراوان بێت و وڵاتانی دیکە دژی ئیسرائیل دەستتێوەردانی تێدا بکەن، ئەوا هەموو ئەگەرێك بۆ ئەم شەڕە کراوە دەبێت، بە بەکارهێنانی ئەو توانا نیوکلیارییانەشی کە لەبەر دەستی ئیسرائیلدایە**

**لایەنی ڕووسی کە خاوەنی توانای نیوکلیارییە هەتا ئێستا بیری لە بەکارهێنانی نەکردووەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەری ڕووسیا لە شەڕەکە کە سوپای ئۆکرانیایە، تەواوی توانای لوجیستیی هاوپەیمانیی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپای لە پشتە**

**ئەگەر ڤلادمیر پوتین بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ڕووسیا شەڕەکە دەدۆڕێنێت، ئەوا دیسان پەنابردنی ڕووسیا بۆ بەکارهێنانی توانا نیوکلیارییەکانی ئەگەرێکی دوور نابێت**

یان نە، هەروەك لە كۆتایی هەفتەی ڕابردوو جۆزیف بایدنی سەرۆكی ئەمریكا فەرزی كرد، كە دەبێت ڕۆژانە ئیسرائیل چوار كاتژمێر ئاگربەس ڕابگەیەنێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە كە هاووڵاتیانی سڤیلی غەزە بتوانن لە باكووری غەزەوە بەرەو باشوور بڕۆن.

هەڵوەستەكردنمان لەسەر مەترسییە نەبینراوەكانی ئەم شەڕە كاولكارییە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ڕۆژی ٧ی تشرینی یەكەمی ٢٠٢٣ بوو بە خاڵی كۆتایی تەواوی سیستمە كۆنەكەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو سیستمەی پێی دەگوترێت «سیستمی كیسنجەر بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، كە دیپلۆماتی ئەمریكیی بە ڕەگەز جوو «مارتین ئەندیك» لە ساڵی ٢٠٢١ كتێبێكی ٨٠٠ لاپەڕەیی لەسەر ئەو سیستمە نووسی و داوای دەكرد، پێویستە سیاسەتی ئەمریكا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێتەوە بۆ ناو سیستمەكەی كیسنجەر و كۆڵەگەی ئەو سیستمەش بریتی بوو لە «ئاساییكردنەوەی پەیوەندییەكانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل و چارەسەركردنی كێشەی ئیسرائیل و فەلەستین بە دانوستاندن و لە چوارچێوەی بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی»، بەڵام وەك لە ماوەی نزیكەی ئەم چل ڕۆژەی ئەم شەڕە دەیبینین، نەك تەنیا ئیسرائیل بڕیاری داوە، كە دەبێت ئەم كێشەیە بە شەڕ و كۆتاییهاتنی حەماس و داگیركردنی غەزە كۆتایی بێت، بەڵكو ئەمریكا و هاوپەیمانەكانیشی توندتر لە ئیسرائیل جەخت لە چارەسەری سەربازی دەكەن و بە هەموو شێوەیەك چارەسەری ئاشتی و ئاگربەس ڕەت دەكەنەوە.

## • چاو بە چاو. ددان بە ددان ئەو بنەمایەی ئەم شەڕە بەڕێوە دەبات

مەهاتما گاندی لەسەر پیادەكردنی بنەمای «چاو بە چاو. ددان بە ددان و دەستپێشخەر زاڵمە»، لە شەڕدا دەڵێت: ئەگەر ئەمە بووە بنەمای شەڕ، مانای وایە كەرامەتی مرۆڤ بوونی نامێنێت و هیچ شتێك نامێنێت دەستی بۆ نەبرێت و كارەساتی گەورە دێتە ئاراوە، ئەوجا بۆ ئەوەی ڕێگە لەو كارەساتە بگیرێت، دەبێت پەنا بۆ لێبوردەیی ببرێت و بە ئەقڵ كێشەكان چارەسەر بكرێت، نەك بە تۆڵەسەندنەوە». ئەوەی مایەی نیگەرانییە لە شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ئەوەیە كە ئەو لۆژیكە بوونی نەماوە، لە ئێستادا نەك هەر بڕوای بە چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی فەلەستین و ئیسرائیل نییە، بەڵكو ئاگربەسیش ڕەت دەكاتەوە و پلان بۆ بەڕێوەبردنی شاری غەزە لە دوای پاكتاوكردنی لە چەكدارانی حەماس، لەمەش زیاتر ئیدارەی ئەمریكاش بڕیاری داوە، لەسەر هەمان بنەمای «چاو بە چاو» مامەڵە لەگەڵ ئەو گرووپ و میلیشیانە بكات، كە بە ناوی «مقاوەمەی ئیسلامی» هێرش دەكەنە سەر بنكە و بارەگاكانی ئەمریكا لە وڵاتانی ناوچەكەدا.

لێرەوە شرۆڤە و مەزندەی سیاسی بۆ چارەنووسی ئم شەڕە دەستەوستان دەبێت و، دەبێت خوێندنەوەیەكی سەربازی بۆ بكرێت، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە هەر لە سەرەتاوە چەمكی «شەڕ» لە چەمكی «جەنگ» جیا بكرێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا پسپۆڕانی سەربازی پێیان وایە كە بڕیاردان لە «شەڕ» بڕیارێكی سیاسییە و دەوڵەت ئەو بڕیارە دەدات، لەبەر ئەوەی بڕیاری جەنگ مامەڵە لەگەڵ چارەنووسی وڵات دەكات، بەڵام بڕیاری شەڕ ژەنراڵەكانی سوپا دەیدەن، لەبەر ئەوەی مامەڵە لەگەڵ گۆڕەپانی شەڕەكە دەكەن، هەر بۆیە كاتێك دەوڵەت لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی جەنگ، بڕیاری شەڕ دەدات، ئیدی هەموو چارەسەرێك لە دەنگی بۆمبەكاندا دەزرنگێتەوە.

لە مێژووی تەنیا چوار دەیەی ڕابردووی ئەم جیهانەی ئێستامان، واتە لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا، مرۆڤایەتی شاهیدی چەندین شەڕی گەورەیە، كە بڕیاری ئەو شەڕانە لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی جەنگ دراون، لەوانە:

١- داگیركردنی ئەفغانستان لەلایەن یەكێتیی سۆڤیەتی پێشووە.

یەكێتیی سۆڤیەتی پێشوو، لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ئەفغانستان داگیر نەكات و حكومەتێكی كۆمۆنیستی ئەو وڵاتە بەڕێوە

ئەم هۆشدارییەی میرشامیر لەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا دەیداتە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ، ئەوەیە كە لە شەڕی ئەمجارەی ئیسرائیل و حەماسدا، ئەگەری بەكارهێنانی توانا و چەكی نیوكلیاری لەلایەن ئیسرائیلەوە، ئەگەرێكی كراوەترە

سوپای ئیسرائیل بەو چەكەی پێی دەگوترێت «چەكی نەریتی»، هیچ كەمتری لەو كاولكارییە نەكردووە، كە بۆمبە نیوكلیارییەكەی ساڵی ١٩٤٥ هەردوو شاری هیرۆشیما و ناكازاكی ژاپۆنی كاول كرد

جۆزیف بایدنی سەرۆكی ئەمریكا فەرزی كرد، كە دەبێت ڕۆژانە ئیسرائیل چوار كاتژمێر ئاگربەس ڕابگەیەنێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە كە هاووڵاتیانی سڤیلی غەزە بتوانن لە باكووری غەزەوە بەرەو باشوور بڕۆن

**نەک تەنیا ئیسرائیل بڕیاری داوە، کە دەبێت ئەم کێشەیە بە شەڕ و کۆتاییهاتنی حەماس و داگیرکردنی غەزە کۆتایی بێت، بەڵکو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی توندتر لە ئیسرائیل جەخت لە چارەسەری سەربازی دەکەن و بە هەموو شێوەیەک چارەسەری ئاشتی و ئاگربەس ڕەت دەکەنەوە**

**ئەمریکاش بڕیاری داوە، لەسەر هەمان بنەمای «چاو بە چاو» مامەڵە لەگەڵ ئەو گرووپ و میلیشیانە بکات، کە بە ناوی «مقاوەمەی ئیسلامی» هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەکەدا**

**کاتێک دەوڵەت لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی جەنگ، بڕیاری شەڕ دەدات، ئیدی هەموو چارەسەرێک لە دەنگی بۆمبەکاندا دەزرنگێتەوە**

نەبات، ئەوە ئاسایشی سۆڤیەت دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا سوپای سۆڤیەت توانی ئەو جەنگە یەکلایی بکاتەوە و، لە کابولیش حکومەتی کۆمۆنیستی دابمەزرێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی شەڕەکە کۆتایی نەهاتبوو، لە دوای هەشت ساڵ و لەژێر گوشاری شەڕی پارتیزانیی ئیسلامییەکاندا ناچار بوو ئەفغانستان بەجێبهێڵێت، ئاکامی ئەم شەڕە بۆ یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان ئەوە بوو، دوای نزیکەی سێ دەیە لەبەر یەک هەڵوەشا، بۆ ئەفغانستانیش نزیکەی لە هەمان بەرواردا، ئەوە بوو، ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە دامەزرا و، ئەو حکومەتە ڕووخێندرا کە سۆڤیەت پشتگیری دەکرد و، دەوڵەتی ئیسلامیی ئەفغانستان دامەزرێنرا.

٢- ڕووخاندنی حکومەتەکەی تاڵیبان و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانیی سەربازیی ناتۆوە.

لە دوای هێرشە تیرۆریستیەکەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر هەر دوو باڵاخانەی ڕێکخراوی بازرگانیی نێودەوڵەتی لە مەنهاتن، جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، هەر چەند کاتژمێرێک دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە، بە بڵندگۆیەکەوە لەناو داروپەردووی ئەو کارەساتە گەورەیە بە جیهانی ڕاگەیاند «ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت، وەك دوژمن لە قەڵەمی دەدەین»، لەمەش زیاتر ئیدارەی جۆرج بوش توانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی بڕیارێکی نێودەوڵەتی دەربکات و شەرعییەت بە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی «هاوپەیمانیی ناتۆ بە سەرکردایەتیی ئەمریکا» بدات، بۆ ئەوەی حکومەتەکەی تاڵیبان بڕووخێنێت و ئەفغانستان داگیر بکات و، پاشانیش لە چوارچێوەی کۆنگرەی «بۆن» لە ئەڵمانیا توانرا پەرلەمان «لۆیاجارگە» دابمەزرێنن و ئەحمەد کارەزایش بۆ سەرۆکی حکومەتی کاتیی ئەفغانستان دەستنیشان بکەن، بەڵام هەر لە ٢٠٠١ـەوە تا ٢٠٢١ کە ئەمریکا و ناتۆ لە ئەفغانستان کشانەوە، شەڕی ئەفغانستان کۆتایی نەهات و ئامانج لە بەرپاکردنی ئەو شەڕە ئەوە بوو حکومەتی تاڵیبان بڕووخێنێن، بەڵام ئەوە ماوەی دوو ساڵە جارێکی دیکە تاڵیبان حکومەتی ئەفغانستان بەڕێوە دەبات.

٣- بڕیاری هاوپەیمانیی ئارەزوومەندانە «ئەمریکا، بەریتانیا، ئوسترالیا و...هتد» بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە عێراقدا.

لەگەڵ ئەوەی ئێمە وەك «گەلی کوردستان» زۆر دڵخۆش بووین بە بڕیاری ئەمریکا بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و ئومێدی زۆر گەورەمان لەسەر هەڵچنی بوو و، بە پرۆسەی ئەم شەڕەمان دەگوت «پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە دیکتاتۆریەت»، بەڵام وەك سەرۆك بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کردووە، ئەمریکا ئامانجی ئازادکردنی عێراقی نەبووە لە دیکتاتۆریەت، بەڵکو ئامانجی داگیرکردنی عێراق بووە و بۆ شەرعیەتدانیش بەم داگیرکارییە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆی کرد بە «داگیرکار».

ئەمریکا نەك هەر نەیتوانی شەڕی عێراق بباتەوە و حکومەتێکی تا ڕاددەیەك بەهێز و باش بۆ عێراقییەکان دابمەزرێنێت، بەڵکو لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە بیری لەوە دەکردەوە، چۆن هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە و، کاتێك لە کۆتایی ٢٠١١ هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە، ڕۆژنامەنووس «نید پارکەر» بەرپرسی ئاژانسی «ئاسوشیتد پرێس» لە بەغدا وتارێکی لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرس بە ناونیشانی «ئەوەی بەجێمان هێشت، ئەوەیە جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی فاشیل دەکات»، ئەم وتارە کە تەنیا چەند مانگێك دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نووسراوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا دەوڵەتێکی فاشیلی لە عێراقدا دامەزراندووە و هەتا ئێستا تەواوی گەلانی عێراق باجی ئەو دەوڵەتە فاشیلە دەدەن.

٤- بڕیاری ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ی حکومەتەکەی نەتانیاهو بۆ داگیرکردنی غەزە و کۆتاییهێنان بە چەکدارانی حەماس.

لە دوای شەڕی ١٨ ڕۆژەی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣وە هەتا ئێستا حکومەتی ئیسرائیل (ئەوجا هەر کەسێك سەرۆکی حکومەت بێت)،



بڕیاری لەو شێوەیەی نەداوە کە ئەمجارە لە شەڕی غەزە بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها ئەو قسانەشی کە بەرپرسانی حکومەتی ئیسرائیل بە ئاشکرا لەناو کۆبوونەوەکانی حکومەت دەیکەن و کۆنگرە ڕۆژنامەواکەنیاندا دەیخەنە بەردەم ڕای گشتیی جیهانی، لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە تا ٧ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، هیچ بەرپرسێکی ئیسرائیلی بەو جۆرە ڕق و کینەیە لێدوانی نەداوە، بەپێچەوانەوە ئیسرائیل هەر داوای کردووە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی فەلەستین ئاسایی بکاتەوە و ددان بە بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بنێن. بەڵام ئەمجارە لێدوانەکان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە سەرۆکی حکومەتی ئیسرائیل بە ئاشکرا دەڵێت: «شەڕی ئەمجارە، شەڕی نێوان مەدەنییەت و بەربەرییەتە».

هەر بۆیە مەزندەکان بۆ ئەم شەڕەی ئیسرائیل دژی غەزە، بەو جۆرەیە کە لە ڕووی سەربازییەوە بۆ سوپای ئیسرائیل کارێکی زۆر دژوار نابێت و دەتوانێت غەزە داگیر بکات، بەڵام دوای داگیرکردنی غەزە، ئەگەر بیەوێت هەمان سیناریۆی ٢٠ساڵی ڕابردووی عێراق و ئەفغانستان لە غەزە دووبارە بکاتەوە، ئەوا هیچ دوور نییە، جارێکی دیکە مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە.

ئەوەی لەم مێژووە فێری دەبین، ئەوەیە کە ئیسرائیل و ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە بەرانبەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەتایبەتی ئەو بزووتنەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە «مقاوەمەی ئیسلامی» بە هەر دوو مەزهەبی ئیسلامی سیاسیی «شیعە و سوننە»وە، خۆیان پێشوەختە ڕایانگەیاندووە کە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نین، بە زمانی دیالۆگ مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیل و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بکەن، هەتا ئەگەر ئەو هێزە ئیسلامییانە بگەنە ئەو قەناعەتەش کە بە دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکەن، بۆ نموونە وەك دانوستاندنەکانی نێوان ئەمریکا و هێزی تاڵیبان بە سەرپەرشتی قەتەر لە دۆحەی پایتەخت، بەڵام وەك سەرەنجام

**لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە تا ٧ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، هیچ بەرپرسێکی ئیسرائیلی بەو جۆرە ڕق و کینەیە لێدوانی نەداوە، بەپێچەوانەوە ئیسرائیل هەر داوای کردووە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی فەلەستین ئاسایی بکاتەوە**

بینیمان بە کارەساتێکی گەورە کۆتایی هات و بزووتنەوەی تاڵیبان ڕێزی لە ڕێککەوتنەکە نەگرت، لە ئێستاشدا وەك ڕۆژانە گوێبیستی دەبین، جارێکی دیکە ئیسرائیل و ئەمریکا داوایان لە قەتەر کردووە، کە ببێتە ناوبژیوان و لەگەڵ سەرکردەکانی حەماس بگاتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی بارمتەکانی هەردوولا ئازاد بکرێن.

لە ژینگەیەکی ئاڵۆز و پڕ مەترسی کە ئەم شەڕەی ئێستای ئیسرائیل و غەزەی پێدا بەڕێوە دەچێت، ڕاستە هەتا ئێستا چاوەکان هەمووی لەسەر غەزە و هێرشەکانی ئیسرائیلن بۆ سەر ئەو شارە، بەڵام مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە ژینگەیەکی هاوشێوەی هەشتاکانی شەڕی ئەفغانستان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە ئاراوە و تەنیا لە چوارچێوەی غەزە و فەلەستیندا نامێنێتەوە.

**● هەرێمی کوردستان**
**لەناو گێژاوی ئەم شەڕە کاولکارییەدا**

زانایانی زانست و فەلسەفەی سیاسەت هەروەها دیپلۆمات و سەرۆکی حکومەت و دەوڵەتەکان، ئەگەر لەسەر هەموو شتێك ناکۆك بن، بەڵام لەسەر ئەو چەمکە هاوڕا و کۆکن کە جیهانی ئێستا پێناسە دەکات، ئەویش «نەبوونی مەزندە و پێشبینییە بۆ ڕووداوەکان- Uncertainty»، هەر بۆیە ئەگەر تەواوی ڕووداوە سیاسییەکانی جیهان بە شەڕە کاولکارییەکانیشەوە، هیچ کەسێك نەتوانێت مەزندەی بۆ بکات، یان پێشوەختە خوێندنەوەی بۆ بکات، ئەوا هەموو ئەگەرەکان بۆ هەموو دەوڵەتانی جیهان کراوە دەبن، بۆ ئەمەش ئەگەر نموونەمان بۆ ئەم بارودۆخە هێرشەکەی ٧ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بێت بۆ سەر ئیسرائیل، ئەوا ئەم هێرشە تەواوی توانا گەورەکانی دەزگای هەواڵگریی «موساد»ی ئیسرائیلی خستە ژێر پرسیارەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە دەزگای هەواڵگریی «موساد» بانگەشەی ئەوەی دەکرد، بە تەواوەتی فەزای سایبەری (نەك لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان) کۆنترۆڵ کردووە. «ئیدوارد سنودن» ئەندازیارە جووەکەی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا کاتێك لە ئەمریکا هەڵات و چووە ڕووسیا، بینیمان ڕووسیا چ دەستتێوەردانێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکانی نێوان «ترەمپ و هیلاری کلینتۆن» ئەنجام دا و چۆن هەموو ئیمێڵەکانی هیلاری بڵاو کردەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم توانایە و گەورەیی ئەو دەزگایە، بێ ئاگابوو لەوەی کە چەکدارانی حەماس ئەو توانایەیان هەیە، کە پشتێنەی ئاسایشی ئیسرائیل بڕووخێنن.

لەناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆز و پاشاگەردانییەی جیهاندا، لەسەر ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان فەرز دەبێت کە لەڕوانگەی چەمکی «نەبوونی ڕوونی و پێشبینی بۆ ڕووداوەکان-uncertainty» هەڵسەنگاندن بۆ پێشهاتەکان بکەین و، ئەم واقیعە، قەوارە سیاسیی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، بۆیە گرنگە کە هەموو ئەو ئەگەرە کراوانەی لەم شەڕە دەخوێندرێتەوە، لە بەرچاو بگیرێت.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك هەڵوێستی فەرمیی هەرێمی کوردستان لە پاریسەوە ڕایگەیاند «بە شەڕ و کوشتار هیچ کێشەیەك چارەسەر نابێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئاگربەس و چارەسەری ئاشتییانەین لەسەر بنەمای دامەزراندنی دوو دەوڵەت»، ئەمەش هەڵوێستێکی زۆر گرنگ و ئەرێنییە و ١٢٠ دەوڵەتی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگیان پێ داوە، بە هەردوو دەوڵەتی «عێراق و ئێران»یشەوە، کە دەنگیان بە بڕگەی ئاگربەسەکە داوە و تێبینیی خۆشیان لەسەر هەندیك دەستەواژەی ناو بڕیارەکە تۆمار کردووە، هەتا ئێستاش نەك هەوڵیان نەداوە، ببنە بەشێك لەم شەڕە، بەڵکو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەیە کە نەبنە بەشێك لەم شەڕە و ئەم شەڕە بە زوویی کۆتایی بێت.

لە بەرانبەردا تەنیا ١٤ دەوڵەت دەنگیان لە دژی ئەم بڕیارە داوە، بۆ ئەوەی شەڕەکە بەردەوام بێت، هەروەها ٥٤ دەوڵەتیش دەنگیان نەداوە، کە بەشی زۆری ئەو دەوڵەتانەش بە ئێران و عێراق و تونسیشەوە، ڕوونکردنەوەی خۆیان نووسیوە، بەوەی پشتگیری لە بڕیارەکە دەکەن بۆ ئاگربەس، بەڵام تێبینیشیان لەسەر چەند بەشێکی دیکەی بڕیارەکە هەیە.

**سەرۆک بارزانی لە بەرگی شەشەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد» زۆر ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کردووە، ئەمریکا ئامانجی ئازادکردنی عێراقی نەبووە لە دیکتاتۆریەت، بەڵکو ئامانجی داگیرکردنی عێراق بووە و بۆ شەرعیەتدانیش بەم داگیرکارییە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی خۆی کرد بە «داگیرکار»**

**ئەمریکا دەوڵەتێکی فاشیلی لە عێراقدا دامەزراندووە و هەتا ئێستا تەواوی گەلانی عێراق باجی ئەو دەوڵەتە فاشیلە دەدەن**




ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، لە کۆی ١٨٨ دەوڵەت، ١٧٤ دەوڵەت لەگەڵ ئەوەیە کە دەبێت دەستبەجێ ئەم شەڕە ڕابگیرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە نیمچە کۆدەنگییەکی جیهانی هەیە، بۆ ئەوەی شەڕەکە ڕابگیرێت، ئەم نیمچە کۆدەنگییە لەگەڵ ئەوەی لە ئێستا نەیتوانیوە شەڕەکە ڕابگرێت، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا کاریگەری خۆی دەبێت.

هاوهەڵوێستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق و سەردانی محەمەد شیاع سوودانی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە حکومەتی فیدراڵیی عێراق جیا لەوەی نییەتی ئەوەی هەیە کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە چوارچێوەی دەستوور چارەسەر بکات، لە هەمان کاتیشدا مەبەستی ئەوەیە ئەو پرۆسەی دووبارە پەرەپێدانەوەی عێراق کە لە کابینەکەی سوودانی دەستی پێ کردووە، بەردەوام بێت و لەم شەڕەوە تێوە نەگلێت و بە هۆیەوە ئەم پرۆسەیە ڕابوەستێت. لەسەر ئاستی ناوخۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستانیش، یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و یەکڕیزیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەنگاوێکی دیکەی گرنگە بۆ ئەوەی لەم قۆناغە هەستیارەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕووداو و گۆڕانکارییانە بکرێت، کە ناوچەکەی گرتووەتەوە.

ئەو گۆڕانکاری و هەژانەی ئەم شەڕەی ئیسرائیل و حەماس لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێناویەتە ئاراوە و پێشبینی دەکرێت گۆڕانکاریی گەورەتریش بەدوای خۆیدا بهێنێت، بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە لەسەر ئەم ئاراستەی پێکەوە کارکردنە بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی تەنیا ئەم ئاراستەیە عێراق لەو شەڕە بە دوور دەگرێت و بەرەو ئاوەدانیی زیاتر هەنگاو هەڵدەگرێت.

**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک هەڵوێستی فەرمیی هەرێمی کوردستان لە پاریسەوە ڕایگەیاند «بە شەڕ و کوشتار هیچ کێشەیەک چارەسەر نابێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئاگربەس و چارەسەری ئاشتییانەین لەسەر بنەمای دامەزراندنی دوو دەوڵەت»**



جەنان جەبار

سەرۆکی پارتی ئەنجومەنی نەتەوەی کلدانی بۆ گوڵان:

# ئەگەر سەرۆک بارزانی نەبووایە بە هیچ جۆرێک ناو و مافی ئێمە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا دیاری نەدەکرا

**پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان بەشێکی ڕەسەن و دانەبڕاون لە هەرێمی کوردستان کوردستان کە بە (١١) کورسیی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بەشدارن، ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکو دەنگ و ڕەنگ و ژمارەکانیان بزر و پەرشوبڵاو نەبێتەوە. بۆ ئەوەی بزانین ئەو خاڵانە چی بوون وای کرد یاسای هەڵبژاردن هەموار نەکرێتەوە و، بۆ قسەکردن لەسەر کورسیی کۆتاکان و چەندین پرسی دیکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ جەنان جەبار سەرۆکی پارتی ئەنجومەنی نەتەوەیی کلدان ئەنجام دا.**

*** ئاشکرایە بەهۆی ئەوەی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ نەگەیشتە ئەو تەوافوقەی کە یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بەم هۆیەشەوە نەتوانرا هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، پرسیار ئەوەیە ئەو خاڵە ناکۆکانە چی بوون کە بوونە ڕێگر لەوەی یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە؟**

- خاڵە ناکۆکەکانی بەردەم هەمواركردنەوەیی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان زۆر بوون، بەڵام ئەوەی تایبەت بە کۆتاکان بوو، لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردستانەوە گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا، سەرئەنجام یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەیویست سیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ببێتە چوار بازنە و کورسیی کۆتاکانیش بە هەمان شێوە دابەشی سەر چوار بازنە بکرێت، گەرچی پاش چەندین کۆبوونەوە لەلایەن لایەن و حزبە کریستیانەکان، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکاندا نییە، بۆیە ئەو بۆچوون و سیستمەی یەکێتی دەیوویست قبووڵمان نەکرد، هەروەها خاڵێکی دیکەی ناکۆك لەسەر دەنگدانی تایبەت بوو، کە دەیانویست لەو دەنگدانەدا مەسیحییەکان دەنگ بۆ مەسیحییەکان بدەن، نەك دەنگدانەکە بەگشتی بێت، ئێمە ئەو بۆچوونەشمان پەسەند نەکرد، بۆ زیاتر تێگەیشتن و وردبوونەوە لەو ڕاوبۆچوونانە چەندین جار لەگەڵ یوئێن و کونسوڵگەرییەکانی وڵاتان کە لە هەولێرین، کۆبووینەوە، پاشان گەیشتینە ئەوەی یوئین و کونسوڵگەرییەکانیش پێیان ڕاگەیاندین ئەو بۆچوونانەی یەکێتی، بەتایبەت لەسەر دەنگدانی تایبەت دژی مافی مرۆڤە و ناتوانرێت ئیجباری ئەوە بکەین، کە دەنگی مەسیحییەکان تەنیا بۆ مەسیحییەکان بێت، بەڵکو ئێمە وەك مەسیحییەکان جەماوەر و دەنگدەرمان لە ناو خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی هەیە، بۆ نموونە یەکێکی وەك من خەڵك و جەماوەری دەشتی بەرانەتیی سەر بە پارێزگای هەولێر زۆر دۆستایەتی و تێکەڵاوییان لەگەڵم هەیە و دەنگیش بە ئێمە دەدەن، لەلایەکی دیکە ئێمە وەك مەسیحییەکان بەتایبەت وەك لایەنگرانی حزبەکەمان، کەسێکی کوردی موسڵمان کە زۆر نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی کورد و کوردستانە، ئەوە دەمانەوێت دەنگ بەوە بدەین، لەو سیستمەی کە ئەوان دەیانویست ئەوە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ئێمە بەشێوەیەکی بنبەست قبووڵمان نەکرد، گەرچی پاشان بۆ ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بە دۆست و لایەنگر و یوئێنیشمان گوت: ئەو خاڵەی کە دەڵێت دەنگدانی تایبەت مەسیحی بۆ مەسیحییەکان بێت قبووڵی دەکەین، تەنیا لە پێناو ئەوە بوو

**دەستکاریکردنی کورسیی کۆتاکان و سکاڵای دادگا، پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکانە و ئامانج لێی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنە**

**بە هیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەین کورسیی کۆتا دابەشی سەر چوار بازنە بێت، چونکە دەنگەکانمان بزر و پەرشوبڵاو دەبێتەوە**

**ئەو سکاڵایەی کە یەکێتی پێشکەشی کردووە زۆر مەترسیدارە، بەتایبەت لەسەر کۆتای پێکهاتەی تورکمان، کە وا دەکات ئەو پێکهاتە و نەتەوە ڕەسەنەی باشووری کوردستان نوێنەریان وەک کۆتا لە پەرلەمان نەمێنێت**

**تەنیا لە عەنکاوە چوار هەزار خێزانی کلدانی هەیە، جگە لە ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی، کەچی یەک کورسییان بۆ داناوە، بەڵام لە سلێمانی کەمتر لە ١٢٠ خێزانی مەسیحی هەیە دوو کورسییان بۆ داناوە**

قەوارەی هەرێمی کوردستان نەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە و پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك قبوڵ ناکەین کورسیی کۆتا دابەشی سەر چوار بازنە بێت، چونکە دەنگەکانمان بزر و پەرشوبڵاو دەبێتەوە، لە شارێکی وەك هەڵەبجە یەك خێزانی مەسیحی نییە و لە سلێمانی خێزانە مەسیحییەکان ژمارەیان ناگاتە (١٢٠)خێزان، هەروەها لە دوا هەنگاوی گفتوگۆیەکانی نێوان لایەن و حزبە کوردستانییەکان، جگە لە پارتی، هەموویان دەیانویست بۆ سیستمی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بگەڕێینەوە، کە لەو سیستمەشدا نەتەوەی تورکمان کۆتایان نییە و دەبێت لە هەڵبژاردنی گشتیدا بەشداری بکەن، بۆیە ئەمەش قبوڵ نەکرا، چونکە مافی نەتەوەیەکی ڕەسەنی کوردستان پێشێل دەکرێت.

*** گرنگیی دووبارە هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە چیدایە، ئایا وەك ئەندامێکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان چ لایەنێکی دیکە ئامادە و پەرۆشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە شوباتی داهاتوو ئەنجام بدرێت؟**

- ئێمە هەموومان وەك کوردستانی لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و هەموو شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بەشدار بووین، شەهید و خوێنمان بەخشیوە و گوندمان سووتاوە و وێران کراوە و ئەنفال و کیمیاباران کراوین، بۆ ئەوە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژان قەوارەیەکی وەك ئەوەی ئێستای کوردستان ببینین، ماوەی زیاتر لە ٣٢ ساڵە خاوەنی قەوارەیەکی ئازاد و سەربەخۆی خۆمانین و حوکمڕانییەکی دیموکراتیی نیشتمانیمان هەیە، بۆیە نامانەوێت جارێکی دیکە بکەوینەوە ژێردەستی و زوڵم و ستەمی شۆڤێنیی و تایفەگەرییەوە، هەر بۆیە بۆ پاراستنی ئەو قەوارەیە زۆر گرنگ و پێویستە بەزووترین کات هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەتایبەت لەبەر ئەو بارودۆخەی کە ئێستا بۆیان دروست کردووین، کە پەرلەمانمان نەماوە. سەبارەت بەوەی کێ پەرۆشە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت؟ بە دڵنیاییەوە ئێمەش زۆر پەرۆشین کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، هەرچەندە یەکێتی و هەندێك لایەنی دیکەش لە ڕووی میدیاییەوە دەڵێین هەڵبژاردن پێویستە و، گوایە ئەوان لە ناوەڕۆك و قووڵایی هەست و بیروباوەڕیانەوە دەیانەوێت هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام من دەڵێم نەخێر نایانەوێت پرۆسەی هەڵبژاردن لەو کاتەی کە بۆی دانراوە ئەنجام بدرێت، بەڵگەشمان زیاتر لەسەریان لەو سکاڵایەی ئەم دواییەیە لە دادگای فیدراڵی، کە مەبەستی سەرەکییان ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنە، چونکە سکاڵاکە بە هەرجۆرێك بڕیاری لەسەر بدرێت، وادەکات کۆمیسیۆن نەتوانێت بە تەواوی خۆی ئامادە بکات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، بۆیە ئەوەی من دەیبینم یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن پەرۆش نین، لەلایەکی دیکەوە ئەو سکاڵایەی کە یەکێتی پێشکەشی کردووە زۆر مەترسیدارە، بەتایبەت لەسەر کۆتای پێکهاتەی تورکمان، کە وا دەکات ئەو پێکهاتە و نەتەوە ڕەسەنەی باشووری کوردستان نوێنەریان وەك کۆتا لە پەرلەمان نەمێنێت.

*** خاڵی سەرەکیی ناکۆکی لە پرۆسەی هەمووارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن، کۆتای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بێجگە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای ئەوەیان دەکرد کە کۆتای پێکهاتەکان بەسەر هەر چوار بازنەی پارێزگاکاندا دابەش بکرێن، بۆچی ئێوە وەك پێکهاتەکان بەم دابەشکردنە ناڕازی بوون؟**

- ئێمە وەك پێکهاتەکان بەتایبەت مەسیحییەکان، بە هەموو لایەنەکانمان ڕاگەیاند کە دەتوانن سیستمی هەڵبژاردن بکەنە چوار بازنە و چەندین بازنە، هەر وەك هەڵبژاردنی بەغدا کە(١٨) بازنە بوو، کە بۆ کۆتاکان تەنیا یەك بازنەبوو، بەڵام بۆ ئێمە لەو کاتەی بکرێتە چوار بازنە، جگە لەوەی دابەشکردنە، هاوکات پەرشوبڵاوکردن و بزربوونی دەنگەکانی ئێمە و کۆتاکانە بەگشتی، چونکە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، ئێمە جەماوەر و دەنگدەرمان لە هەندێ شاری وەك هەڵەبجە و سلێمانی نییە، یان زۆر کەمە، لەلایەکی دیکەوە ئەو پێشنیارەی کە یەکێتیی پێشکەشی کردووە، زۆر ناڕەوا و پێشێلکردنی مافی پێکهاتەکانە،

بۆ نموونە کورسیی کۆتای کریستیانەکان کە (٥)کورسییە، دوو کورسی بۆ سلێمانی و دوو کورسی بۆ دهۆك و یەك کورسی بۆ هەولێر دانراوە، لەو دابەشکردنەدا بە تەواوی مەبەست و نییەتی یەکێتی دەردەکەوێت، بۆ ئەوەیە کە ئێمە نەبینە خاوەن کورسییە ڕاستەقینیەکەی خۆمان، چونکە دەنگ و قورسایی ئێمە لەسەر پارێزگای هەولێرە، پاشان دهۆك، ئەوان دەتوانن بە پشتبەستنی سەرژمێرییەك ئەو پێشنیارانە بکەن، بۆ نموونە لە ئێستادا تەنیا لە عەنکاوە چوار هەزار خێزانی کلدانی هەیە، جگە لە ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی، کەچی یەك کورسییان بۆ داناوە، بەڵام لە سلێمانی کەمتر لە ١٢٠ خێزانی مەسیحی هەیە دوو کورسییان بۆ داناوە، بۆیە دەپرسین ئایا ئەمە ڕەوا و هەقە، یان سڕینەوە و نەهێشتنی دەنگی ئێمەیە وەك پێکهاتەیەکی ڕەسەنی هەرێمی کوردستان؟.

*** بیانووی حزبە کوردستانییەکان بۆ دابەشکردنی کۆتای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان ئەوەیە کە دەڵێن: «ئەم کۆتایانە بەشێکن لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان» ئەمە لە کاتێکدایە نەتەوەکان جیاواز و ئایینەکانیش جیاوازن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئێوە چۆن سەیری ئەم خاڵە دەکەن، کە پشتگیریی فراکسیۆنی پارتی دەکەن؟ گریمان ئەو تۆمەتەی ئەوانە ڕاستە، ئێوە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە کام خاڵە هاوبەشەوە هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی لە لایەنەکانی دیکە بە باشتر دەزانن؟**

- ئەمەی ئەو لایەن و حزبانە دەیڵێن جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە لە کاتێکدا ئێمە لەگەڵ تۆ نەبین ئەوە دوژمنین، بەڵکو ئەوەی ئەوان باسی دەکەن شتێکی دیکەیە، لە هەموو دنیا بۆ پێکهێنانی حکومەت و تێپەڕەندنی یاسای نیشتمانی و بەرژەوەندییە باڵاکان، هاوپەیمانی هەیە، ئێمە کە هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، هۆکار ئەوەیە کە ئەو حزبە پشتگیری و داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان دەکات، بۆیە لەگەڵیاندا هاوپەیمانیمان کردوە، نەك ئێمە لەگەڵ ئەوانین بەبێ هیچ کار و بەرژەوەندییەك و دژی لایەنێکی دیکە بین، نەخێر هەموو لایەن و حزبە کوردستانییەکان ڕێزیان لامان هەیە، بەڵام بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەنووسسازمان لەگەڵ پارتی هەیە و من لێردا شاهێدییەکی دیکە دەدەم، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پارتی بە ئێمەی نەگوتووە لە فلانە کار و پڕۆژە دەنگ بە ئێمە بدەن، بەڵکو واقیع و کار و پڕۆژەکان، بەتایبەت ئەوانەی نیشتمانی و بەرژەوەندیی گشتییە، وای کردووە دەنگەکانمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و واقیعە ڕاستەقینەکە بێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەك کلدان هەرگیز ئەو وتار و بڕیارەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەبیر ناکەین کە لەکاتی شەڕی تیرۆریستانی داعش فەرمووی (ئێمە یان لەگەل یەکتر دەژین یان لەگەڵ یەکتر دەمرین)، هەروەها زۆرجار ئێمە باس لەوەش دەکەین کە ئەگەر جەنابی سەرۆك بارزانی نەبووایە، ئەوە ناو ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا نەدەبوو.

*** ئێوە وەك کریستیانەکان، بەتایبەت کلدانی، کە بەشێکی ڕەسەنی گەلی کوردستانن، مەزندەتان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان و بەشداریی کریستیانەکان لە حکومەتی داهاتووی کوردستاندا چۆن دەبینن؟**

- ئێمە وەك کلدان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەین، پێویستمان بەوەیە لەو کات و ساتەی کە بۆ پڕۆسەی هەڵبژاردن دیاری کراوە، هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، تاوەکو لەو بۆشایی یاسایی و بارودۆخە نەخوازراوەی هەیە، ڕزگارمان ببێت، داواکارین لە حزب و لایەنە کوردستانییەکان جەخت لەوە بکەنەوە ئەمڕۆ باشترە هەڵبژادرن بکرێت نەك سبەی، ئێمە لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقیش لیستێکی هاوپەیمانیمان لەگەڵ چەند لایەنێك بە ناوی (حامورابی) دروست کردووە، کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەین، هەرهەمان ئەو هاوپەیمانییە بەشدار دەبین لە هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستانیش، لەلایەکی دیکەوە هەموو کات ئێمە حکومەتی کوردستان بە هی خۆمانی دەزانین و بەشداریی کارای تێدا دەکەین.

**ئێمە کە هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە، هۆکار ئەوەیە کە ئەو حزبە پشتگیری و داکۆکی لە ماف و بەرژەوەندییەکانمان دەکات**

**ئێمە وەک کلدان هەرگیز ئەو وتار و بڕیارەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لەبیر ناکەین کە لەکاتی شەڕی تیرۆریستانی داعش فەرمووی (ئێمە یان لەگەل یەکتر دەژین یان لەگەڵ یەکتر دەمرین)**

**ئەگەر جەنابی سەرۆک بارزانی نەبووایە، ئەوە ناو ماف و بەرژەوەندییەکانمان لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا نەدەبوو**



ئەسکەندەر ڕەسووڵ

ئەندامی کڵێسا ئینجیلییەکان لە بەریتانیا و هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەڵویستی سەرۆک بارزانی بەرامبەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بنەمایەکی گرنگە بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و خۆشگوزەرانی

# کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری باشی بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان ئەنجام داوە

**پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا بووەتە ناسنامە و سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکانیش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ گرنگیدانی ڤاتیکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم پێکەوەژیانە. کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەکو لە کارنامەکەیدا هاتووە، کار بۆ قووڵکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەم پێکەوەژیانە دەکات و لەم پێناوەشدا هەنگاوی گرنگی ناوە. لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەسکەندەر ڕەسووڵ ئەندامی کڵێسا ئینجلییەکان لە بەریتانیا و هەرێمی کوردستان ساز دا.**

*** لە خێزانێکی سکۆتەلەندی لەدایک بوویت و خۆت و خێزانەکەت ماوەیەکی زۆر لە کوردستان ژیاون و شارەزاییت لە یەزدانناسی هەیە، سەرەتا دەکرێت بزانین تا چەند ئەو پسپۆڕایەتی و شارەزاییەت لە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی پێکەوەژیان بەکارهێناوە؟**

- من لە خێزانێکی سکۆتلەندیم و ساڵی ١٩٤٨ باوکم وەك ئەندازیارێکی شارستانی بووە، کە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق و لە هێڵی نەوتی کەرکووك بۆ بانیاس کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٧ هەر لە شاری کەرکووك لە دایکبووم و لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨ بە خێزانەوە چووینەتە شاری بەغدا، دوای چەند ساڵێك گەڕاینەوە بەریتانیا و چووینەوە بۆ سکۆتلەندا، بۆیە ژیانم لە سکۆتلەندا و بەریتانیا بردووەتە سەر و لەوێ درێژەم بە خوێندن داوە، لە ئەنجامدا لە وڵاتی بەریتانیا بەکالۆریۆسم لە کۆلێژی زانست بەشی فیزیا بەدەست هێناوە، پاشان بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لە یەزدانناسی (لاهوت) و زمانی عیبری و یۆنانی وەرگرتووە، لە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ من لە قاهیرە کارم دەکرد. کارەساتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە کاریگەری لەسەر چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی و شارستانی دروست کرد، منیش لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە پێویستیان بەو کەسانە بوو، زمانی عەرەبی بزانێت، هاتمە هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتکردنی ئەو گەلە ستەمدیدە و مرۆڤدۆستە، لە دەستپێکی کارەکانمان سێ مانگ لە زاخۆ و سێ مانگیش لە شارۆچکەی پێنجوین لەگەڵ

ڕێکخراوەکانی (ئۆپەریشەن میرسی و میدێر) کارم دەکرد، لە ئێستاشدا بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەلی کوردستان لە هەرێمی کوردستان و بۆ زیاتر گەشەکردنی پێکەوەژیان و ئاشتی و دادپەروەری لە خزمەتکردن بەردەوامم.

*** لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیان بووەتە یەکێك لەو کار و ئەرکانەی کە حکومەتی کوردستان زۆر گرنگی پێ دەدات، لە ئێستادا و چەندین ساڵە ئەو پێکەوەژیانە نەتەوەیی و ئایینییە بووەتە جێی سەرنجی جیهان و بە شێوەیەکی پێشکەوتوو و بەرجەستە دەبینرێت، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لەلای کریستیانەکانی وڵاتانیی پێشکەوتوو و ڕۆژئاوا چۆن سەیر دەکرێت؟**

- من بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی نموونەیەکی واقیعی بە کورتی باس دەکەم کە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆم لە شاری هەولێر بینیومە، لە ساڵی ١٩٩٣ بۆ ماوەیەك لە شاری هەولێر لە گەڕەکەکانی زانکۆ و ئیسکان نیشتەجێ بووم، پاشان هاتینە گەڕەکی شۆڕش نزیك کڵێسای ئاشووری، لەو گەڕەکانەی تێیدا ژیاوم، پاش ئەوەی لەگەڵ خەڵکەکە تێکەڵ بووین و یەکترمان ناسی، کە دراوسێمان هەبوو، کورد و تورکمان و ئاشووری و هتد بوون، بە شێوەیەکی گشتی دراوسێ و ئەوانەی ناسیمان لە هەموو پێهکاتە و نەتەوە و ئایینەکانی هەرێمی کوردستان بوون، بەتایبەتی لە گەڕەکی شۆڕش بینیمان بە واقیعی تێکەڵبوونی نێوان خێزانەکانی کورد و موسڵمان و کریستیانەکان زۆر ئاسایی بوو، پاشان پرسیمان گوتیان نەك لەو گەڕەکە بە تەنیا بەڵکو لە شاری هەولێر پەیوەندیی نێوان نەتەوەکانی وەك کورد و تورکمان و کریستیانەکان زۆر قووڵ بووەتەوە و ئاموشۆ و بەشداری خۆشی و ناخۆشیی یەکتر دەکەن، ئیتر بۆمان دەرکەوت ئەو پێکەوەژیانە هەر لە ئێستادا نییە، بەڵکو مێژووی بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە لە باشووری کوردستان، لە ڕاستیدا پێکەوەژیان پێویستی بە هەوڵ و کاری زۆر و گرنگ هەیە، ئەمەش لە هەرێمی کوردستان کراوە، بێگومان لەلایەن کریستیانەکانیش بە چاوێکی ڕێز و ستایشەوە ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان دەبینرێت، بەڵام هێشتا هەندێك کەموکووڕی بەدی دەکرێت، کە پێویستە بە هەموو لایەکەوە لە نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە و، ئەو کەلێن و گرفتانەی کە هەندێك جار بەدی دەکرێن، چارەسەری بنەڕەتی و یەکجارەکییان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە هەر نەتەوە و ئایینێك ڕێوشوێن و کەلتوور و مێژووی خۆیان هەیە. ئەو کەلێنە جیاوازنەی هەیە، دەتوانێت کێشەی لابەلا خۆی تێدا زەق بکاتەوە و ببێتە سەرئێشە بۆ بارودۆخە جوانەکان و ئەو سەقامگیرییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، لە لایەکی دیکەوە بۆمان دەرکەوتووە، کە چەندان کەس لە کریستیانەکان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستانییان بەشدارییان کردووە و لەو پێناوەشدا شەهید بوون، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە خوێنبەخشین لەپێناو نیشتمان ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە، ئەوەشە بووەتە هەوێنی برەودان و گەشەکردنی ئەو پێکەوەژیانەی لەو هەرێمەدا هەیە. چەندان کەسم ناسیوە و بۆم دەرکەوتووە، پێکەوەژیان لە نێوان کریستیان و کورد و موسڵمان و هەموو ئایین و ئایینزاکان وەك ئەرکێك ڕەچاو کراوە، بۆ ئەوەی بارودۆخی ئاشتی و لێبووردەیی و سەقامگیری بێتەدی. ئەو پێکەوەژیانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ڕاستە لە ناوچەکەدا نموونەیە، بەڵام وەك ئەوە نییە کە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا کە تێیدا سەد نەتەوە و زمانی جیاواز هەن، ئەگەرچی زۆر بە کەمی هەست بە جیاوازیی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دەکرێت، بۆیە دەبێت ڕاشکاو بین کە پێویستە و ئەرکە لەسەر هەموو لایەك و حکومەتی کوردستان زیاتر کار بۆ پتەوکردن و گەشەکردنی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بکەن، هەتا بگاتە ئەو ئاستەی کە پێویستە.

*** ئایا هاتنی قەداسەتی پاپا بۆ هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ بۆ هەموو کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان،تا چەند گرنگ بووە و بە ڕووداوێکی مێژوویی هەژمار دەکرێت؟**

- بێگومان هەر کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی کە دێتە هەرێمی کوردستان و هەر وڵاتێك گرنگە، بەتایبەت کەسایەتیی پاپا، چونکە لە هەموو

**لەو کاتەی مەترسیی تیرۆر لەسەر کریستیانەکانی بەغدا و مووسڵ و دەشتی نەینەوا بوو، سەرۆک بارزانی فەرمانی دا، هەموو دەرگا و سنوورەکان بە ڕوویاندا بکرێنەوە**

**باوکم وەک ئەندازیارێکی شارستانی بووە، کە لە کۆمپانیای نەوتی عێراق و لە هێڵی نەوتی کەرکووک بۆ بانیاس کاری کردووە**

**کارەساتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە کاریگەری لەسەر چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی و شارستانی دروست کرد**

**پێکەوەژیان پێویستی بە هەوڵ و کاری زۆر و گرنگ هەیە، ئەمەش لە هەرێمی کوردستان کراوە**

**لەلایەن کریستیانەکانیش بە چاوێکی ڕێز و ستایشەوە ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان دەبینرێت**

دونیا ڕێزێکی زۆر و تایبەت بۆ قەداسەتی پاپا دادەنرێت. هاتنی پاپا بۆ هەولێری پایتەختی کوردستان زیاتر بۆ ئەوە بوو، کە بە چاوی خۆی ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان ببینێت، بەڵام ئەوەی گرنگە زیاتر هاتنی هەر کەسایەتییەك بۆ کوردستان بە شێوەیەکی سادە و ساکار زیاتر سەرنجی خۆی دەنوێنێت و خزمەت بەو نیشتمانە دەکات.

*** ئایا پەیوەندیی نێوان مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- بە دڵنیاییەوە پەیوەندی و هاتوچۆ لەنێوان پیاوانی ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بەتایبەتی لەنێوان پیاوانی ئایینی کریستیان و مامۆستایانی ئیسلام و ئێزدی و ئایینەکانی دیکەش هەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییە نابێت لێرەوە ڕاوەستێت، یان تەنیا لە کاتی مەراسیم و بۆنەکان بێت، بەڵکو پێویستە پەیوەندی و تێکەڵبوونێکی تەواو و ڕۆحی هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو بەربەست و کێشانەی هەیە بتوێتەوە و نەمێنێت، بۆ نموونە من سەردانی مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لە مزگەوت و حوجرەکان دەکەم و لە لاشم کارێکی باش و ئاساییە، چونکە هەر دوولا لەسەر زۆر چەمك و بابەتی ئایینی گفتوگۆ دەکەین، بەڵام دەبینم هەمان ئەو کەسایەتییەی من لە مزگەوت سەردانی دەکەم، ئەو وەك من سەردانم ناکات، بە هەر هۆکارێك بێت و بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەم دەبینم خێزانە کریستیانەکان و موسوڵمانەکان لە هەرێمی کوردستان هاتوچۆی یەکتر بکەن، هەر چەندە لە هەندێك بۆنە و مەراسیمی خۆشی و ناخۆشیی یەکتر سەردان و هاوبەشی یەکتر دەکەن، بەڵام پێویستە پەیوەندیی نێوان کەسایەتی و خەڵکی ئاسایی ئایینەکان زیاتر و باشتر بێت، بەمەش پێکەوەژیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و چەقبەستوو زیاتر گەشە دەکات، هەتا ئەو ئاستەی کە خودا و پەیامبەرەکان ئاواتیان بووە. زۆر حاڵ و شوێنی جیاواز لە نێوان ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان ماوە بۆ نەهێشتن و کاڵبوونەوەی جیاوازییەکان، دەبێت هەموو کەس زیاتر لە ئایین و هاتنی ئایینەکان بۆ سەر زەوی تێبگات، بۆ ئەوەی کە خودا دەیەوێت لەنێوان گەلان و ئایین و ئایینزاکان بێتەدی، کە ئەویش ئازادی و ئاشتی و خۆشگوزەرانییە بۆ مرۆڤەکان، کە لەم خاڵەدا گرنگترین کار و پێداویستی دادپەروەری و سەقامگیریی یاساییە لەناو وڵاتەکەدا، کە ئەمەش هەتا ئێستا بەو شێوەیە نییە کە پێویستە بۆ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان.

*** ئایا چۆن سەیری کار و بەرنامەی کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی دەکەیت، لەلایەنی گرنگیدان بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانەوە؟**

- لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی نوێنەری کریستیان و ئێزدی و ئایینەکان دانراون، یان ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانەی وەك کریستیانەکان زیاتر گرنگییان پێ دراوە. لەو ڕێگایانەوە دەنگ و داواکاریی پێکهاتە ئایینییەکان دەگاتە سەرۆکی حکومەت. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کابینەکان بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمدا کاری باش و بەرچاوی بۆ هەموو ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی کوردستان ئەنجام داوە، چ لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی کڵێسا و مەزار و شوێنە ئایینییەکان و چ لە گەیاندن و دروستکردنی ڕێگا بۆ قەزا و ناحیە و گوندەکانی کریستیانەکان، هاوکات بوونی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا، کارێکی باشە کە بەم هۆیەوە لەلایەن کریستیانەکان بۆ مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان متمانەی زیاتر دروست دەبێت.

*** ئایا هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی چۆن دەخوێنیتەوە بۆ هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان؟**

- هەڵوێستی جەنابی مسعود بارزانی زۆر بەڕێزە و لە جێگای خۆی بوو، هەروەها بنەمایەکی گرنگە بۆ پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە و خۆشگوزەرانی، لە لایەکی دیکەوە لە مرۆڤدۆستی و شۆڕشگێڕی کوردانەوە هەر ئەو هەڵوێستە مرۆڤدۆستییە چاوەڕوان دەکرێت، هەروەك ئەوەی کە لەو کاتەی مەترسیی تیرۆر و تیرۆریستان لەسەر کریستیانەکانی بەغدا و مووسڵ و دەشتی نەینەوا بوو، سەرۆك بارزانی فەرمانی دا، هەموو دەرگا و سنوورەکان بە ڕووی ئەو کریستیانە ئاوارانەدا بکرێنەوە و لە هەرێمی کوردستان هەموو لایەك پێکەوە بژین و بمرن، کە ئەمەش لەبیر ناکرێت.

**چەندان کەس لە کریستیانەکان لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان بەشدارییان کردووە و لەو پێناوەشدا شەهید بوون**

**پێکەوەژیان لە نێوان کریستیان و کورد و موسڵمان و هەموو ئایین و ئایینزاکان وەك ئەرکێك ڕەچاو کراوە، بۆ ئەوەی بارودۆخی ئاشتی و لێبوردەیی و سەقامگیری بێتەدی**

**هاتنی پاپا بۆ هەولێری پایتەختی کوردستان زیاتر بۆ ئەوە بوو، کە بە چاوی خۆی ئەو پێکەوەژیانەی کوردستان ببینێت**

**بوونی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا، کارێکی باشە کە بەم هۆیەوە لەلایەن کریستیانەکان بۆ مانەوەیان لە هەرێمی کوردستان متمانەی زیاتر دروست دەبێت**

### پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

# ١٩٧ لیستێکە بۆ پێکەوەژیان و ئارامی و خۆشگوزەرانی

## پارتی لەکوێ بێت خۆشگوزەرانی و ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیان لەوێیە

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کە هاوکاتە لەگەڵ وەرگرتنەوەی بارەگا و لق و ناوچەکانی پارتی، گەرموگوڕییەکی زیاتر بە هەڵبژاردنەکان دەدات و، ئومێدێکیش بۆ هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەتایبەتیش لە ناو کورددا دروست بووە، بەوەی کۆتایی بەو زوڵم و پەراوێزخستنە بێت، کە لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە خەڵکی کەرکووك و تەواوی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری تووشی بوون. پارتی دیموکراتی کوردستان کە مێژوویەکی دەوڵەمەندی لە خەبات و قوربانیدان لەپێناو ئازادی و ڕێزگرتن لە پێکەوەژیان و لێبووردەییدا هەبووە، سەلمێنەری ئەوەیە پارتی لە هەر ناوچەیەکدا دەسەڵاتی هەبووبێت، ئاوەدان و سەقامگیر و ئارام بووە، یاسا سەروەر بووە و، هەموو نەتەوە و پێکهاتەکان بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشووری و ئایینزاکان، موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کاکەیی و...هتد، بێ هیچ گرفت و کێشەیەك مومارەسەی بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان کردووە. لە شارێکی وەکو کەرکووك کە مەلا مستەفا بارزانی بە دڵی کوردستانی داناوە، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە پارێزگارێکی بە زۆر سەپێندراو دانراوە و، کورد لە هەموو ماف و ئازادییەك بێبەش کراوە، تەنانەت ڕێگە نەدراوە ئاڵای کوردستان لە قوتابخانە و دامەزراوەکان و بگرە بارەگا حزبییەکانیشدا هەڵبواسرێت.

ئەمڕۆ دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی ڕۆڵ




و پێگەی خۆی لەناو لایەنە سیاسییەکانی هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هەیە و، لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی پەیوەندییەکی باشیان هەیە و ڕێگەیان نەداوە ئاستەنگەکانی بەردەم نزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا لەمپەر بێت، لە بەردەم لێکتێگەیشتن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان، باشترین دەرفەت دەست کورد و پێکهاتە ڕەسەنەکانی کەرکووك و مووسڵ و دیالە و تکریت و خانەقین کەوتووە، کە بە دەنگدان بە کاندیدەکانی پارتی، کۆتایی بەو هەموو زوڵم و تەعریب و گرفت و کێشانە بهێنن، کە ڕووبەڕووی خەڵکی بەشمەینەتی ئەو ناوچانە بووەتەوە.

لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە سەرجەم نەتەوەکانی کورد و عەرەب و تورکمانی پێك هاتووە، ئەو پێکهاتانەش باش دەزانن کە پارتی هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و برایەتی و ئاشتییە، پارتی لە هەر کوێیەك بێت، خۆشگوزەرانی و ئارامی و ئاسایش و سەقامگیری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بۆیە لەم هەڵبژاردنەوە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا پارتی پەیام و پڕۆژەی بۆ خەڵکی پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووك و دیالە هەیە و، ناوی کاندیدەکانیشی لەو ڕوانگەیەوە هاتووە، کە پارتی بڕوای بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی هەیە، کەرکووك و مووسڵ و دیالە لای پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگیی لە ڕاددە بەدەری هەیە و، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵەی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا

بۆ یەك ساتیش ئامادە نەبووە، سازش لەگەڵ کەسانێکدا بکات، کە شۆڤێنییانە هەڵسوکەوتیان دەکرد و، دامەزراوەکان و جومگە سەرەکییەکانی ئەم پارێزگا و شار و ناوچانەیان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ و قۆرخ کردووە. پارتی لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکان هەموو پێکهاتەکاندا تێدەکۆشێت، هەر بۆیە بە کردار لە ناو لیستی ژمارە ١٩٧دا کاندیدی کورد و عەرەب و تورکمان هەیە، تەنانەت لەو سەردەمانەشدا کە پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئەم شارانە بووە، ڕۆڵی هەبووە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو سەردەمانەش زۆر لە جومگە سەرەکییەکانی دامەزراوەکان بەدەست حزب و لایەنی سیاسیی دیکەوە بوون.

پارتی بە درێژایی خەباتی دانەبڕاوە لە دەشتی نەینەوا و ئازار و مەینەتییەکانی کوردی ڕەسەنی ئێزدی و کەرکووکییەکان و خانەقین و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، لەو کاتانەشی پارتی دەنگی زۆرینە بووە، بڕوای بە کاری دەستەجەمعی و تەبایی و یەکگرتوویی هەبووە و، لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەدا پێکەوە کاری سیاسییان کردووە. بۆیە کاندیدەکانی پارتی هەرچەندە وێنە و پۆستەرەکانیان دەدڕێنن و بە تیرۆری فکری هێرش دەکرێتە سەریان، بەڵام ئەوان بە ئیرادە و بوێرییەکی پۆڵایینەوە ئومێدیان بە دەنگەکانی نیشتمانپەروەر و خەڵکی مافخوراوی ئەم ناوچانە زۆرە، کە جارێکی دیکە پارتی بگەڕێتەوە و خەباتی مەدەنییانە و خزمەت پێشکەشکردن ئەنجام بدات. پارتی مەبەستیەتی دەنگدەری کورد دەنگ بە کاندیدەکانی حزبێکی کوردستانی بدات، کە مێژووی خەبات و قوربانیدان سەلمێنەری ئەوەن دروشمەکانی دەکاتە کردار و، لە خزمەتی پێکەوەژیان و ئاشتی و کاری دەستەجەمعی و تەبایی نێومالی کورددایە، شانازییە بۆ پارتی کە لە هەرکوێ بێت، خۆشگوزەرانی و سەقامگیری و ئارامی لەوێیە.

گۆڤاری گوڵان لەم ژمارەیەدا چەند دیدارێکی لەگەڵ کاندیدەکانی لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان سازداوە، لێرەدا پوختەی وتەکانیان بڵاو دەکەینەوە.

**ڕاڤە عومەر ڕۆژبەیانی**

**کاندیدی ژمارە ١ی لیستی (١٩٧)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای نەینەوا:**

# پارتی قسە و کرداری یەکە، بۆیە داواکارم لە هاووڵاتیان بە دەنگی خۆیان خزمەتگوزاری و ئاوەدانی و ئارامی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و دەنگ بە کاندیدەکانی لیستی ژمارە ١٩٧ بدەن

پارتی دیموکراتی کوردستان فریادڕەسی خەڵکی پارێزگا و دەشتی نەینەوایە و لە کاتی هێرشی داعشدا، لەسەر فەرمانی سەرۆك بارزانی هەموو دەروازەکان بە ڕووی خەڵکی نەینەوادا واڵا کران و هاوکاری و یارمەتی دران. بارزانی بۆ کوردانی ئێزدی و شەبەك و تەواوی نەتەوەکانی دیکەی عەرەب و تورکمان و مەسیحی، سەرکردەیەکی مێژوویییە و بە کردار سەلماندوویەتی تاچەند لەگەڵ ئاساییبوونەوە و ئاوەدانکردنەوەی شار و شارۆچکەکانی نەینەوادایە. ڕاڤە عومەر ڕۆژبەیانی کاندیدی ژمارە ١ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم

بارەیەوە گوتی: «پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزبێکی ئاسایی نییە، کە کاری سیاسی بکات، بەڵکو هەمووان لەم حزبەدا لە دەوری سەرۆك بارزانی کۆبووینەتەوە بۆ خزمەتکردن و هاوکاریکردنی خەڵکی لێقەوماو و پاراستنی ئارامی و ئاسایش، لە قۆناغە سەختەکاندا کە عێراق و ناوچەکە و کوردستان و بەتایبەتی پارێزگای مووسڵ پێیدا تێپەڕ بوو، ئەوە سەرۆك بارزانی بوو، بە کردەوە سەلماندی کە فریادڕەسی خەڵکی نەینەوا بووە، بەبێ جیاوازی، ئەو ئەندازیاری پێکەوەژیان و لێبووردەییە و کار دەکات بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی، لەم ڕوانگەیەوە هەر لیستێك بارزانی و پارتی دایناببێت، ڕەچاوی ئەم موزاییکەی نەتەوە و ئایین و ئاییینزاکانی کردووە و، کەسانی دەستپاك و دڵسۆزی تێدا بووە. من وەکو کاندیدی ژمارە (١) لە لیستی ١٩٧ لە پارێزگای نەینەوا، کە خۆم لە بواری خزمەتگوزاریدا کار دەکەم، باش ئەو ڕاستییە دەزانم، کە چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان چەند گرنگە، چونکە کاتێك هاووڵاتیان ڕەخنە و داواکارییان هەیە، بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، ئەوە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانە دەبێت ئەو خواست و داواکارییە بگەیەننە دامەزراوەکانی حکومەت و، بەردەوام چاودێری و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بکەن، بۆیە هەمووان ئەو ڕاستییە باش دەزانن، چەندە پارتی دیموکراتی کوردستان و کادیر و پێشمەرگەکانی لە ناوچەیەك زیاتر بن و نفووزیان هەبێت، ئەوا بێگومان ئەو ناوچەیە جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکە و، خەڵکەکەشی هەست بە ئارامی و سەقامگیریی زیاتر دەکەن، ئەی ئەوە نییە هەرێمی کوردستان بووەتە پێگەیەك بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی و لە هەر ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قوربانی و ئاوارە هەبێت، ڕوو لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دەکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرپرسیارێتی هەڵنایەت و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان دەدات، بە پێچەوانەی زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی دیکەوە کە تەنیا بە دروشم و فرمێسکی تیمساحی




پڕوپاگەندە دەکەن و خەڵکی فریو دەدەن، پارتی قسە و کرداری یەك،ە بۆیە لەلایەن زۆر لەو حزب و لایەنە سیاسییانەوە کە بە درۆ بانگەشەی خزمەتی خەڵکی دەکەن، دژایەتیی توندی دەکرێت، دەنگدەر و هاووڵاتیان دەتوانن ئەم جارە ئەو دەرفەتەمان بدەنێ و دەنگمان بدەنێ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە کادیرەکانی پارتی و کاندیدەکانی چ خزمەتکارێکی میللەتن، بەتایبەتی لە نەینەوا و دەشتی مووسڵ و گوێڕ و قەزا و ناحیەکانی پارێزگایەك، کە زەمەنێکی زۆرە بە دەست کەمیی خزمەتگوزاری و نائارامییەوە دەناڵێنێت و، پێویستی بەوە هەیە کە ئاوڕێکی لێ بدرێتەوە.




کاندیدی ژمارە ١٢ی لیستی ١٩٧ی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بارزانی وا چاوەڕوان دەکرێت، باشترین و زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەدەست بهێنین

کەرکووك و پارتی لەسەرجەم قۆناغە مێژووییەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا ئاوێتەی یەکتر بوون، شۆڤێنییەکان و نەیارانی کورد مەترسییەکی زۆریان هەبوو لە گەڕانەوەی بارەگا و لق و ناوچەکانی پارتی، چونکە دەزانن تەنیا حزبێك لە کوردستاندا سازش لەسەر کوردستانییەتی ئەو شارە ناکات و لە ١٦ی ئۆکتۆبەر ئامادە نەبوو، لە ژێر دەسەڵاتی پارێزگارێکی سەپێندراو و میلیشیاتە چەکدارەکاندا بمێنێتەوە، پارتیی بوو، لەم هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا ترسێکی زۆر لە نەیارانی کورد نیشتووە، بەوەی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگێکی زۆری ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بهێنن. بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی پارتی لە کەرکووك و پەیامی کاندیدەکانی پارتی، گۆڤاری گوڵان لێدوانێکی لە مامۆستا ئارەزوو جەبار شوانی کاندیدی ژمارە ١٢ی لیستی ١٩٧ی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای کەرکووك وەرگرت، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە کەرکووك و کەرکووکییەکان لە بارودۆخێکی نایاسایی و سەپێندراوی چەکداریدان و لە هەموو مافەکانیان بێبەش کراون، خزمەتگوزارییەکانی ئەم شارە پشتگوێ خراون، بەتایبەتی لە گەڕەکە کوردییەکان، ژمارەی فەرمانبەران و پۆستە ئیدارییەکان بۆ پێکهاتەی ڕەسەنی کورد لە کەرکووك زۆر کەم بووەتەوە، هەمووشتان بینیتان کاتێك گەنجەکانی کورد لە ڕێپێوانێکی ئاشتیدا چۆن گوللەباران کران، ڕۆژانەش جووتیارانی کورد لەم پارێزگایە دەکەونە بەردەم هەڕەشە و لێسەندنەوەی زەوییەکانیان، ئەمەش هەمووی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە ڕووی دا، ئەو دەمەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زەبری هێز داگیرکران، لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت بۆ یەك ڕۆژ و لە هیچ وێستگە و ڕووداوێکدا نەبووە پارتی حزووری بەهێزی نەبێت، پارتی تەنانەت بەرگری لە مافی تورکمان و عەرەب کردووە و ڕێزی زۆریشی لێ گرتوون، بەو پێیەی پارتی لەسەر ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی کار دەکات و، بەرگریکارە لە سەرجەم پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو کورد و کوردستانییەك و تەنانەت پێکهاتەکانیشە دەنگ بە حزبێك بدەن، کە سەرۆك بارزانی ڕابەرایەتی دەکات و، کار بۆ پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری دەکات، ئەوەتا تەنانەت کاتێك بارەگای سەرکردایەتی کە مافی خۆی بوو، بەپێی یاسا وەری بگرێتەوە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی کەرکووکییەکان و بە بێ جیاوازی پێشکەشی زانکۆی کەرکووکی کرد.

ئەگەر کورد دەنگ بە منی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بدات، ئەوا گەڕانەوەی مافی کوردان و ڕێزگرتن لە هەموو پێکهاتەکان لە ڕیزبەندی کارەکانمدا دەبێت، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو متمانەیەم پێ بدەن، ئەوا لەناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا پارێزەری سەرسەختی باشبوونی باروگوزەرانی خەڵك و ئاوڕلێدانەوە لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و دامەزراندنی گەنجەکان دەبم بەبێ جیاوازی. ئێمەی کادیرانی پارتی سەرۆك مەسعود بارزانی فێری کردووین لە خزمەتی هزری نەتەوایەتیدا بین، دۆسێی کەرکووك لە پەرلەمان و لە ناو هێزە سیاسییەکان و لە دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی سەرەکی ئێمەیە.

ئەوەندەی لە توانامدا بووبێت خزمەتی نەخۆشخانەی شێرپەنچەم کردووە، بۆیە لەم کاتی دەنگدانمدا گرنگییەکی زۆر بەم نەخۆشخانەیە و نەخۆشەکان دەدەم و پێم وایە کەرتی تەندروستی لەم شارەدا بە شێوەیەکی زۆر خراپ پشتگوێ خراوە. بەداخەوە لەم پارێزگایەی کەرکووکدا لەبەر نەبوونی دەرمان و چارەسەری لە نەخۆشخانەی شێرپەنچە، خەڵکی کەرکووك ڕوویان لە نەخۆشخانەی هیوا و نانەکەلی کردووە. خۆشبەختانە تێکڕای کورد لە شاری کەرکووك دڵخۆشە بە کردنەوەی بارەگاکانی پارتی، دوای ئەوەی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە لەبەر هەڵوێست و ڕۆڵی پارتی لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان داگیریان کردبوو. ئێمەی کاندیدانی لیستی ژمارە ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێنمان داوە، چاونەترسانە و زۆر بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە خزمەتی پرسی نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکەین، هەر بۆیە لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی سەرۆك بارزانی وا چاوەڕوان دەکرێت باشترین و زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەدەست بهێنین. لەسەرجەم هەڵبژاردنەکاندا بانگەشەی کادیر و کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بە هێمنی و دوور لە هەموو گرژی و توندوتیژییەك بووە، پارتی ڕێز لە هەموو بیروبۆچوون و هەڵوێست و ئایدیۆلۆژیاکان دەگرێت، ئەوەتا بەرانبەر بە وێنە دڕاندنی پۆستەرەکانی کاندیدەکانی پارتی هیچ کاردانەوەیەکی توندوتیژمان نییە، ئێمە بڕوامان وایە لە ڕووی کردارەوە خزمەتکار بین، نەك تەنیا خۆمان سەرقاڵی دروشم و ڕێکلامکردن بکەین. من بڕیارم داوە هەرچی وێنەیەکم دڕاوە و لابراوە، چیتر وێنە و پۆستەر دانەنێمەوە، بەڵکو ماڵ بە ماڵ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد گفتوگۆیەکی هێمنانە بکەین و لە خزمەتی خەڵکی خۆماندا بین.

مامۆستا حەسەن مەجید
کاندیدی ژمارە ١ی سەرۆکی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک بۆ گوڵان:

# دەنگدان بە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بۆ ئارامی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و پێکەوەژیان و سارێژکردنی برینەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر

سارێژکردنی برینەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و ناسەقامگیری و نائارامی لە کەرکووک بە دەنگدان دەبێت بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتەی لە سەرجەم ناوەندەکان و دامەزراوە پەرلەمانی و حکومی و جەماوەرییەکاندا کار بۆ پێکەوەژیان و گەیاندنی خزمەتگوزاری دەکات بۆ کەرکووک، گۆڤاری گوڵان لێدوانێکی لە مامۆستا حەسەن مەجید کاندیدی ژمارە ١ی لیستی ١٩٧ی کەرکووک وەرگرت. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.

هیچ لایەن و حزبێکی سیاسی لە پێش پارتی قوربانیی بۆ کەرکووک نەداوە. مەلا مستەفا بارزانی لەپێناو کەرکووکدا ئامادە نەبوو سازش بۆ دەسەڵاتی ئەو کاتی عێراق بکات، کەرکووک لای ڕێباز و عەقیدەی بارزاندا بووەتە ڕەمز، چونکە ئەو ڕێبازە لە هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و خزمەتکردنی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆک و سیمبولی نەتەوەیی کورد، ئەو هەموو خەبات و قوربانییەی دا و ڕووبەڕووی گەورەترین هێز و نەیارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەوە، هەمووی لەپێناو کەرکووک و خەڵکەکەیدا بووە و، بارزانی ئامادە نەبوو، دەست لەسەر بستێك خاکی پیرۆزی کەرکووک هەلگرێت. خزمەتکردنی بارزانی بۆ کەرکووکییەکان تەنیا بۆ گەلی کورد نەبووە، بگرە بۆ هەموو پێکهاتەکانی بە کورد و عەرەب و تورکمان و مەسیحییەوە بووە، ئەوەتا لەناو لیستەکەیدا لە هەموو نەتەوەیەکی خەڵکی ناو کەرکووک کاندید هەیە. هەموومان شەڕی داعشمان لەبیرە کە جەنابی بارزانی خۆی هاتە کەرکووک بۆ بەرگریکردن لە خەڵك و ڕێگەی نەدا ئەو شارە بکەوێتە ژێر دەستی داعشەوە، بۆیە دروشم و پەیامی ئێمە لە لیستی ١٩٧ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوورییە بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی کەرکووک و پاراستنی لە هەموو ململانێیەکی مەزهەبی و میلیشیاتی و گەڕانەوەی مافی خەڵکەکەی، ناکرێت چیتر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە وا دوابخرێت و شاڵاوی تەعریبکردنی کەرکووک بەردەوام بێت، جێبەجێکردنی ئەم ماددە دەستوورییە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری و ئارامی لە هەموو عێراقدا، بۆیە پارتی ئەم جارە لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا کار بۆ ئاساییکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان دەکات و کار بۆ سەقامگیری و ئارامیی خەڵك دەکات.

خاڵێکی دیکەی گرنگ بابەتی جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانە کە کەرکووک زۆر لێی بێبەش بووە و لە زۆر ڕووەوە فەرامۆش کراوە، هەروەها ئێمە لە لیستی ژمارە ١٩٧ پەیامی هاریکاری و پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانمان پێیە، پەیامێك پارتی بە کردار سەلماندوویەتی کە پارێزەری پێکەوەژیان و لێبووردەییە، نەك تەنیا لە ناو کوردستاندا بەڵکو




لەناو هەموو عێراقدا، ئامانجی لیستی ١٩٧ی پارتی خۆشگوزەرانی و دابینكردنی هەلی كارە بۆ هەمووان و گرنگیدانە بە خوێندنی كوردی لە كەركووك و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، من لە بیرمە كاتێك كەركووك ئازاد كرا و ڕژێمی بەعس كۆتایی هات، ئەمریكییەكان پێیان دەگوتین نابێت ژمارەی قوتابخانە كوردییەكان لە شارەكەدا زیاد بێت، ئەوە پارتی بوو كە فشاری هێنا و لە ڕێگەی دامەزراندنی مامۆستایان و دابینكردنی پێداویستیی قوتابخانەكانەوە پەرەی بە خوێندنی كوردی لە كەركووك دا، كە ٥٣٥ قوتابخانە لە شاری كەركووك و دەوروبەری بە زمانی كوردی كرایەوە، پێشكەشكردنی بارەگای ئەنجومەنی سەركردایەتیی پارتی بە زانكۆی كەركووك، جوانترین و نزیكترین بەڵگەیە بۆ خزمەتكردنی كەرتی خوێندن لە كەركووكدا لەلایەن خودی سەرۆك بارزانییەوە، بەڕێزیان خۆی بە پێشمەرگە و پارێزەری حەرەمی زانكۆ دەزانێت، بۆیە دەنگدان بە لیستی ١٩٧ی پارتی دیموكراتی كوردستان دەنگدانە بۆ ئارامی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و پێكەوەژیان، با ئەوەی لە هەولێر و دهۆك و ناوچەكانی دیكەی كوردستان كراوە، بگاتە كەركووك و كەركووكییەكان بۆ سارێژكردنی برینەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەر.

**مافپەروەر جەمیل سەفوەک موراد**

**کاندیدی ژمارە ۲۱ی لیستی ۱۹۷ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای نەینەوا بۆ گوڵان:**

# داوا لە کوردانی ئێزدی دەکەم بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی ١٩٧ی پارتی بدەن کە داکۆکیکار و پارێزەری مافەکانی کوردانی ئێزدییە

**کوردانی ئێزدی سەرۆك بارزانی و پارتی بە داکۆکیکاری ڕاستەقینەیان دەزانن، ئەوان باش دەزانن پارتی واتا پارێزەری پێکهاتەکان و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان و واتای پێکەوەژیان و لێبووردەییە، لە ژیانی ئاوارەیی و لە کاتی جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزدیدا، ئەوە بارزانی بوو هەموو سنوورەکانی واڵا کرد و خێزانەکانی کوردانی ئێزدیی لەئامێز گرت، لە ئێستاشدا بە گەڕانەوەی پارتی بۆ ناوچەکانیان و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان، شنگال و دەوروبەری ئاوەدانی و سەقامگیری بەخۆیانەوە دەبینن، چونکە تا گرووپ و هێزی نانیزامی و بیانی لە شنگالدا بێت، مەرگەساتی کوردانی ئێزدی بەردەوام دەبێت، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ مافپەروەر جەمیل سەفوەت موراد کاندیدی ژمارە ٢١ی لیستی ١٩٧ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای نەینەوا ساز دا. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

هەڵبژاردن لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە موماەرسەی دیموکراتی و مافی سرووشتی و ئاسایی تاکەکانە، بۆ دەنگدان بەو کاندید و لایەنەی کار دەکەن بۆ گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران، پارتیش لەم پێناوەدا سەلماندوویەتی کە لەسەر ڕێبازی بارزانی ڕێز و خۆشەویستی بۆ سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی لە کوردستان و عێراقدا هەیە. پارتی پەیوەندییەکی ڕۆحیی لەگەڵ خەڵکی نەینەوا و بەتایبەتی لە دەشتی نەینەوا هەیە، لە کاتی هێرشەکانی داعشدا سەرۆك بارزانی پارێزگاری لە سەرجەم خەڵکی مووسڵ کرد و جیاوازیی نەکرد لە نێوان کورد و عەرەب و مەسیحی و ئێزدی و موسڵمانێکدا، بۆیە خەڵکی مووسڵ بە گرنگییەوە دەڕواننە ڕۆڵ و پێگەی بارزانی لە دەشتی نەینەوا و پارێزگاکە بەگشتی. لەم هەڵبژاردنەشدا کە پارتی بە لیستێکی بەهێز بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا دەکات، کە نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکان لەخۆدەگرێت و چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دیاری دەکات، بە هەمان شێوەش بەرگری لە چارەنووسی ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی نەینەوا و دەشتی مووسڵ دەکات، چونکە پارتی لە کوێ بێت، ئاوەدانی و هەلی کار و خۆشگوزەرانی لەوێ هەیە.




من وەکو کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێم: دەنگدان بە پارتی گەڕانەوەی ئەمن و ئاسایش و پاراستنی کوردانی ئێزدییە لە شنگال و ناوچەی دەشتی نەینەوا، پارتی لەپێناو گەڕانەوەی چیای شنگال و شاری شنگالدا شەهید و قوربانیی زۆری پێشکەش بە خەڵکی شنگال و دەشتی نەینەوا کرد، هەروەکو چۆن لە ژیانی ئاوارەییدا سنوورەکانی کوردستانی والا کرد، لە بەردەم کوردانی ئێزدی و پاراستنیاندا، لە ئێستاشدا پارتی لە ڕیزبەندی یەکەمی هێز و لایەنە سیاسییەکان دێت، کە بەرگری لە مافە دەستووری و یاساییەکانی خەڵکی شنگال و دەشتی نەینەوا دەکات.

دەنگدان بە لیستی پارتی، شنگال و تەواوی ناوچەکانی کوردانی ئێزدی ئاسایی دەکاتەوە و شوێنی ژیانیان ئاوەدان دەکاتەوە و ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی کوردانی ئێزدی دەکات بۆ ناوچەکانیان، کە گرووپی چەکدار و هێزی بیانی تێیدا ڕێگرن لە بەردەم ئەم خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و ئاساییکردنەوەیەدا، هەر بۆیە ئاستەنگیان لە بەردەم جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال داناوە، ئەمەش وا دەکات، هەموو ئەو هێزە نانیزامی و بەدەر لە یاسایانە ناوچەکانمان پەلکێشی شەڕێکی ئیقلیمی بکەن و ئەوەش وڵاتێکی وەکو تورکیا وا لێ دەکات، بەردەوام بێت لە هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی بۆ بۆمببارانکردن، کە یەکێکە لە گەورە وڵاتانی ئەندام لەناو هێزی ناتۆدا، ئێمە لە ژیانی ئاوارەیی و پڕمەینەتیدا پارتی فریامان کەوت، بۆیە داوا لە کوردانی ئێزدی دەکەم بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەنگ بە لیستی ١٩٧ی پارتی بدەن، کە داکۆکیکار و پارێزەری مافەکانی کوردانی ئێزدییە، کاندیدەکانی پارتی دەتوانن ڕۆڵی پارێزەر و بەرگریکار لە کوردانی ئێزدی و سەرجەم پێکهاتەکانی دیکە بگێڕن، چەندە کاندیدەکانی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ژمارەیان زیاتر بێت، ڕۆڵیان لە ناو حکومەتی خۆجێیی پارێزگای نەینەوا زیاتر دەبێت و کاری زیاتر دەکەن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و جێبەجێکردنی پڕۆژەکان و بۆ گەیاندنی دەنگ و داواکاریی کوردانی ئێزدی بە پارێزگا و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.



پرۆفیسۆر دکتۆر حوسێن تۆفیق

شارەزا لە بواری یاسای بازرگانی بۆ گوڵان:

# بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان، پێویستە شەڕی کورد لە بەغدا لە ناو دەستوور و دامەزراوەکانی عێراقدا بێت

# بۆ سەرکەوتن بەسەر شەڕی ئابووریدا پێویستمان بە شەفافییەت و دیپلۆماسییەتێکی ژیرانە هەیە

**عێراقی نوێ کە لەسەر بنەمای (هاوبەشی و تەوافوق و یەکسانی) دامەزراوە و، بەپێی دەستوور هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیدا، کەچی هەندێك لایەنی سیاسی لە عێراقدا بە پشتبەستن بە ئەجندەی دەرەکی، وڵاتەکەیان بەرەو سەنترالیزمی توندی مەرکەزی بردووە، ماوەیەکی زۆریشە شەڕێکی ئابوورییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەست پێکردووە، بۆ ئەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر حوسێن تۆفیق فەیزوڵڵا پسپۆڕ و شارەزا لە بواری یاسای بازرگانی ساز دا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

* لە ئێستادا هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن، کە هەندێك لایەنی سیاسی چەکی ئابووری دژی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنن و، شەڕی ئابوورییان دژی قەوارەی هەرێم دەست پێکردووە، ئایا ئەم شەڕە ئابوورییە ناوی دەنێیت چی و تا چەند مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە؟

- کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە هەندێك لایەنی سیاسی هەیە لە عێراقدا، کە هەرگیز بڕوایان بە فیدراڵییەت و پێکەوەژیان و ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان نییە، لە ڕوانگەی پشتبەستن بە ئەجندەی دەرەکییەوە هەنگاوەکانیان دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانیش دەنێن و بڕیاری نایاسایی دەدەن، بەڵام ئەمە دیوێکی کێشەکەیە و دیوەکەی دیکە لای خۆمانە، کە خۆی لە ناتەبایی و نەبوونی یەکدەنگی و نەشارەزایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا دەبینێتەوە، دەبووایە لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە هەنگاوەکانی سەربەخۆیی ئابووریمان بە ئاراستەیەکی هەڵەدا نەبردایە، دەبووایە هەنگاوەکانمان ژیرانەتر و واقیعبینانەتر بوونایە، بۆ ئەوەی ئەم لایەنە سیاسییانە و زۆر لە وڵاتانی ئیقلیمییش نەیانتوانیبایە شەڕی ئابووری لە دژمان ئەنجام بدەن.

من ناچارم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان کەمێك بچمەوە بۆ دواوە و بۆ ئەو سەردەمەی کە سەربەخۆیی ئابووریمان ڕاگەیاند، نەوتی هەرێمی کوردستانمان دەرهێنا و بەرە و دەرەوەمان هەناردە کرد، ئەو دەمە لە دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا ئاماژەم بەوە کرد، کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە سەربەخۆیی ئابووری کارێکی باشە، بەڵام ئایا پرسیارمان لە خۆمان کردووە، کە دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان چ جۆرە ستراتیژییەت و پلان و دیدگایەکیان بۆ ئاستی تێگەیشتن لە ئابووریی سەربەخۆ هەیە، هەتا بەو پێیە ئابووریی سەربەخۆیی بونیاد بنرێت، نەوەکو تەنیا ڕابگەیەنرێت؟ سەربەخۆیی ئابووری ئەوە نییە چاڵێکی نەوتمان هەبێت و نەوتەکەی دەربهێنین و بیفرۆشین بە دەرەوە، سەربەخۆیی ئابووری بابەتێکی فەلسەفی ئابووریی زۆر فراوان و ئاڵۆزە، دەبێت ژێرخانی ئابووری و ستراتیژیەت و دیدگە و سیاسەتی ئابووری و ئامانجەکانمان لەناو پلان و بەرنامە حکومییەکاندا ڕوون و دیار بێت، هەروەکو چۆن دەبێت شارەزایانی دەستووری و یاسایی ئەم ڕۆژەیان جوان لەبیر بووایە کە عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ڕووی دەستوور و یاساوە بۆ بەرژەوەندیی

**پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی جیهان بەستراونەتەوە بە بەرژەوەندییە ئابوورییە زۆر تایبەت و دووقۆڵییەکانەوە، کە لە کاتی ئێستادا بە ڕووی عێراقدا وەرچەرخاوە**

**چۆن دەبێت بۆ دابینکردنی مووچە و پشکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی کەسانێک بین کە لە بنەڕەتدا خۆیان کار بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن**

**کاتێک باس لە هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت، ڕاستەوخۆ شیعەکان و سوننەکانیش باس لەوە دەکەن کە دەستوور لە بارودۆخێکی کتوپڕ و لە کاتی داگیرکردنی عێراقدا نووسراوە**

**هەر دەستکاریکردنێکی دەستوور لەم قۆناغەدا مەترسییەکی گەورەیە، چونکە لەم قۆناغەدا شۆڤێنییەتی قەومی و مەزهەبی زاڵە و بە زۆرینە هەموو یاسا و بڕیارێک لە پەرلەمان لەسەر حیسابی فیدراڵییەت و مافە دەستوورییەکانی کورد تێدەپەڕێندرێت**

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی ئابووری و گەمارۆ دژ بە کوردستان، نابێت پشت بە کەسان و بەرپرس و پەرلەمانتارێک ببەستین کە بە هەڵەماندا دەبەن**

**ئەگەر لەم یەک دوو ساڵەی ڕابردوودا هەندێک هەنگاو بەرە و فرەچەشنکردنی ئابووری و دەربازبوون لە تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت نەنرایە، دۆخەکە زۆر لە ئێستا خراپتر دەبوو**

**زۆرجاریش هەر بڕیار و هەڵسوکەوتێک لە وەزیر و دامەزراوەیەکەوە دەردەچێت، لەژێر فشاری ئەجێندەی وڵاتانی ئیقلیمییەوە بووە**

خۆیان ئیجتیهادات بۆ ئەم دەستوور و یاسا کاڵ و کرچە دەکەن، تەنانەت وڵاتێکی وەکو تورکیاش دەتوانێت بە میزاجی خۆی نەوتەکەت ڕابگرێت، خۆ ئەگەر بەرژەوەندیی خۆی نەبوایە، هەر پێش بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانانی پاریس نەوتەکەی ڕادەگرت. دواجار نەوتەکەمانیان ڕاگرتووە و مووچە و بودجەکەش نانێرن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بێدەنگە، هەر لەگەڵ یەکەم لاوازبوونمان دۆستەکانمان ڕوویان لە عێراق کرد، هەرخۆی لە خۆیدا پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی جیهان بەستراونەتەوە بە بەرژەوەندییە ئابوورییە زۆر تایبەت و دووقۆڵییەکانەوە، کە لە کاتی ئێستادا بە ڕووی عێراقدا وەرچەرخاوە. زۆر جار کەسانێکی دەسترۆیشتوو لە ناو حکومەت و حزبەکاندا حەزیان بەوە نەکردووە، ئابووریی کوردستان بەشێك بێت لە ئابووریی دەوڵەتی عێراق، ئەمەش مافێکی ئاساییە بەو پێیەی ئەزموونی ڕابردوومان ئەو حەزەی بۆ دروست کردووین، بەڵام هەنگاوەکانی سەربەخۆیی ئابووری ڕۆئیا و پێشهات و پێشبینییەکانی لەگەڵدا نەبووە، ئەگەر هەشبوویێت، نەمانزانیوە بەڕێوەبردنی مەترسییەکان بکەین و پێش شەڕە ئابوورییەکە خۆمان بەهێز بکەین، چۆن دەبێت بۆ دابینکردنی مووچە و پشکی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی کەسانێك بین کە لە بنەڕەتدا خۆیان کار بۆ لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆیە ئەگەر پلانی B نەبێت و یەکگرتوو نەبین، بەڵێ، مەترسیی شەڕی ئابووری لە دژمان مەترسییەکی گەورەیە.

*** کەواتە لایەنی سیاسیی وا هەیە لە بەغدا لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و ئابووری دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکات، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم دژایەتییەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین؟**

- عەقڵییەتی مەرکەزی لە عێراقدا مێژووەکەی بە قەد مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقە، ئەوەتا کاتێك باس لە هەموارکردنەوەی دەستوور دەکرێت، ڕاستەوخۆ شیعەکان و سوننەکانیش باس لەوە دەکەن کە دەستوور لە بارودۆخێکی کتوپڕ و لە کاتی داگیرکردنی عێراقدا نووسراوە، بە واتایەکی دیکە ئەوان خوازیاری ئەوەن دەستوور بەو جۆرە هەموار بکەنەوە کە مەرکەزییەتەکە بەهێزتر بکات و قەوارەی هەرێم و فیدراڵییەت لاواز بکات، من وەکو کەسێکی شارەزا لە دەستوور و یاسای بازرگانی، باش دەزانم کە دەستوور بۆ ڕازیکردنی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (شیعە و کورد و سوننە) و ئەمریکا و هەندێك وڵاتانی ئیقلیمی نووسراوەتەوە و پەسەند کرا، بەڵام هەر دەستکاریکردنێکی دەستوور لەم قۆناغەدا مەترسییەکی گەورەیە، چونکە لەم قۆناغەدا شۆڤێنییەتی قەومی و مەزهەبی زاڵە و بە زۆرینە هەموو یاسا و بڕیارێك لە پەرلەمان لەسەر حیسابی فیدراڵییەت و مافە دەستوورییەکانی کورد تێدەپەڕێندرێت.

بۆیە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان هەروا ئاسان نییە، لە کاتێکدا ئێمە کەوتووینەتە ناو کێشەیەکی دارایی و پاشگەزبوونەوەی عەقڵییەتی فیدراڵی، کەچی لەبری ئەوەی گرفت و کێشەکان بە شێوەیەکی دەستووری و یاسایی چارەسەر بکرێت، دەچین بە شێوەیەکی ڕێککەوتنی سیاسی هەوڵ بۆ چارەسەرەکان دەدەین، لە مێژووشدا دەرکەوتووە، عێراق بەردەوام لە ڕێککەوتنە سیاسییەکان و دانوستانەکاندا پاشگەز بووەتەوە و جێبەجێیان نەکردووە، لە دونیاشدا هەروا بووە، ڕێککەوتنی سیاسی و کەسی و حزبی ئەگەری هەیە، هەڵبوەشێتەوە، یان هەموو بڕگەکانی جێبەجێ نەکرێت، ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە وەکو ئەو ڕێککەوتنانە نییە کە پاڵپشتە بە دەقە دەستووری و یاساییەکان، ڕاستە هێشتا مادده و بڕگە دەستووری و یاساییەکان بە دڵی ئێمەی کورد نییە، بەڵام مادام لە چوارچێوەی عێراقداین و ئێمەش دەنگمان لەسەر داوە، دەبێت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ دەقە دەستووری و یاساییەکان و حکومەتی عێراق و پابەند بین بە جێبەجێکردنی.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی ئابووری و گەمارۆ دژ بە کوردستان، نابێت پشت بە کەسان و بەرپرس و پەرلەمانتارێك ببەستین کە بە هەڵەماندا دەبەن، وەکو ئەوەی وا لە سەرکردایەتیی کورد گەیەندرابوو کە ئەگەر نەوت دەربهێنین و بەو شێوەیە گرێبەست بکەین و هەناردەی دەرەوەی بکەین و بیفرۆشین، ئەوا

دەتوانین سەربەخۆیی ئابووری ڕابگەیەنین و پێویستیمان بە عێراق نابێت.

خۆ ئەگەر لەم یەك دوو ساڵەی ڕابردوودا هەندێك هەنگاو بەرە و فرەچەشنکردنی ئابووری و دەربازبوون لە تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت نەنرایە، دۆخەکە زۆر لە ئێستا خراپتر دەبوو، ڕەنگە جێبەجێکردنی حوکمی دەستووری باشترین ڕێگە چارەی ئێستا بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو فشارە زۆرەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. لێرەوە هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ناو جەرگەی بەغدا و بە پشتبەستن بە دۆستەکانمان لە عێراق و هاوپەیمانەکان دەست پێ دەکات، ئەمەش پێویستی بە شەفافییەت و ڕاستگۆیی هەیە، تاوەکو ڕێگە نەدەین بە وانەی پڕوپاگەندەی ئیعلامی لە دژی هەرێمی کوردستان دەکەن، سەرکەوتوو بن، ئالێرەدا پێویستیمان بەوە هەیە ناوبەناو دەستەبژێری سیاسی و بەرپرسانی کورد لە سەرەوەی هەرەمی حزبەکانیان پێکەوە سەردانی بەغدا بکەن و، نوێنەرانی کورد و کوردستانییەکان بجووڵێنن و پاڵپشتییان بکەن، بەوەی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد پێکەوە تێبکۆشن و حزبە کوردستانییەکانمان لە بەغدا دەستبەرداری ململانێکانیان بن، ئەمەش پێویستی بە دیپلۆماسییەتێکی ژیرانە و بەردەوام هەیە لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکان و وڵاتانی ئیقلیمی.

*** باسی حکومەتی عێراقت کرد، کە دەبێت پابەندی جێبەجێکردنی مادده دەستووری و یاساکان بێت، پێت وانییە لە غیابی دامەزراوەی ڕاستەقینە مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادگایەکی سەربەخۆ، ئەم پابەندبوونە کارێکی زەحمەتە؟**

- لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ دەوڵەت وەکو دامەزراوە لە عێراق دانەنراوە، بۆیە ئەم دامەزراوانە ئامانجێکی دیکەیان هەیە، ئەویش مۆنۆپۆڵکردنی دامەزراوەکانە هەر یەکە بەدەست حزب و لایەنی سیاسی و شەخسێکەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەجیندای تایبەتی خۆیان، زۆرجاریش هەر بڕیار و هەڵسوکەوتێك لە وەزیر و دامەزراوەیەکەوە دەردەچێت، لەژێر فشاری ئەجیندەی وڵاتانی ئیقلیمییەوە بووە، بۆیە لە کاتێکدا هەردوو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکەی کوردستان (پارتی – یەکێتی) کاتێك چوونە ناو هاوپەیمانێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە باڵادەستە تێیدا، کەچی ئەو لایەنانە دژایەتیی هەرێمی کوردستانیان هەڵبژاردووە و بەردەوام ئاستەنگ بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخەکە دروست دەکەن. پێم وایە شەڕی گەمارۆدانی ئێران لەلایەن ئەمریکا و ململانێی ئەو دوو زلهێزە لە عێراقدا، بەتایبەتی کە ئێران نفووزێکی زۆری لە عێراق هەیە، ئەمە کاریگەریی لەسەر ئابووری و دارایی عێراق و کوردستان هەیە. ململانێ ئابووری و دارایی و شەڕە ساردەکەی ئەمریکا و ئێران لەسەر حیسابی ئابووریی عێراق و کوردستانە، هەروەکو چۆن بە ڕوونی لە هەڵکشانی بەهای دۆلار بەرانبەر دیناری عێراقی و ناسەقامگیریی بەهاکەیدا دیارە، کە ئێران تەمویلی وڵاتەکەی و لقوپۆپەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە بە دۆلاری پاڵپشتیکراوی بانکی ناوەندیی عێراق دەکات. لەلایەکی دیکەوە ناکۆکی و دژایەتیی کورد بۆ ئەزموونەکەی خۆی مەترسییە گەورەکەیە، چۆن دەبێت تۆ لەناو شەڕێکی ئابووریدا بیت، کەچی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی خەڵك و مووچەخۆراندا وا خەمسارد بیت، ئێمە بۆ دەبێت هەر گلەیی لە بەرپرسانی شیعە و سوننە بکەین، ئێ خۆ ئێمە سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك پەرلەمان و وەزیر و بریکار و بەرپرسان و پەرلەمانتار و تەنانەت دادوەریشمان هەیە لە بەغدا، ئایا کاری ئەمانە چین؟ خۆ دەبێت لە پاڵ وەزیفەکەیاندا خەمێکی هاووڵاتیانی هەرێمیشیان هەبێت. بۆچی ئەو کەسە لاواز و کەم ئەزموون و بێتوانایانەی کورد لە بەغدا پۆستیان دەدرێتێ؟ بۆچی چاودێری و بەدواداچوونی کارەکانیان و لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێت؟ شەڕی ئابووری بەرانبەر هەرێمی کوردستان لە بەغدایە و هەر لەوێشەوە دەبێت ئەم شەڕە بکەین، تا لە بەرژەوەندیی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان تەواو بێت.

**ململانێ ئابووری و دارایی و شەڕە ساردەکەی ئەمریکا و ئێران لەسەر حیسابی ئابووریی عێراق و کوردستانە**

**تەمویلی وڵاتەکەی و لقوپۆپەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە بە دۆلاری پاڵپشتیکراوی بانکی ناوەندیی عێراق دەکات**

**ئێمە بۆ دەبێت هەر گلەیی لە بەرپرسانی شیعە و سوننە بکەین، ئێ خۆ ئێمە سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك پەرلەمان و وەزیر و بریکار و بەرپرسان و پەرلەمانتار و تەنانەت دادوەریشمان هەیە لە بەغدا**

**شەڕی ئابووری بەرانبەر هەرێمی کوردستان لە بەغدایە و هەر لەوێشەوە دەبێت ئەم شەڕە بکەین، تا لە بەرژەوەندیی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان تەواو بێت**



## فەلاح سەید مەولوود ئەلنەجاڕ

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ گوڵان:

# ٤٠٠ هەزار خێزان سوودمەند بوون لە وەرگرتنی نەوتی سپی، بۆ ئەمساڵ لە ناو سەنتەری شارەکانیش دابەشی دەکەین

**پێش هاتنی وەرزی زستان پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی دەستی پێکرد، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ دابەشکردنی بەنزینی ٧٥٠ دیناریی کوالیتی باش و مۆڵەتدان بە سەرجەم کۆمپانیا و بەنزینخانەکان، بۆ هێنانی بەنزین و دابەزینی بەهای بەنزین و دابەشکردنی غازی ماڵان، کە پێشتر لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان گرفتی کەمی و هەڵکشانی نرخەکەی دەستی پێ دەکرد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ فەلاح مەولود ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ساز دا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو دابەشکردنی نەوتی سپی پێش هاتنی وەرزی زستان دەستی پێکرد، وا هەست دەکرێت، پرۆسەکە بە خێرایی بەڕێوە دەچێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئومێد هەیە بۆ ئەمساڵ سەرجەم خێزانەکانی کوردستان بە ناو سەنتەری شارەکانیشەوە بڕە نەوتی سپییان بەسەردا دابەش بکرێت؟**

- پێش هاتنی وەرزی زستان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ تەرخانکردنی بڕە پارەی پێویست لە پێناو پاڵپشتیکردن و دابینکردنی نەوتی سپی بۆ ماڵان، بەمەش خۆشبەختانە بەراورد بە ساڵانی پێشوو پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بەشێوەیەکی خێراتر و ڕێکوپێکتر بەڕێوە چوو، کە تاکو ئێستا توانراوە ١١،١٦٩،٧٦١ لیتر نەوتی سپی دابین بکرێت و لەم بڕەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی نەوت و کانزاکانەوە ٧٩،٧٧٩،٦٠٠ لیتر دابەش بکرێت، تەنیا لە ماوەی یەك مانگدا ٤٠٠ هەزار خێزان لە ناوچە شاخاوی و دەشتاییەکان سوودمەند بوون لە وەرگرتنی ٢٠٠ لیتر نەوتی سپی، بۆیە بەڵێ، پرۆسەی دابەشکردنی نەوتی سپی بە خێرایی بەڕێوە دەچێت و، بۆ ئەمساڵ هەموو ئەگەرەکانمان ڕەچاو کردووە و دوای تەواوبوونی دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر دەوروبەردا، لەم نزیکانە دابەشکردنی نەوتی سپی دەگاتە ناو سەنتەری شارەکانیش. لەلایەکی دیکەوە لەسەر فەرمانی بەڕێزان وەزیری سامانە سرووشتییەکان لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتمان سەردانی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵمان کرد و لەگەڵ بریکار و بەڕێوەبەرانی گشتی ئەو وەزارەتە کۆبوونەوەمان کرد، جەختمان لەسەر مافی سرووشتی هاووڵاتیانی کوردستان کردەوە، کە پێویستە هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بە پاڵپشتی نەوتی سپییان بۆ دابین بکرێت، لە ئێستادا وەزارەتی نەوتی فیدراڵ ئامادەیی خۆی نیشان داوە و بڕیاری داوە بە چەند وەجبەیەك هەر جارە و ٥٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بدات بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکانی سەر بە وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان دابەش دەکرێت، هەرچەندە دابینکردنی ئەو بڕە نەوتە هاوشێوەی نرخی پاڵپشتیکراوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق نییە کە بۆ هەر لیترێك ١٥٠ دینارە، بەڵام

**بەنزینی کوالێتی بەرزی جۆری ٧٥٠ دیناری ڕۆڵی باشی لە ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی نرخ و باشکردنی کوالێتی بەنزین هەبووە**

**ڕێگەپێدانی دانانی سیستمی گازی LPG (شۆڤاژ) کاری وەزارەتی ناوخۆیە و بەپێی ڕێنماییەکانی سەلامەتی و کوالێتییە**

**لە ئێستادا وەزارەتی نەوتی فیدراڵ ئامادەیی خۆی نیشان داوە و بڕیاری داوە بە چەند وەجبەیەک هەر جارە و ٥٠ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بدات بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

کاریگەریی لەسەر نرخ و پرۆسەی خێرا دابەشکردنی نەوتی سپی دەبێت، کە دوای ڕێکخستن و داوا لە کۆمپانیاکانی گواستنەوەی نەوت، بڕیارە پرۆسەی گواستنەوەی نەوتەکە لە پاڵاوتگەی بێجییەوە ئەو بڕە نەوتەی بەغدا پێمان دەفرۆشێت، بگاتە هەرێمی کوردستان و بەسەر هەرچوار پارێزگای هەرێمی کوردستان و ئیدارە سەربەخۆکاندا دابەشی بکەین.

*** یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بابەتی بەنزینە، ئایا خشتەی بەنزینی جۆری نۆرماڵ کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە بۆ پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دابین دەکرێت، بە چ شێوازێکە و ئایا کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی قەیرانی بەنزین کردووە؟**

- هەڵکشانی نرخی بەنزین بابەتێکی جیهانییە و لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەکی نرخی بەرمیلێك نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا، ڕاستەوخۆ بەهای بەنزینیش بەرز دەبێتەوە، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی کانزاییەوە ڕۆژانە بەنزینی ٧٥٠ دیناری جۆری نۆرماڵ بەسەر پارێزگا و بەنزینخانەکاندا دابەش دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی پاڵاوتگەکانی (لاناز و کار و بازیان)ـەوە ئەو بڕە بەنزینە دابین دەکات، هاوکات لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانەوە ڕەزامەندی درا بە کۆمپانیا و بەنزینخانەکان بەهێنانی بەنزین لە دەرەوەی هەرێم بۆ ناو پارێزگاکانی هەرێم، تەنانەت ڕسوماتی هێنانی بەنزینمان لەسەر کۆمپانیا و بەنزینخانەکان هەڵگرت، ئەمەش کاریگەریی خۆی هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی کێشەی کەمیی بەنزین و هەڵکشانی نرخەکەی. ڕەنگە ئەو پرسیارەت لا دروست ببێت، بۆچی بەنزینی جۆری ٧٥٠ دیناری هێشتا لە بەردەم بەنزینخانەکان قەڵەباڵغی پێوە دیارە؟ ئەم حاڵەتە بۆ باشیی کوالێتی بەنزینی ٧٥٠ دیناری دەگەڕێتەوە، کە خواستی زۆری شوفێرانی لەسەرە، هەر ئەمەشە وای کردووە بەنزینخانەکانی دیکە چاوخشاندنەوە بە کوالێتی بەنزینەکانیاندا بکەن و دواجار لە ڕێگەی کێبڕکێوە نرخەکان ڕوو لە داشکان بکەن و ئاستی کوالێتی بەنزینەکەش ڕوو لە بەرزبوونەوە بکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت و کانزاکانی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە ڕێگەی تیمەکانمانەوە لەگەڵ لیژنەکانی هاوبەشی قایمقامییەت کە پێك دێت لە نوێنەری قایمقامییەت و ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکان، ڕۆژانە پشکنین بۆ بەنزینخانەکان دەکەین و لەلایەن بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتیی نەوت و کانزاکانەوە ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەر هەر بەنزینخانەیەك دەگرینە بەر کە لە ڕووی جۆر و کوالێتییەوە بەنزینەکەی خراپ بێت، یان دەستکاریی عەدادەکەی کردبێت و عەدادەکەی ناتەواو بێت، بەم شێوەیە بەردەوام هەڵمەتی سەرپێچییەکانی بەنزینی خراپ جێبەجێ دەکەین و بە هەموو بەنزینخانەکانیشمان وتووە فێڵکردن و نزمکردنەوە و دەستکاریکردنی جۆری بەنزینەکە و عەدادەکە تووشی سزای داراییان دەکات، بگرە لەمەودوا لە کاتی دووبارەکردنەوەیدا تەنیا ڕێگەی پێبژاردن ناگرینە بەر، بەڵکو خاوەن بەنزینخانەی سەرپێچیکار ڕەوانەی داواکاریی گشتیش دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی ناوخۆ و لە ڕێگەی بازگەکانەوە کۆنتڕۆڵی ئەوە کراوە کە بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نەدرێت، بەنزین بچێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

*** لە هەنگاوێکی گرنگدا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی کانزایی ژمارەیەك بەڕێوەبەرایەتیی نەوت و کانزاکانی لە ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و زاخۆ و سۆران کردەوە، ئایا تاچەند ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە لە دابەشکردنی نەوت و بەنزین و غاز و چاودێریکردنی کوالێتی ڕۆڵیان دەبێت ؟**

- بابەتی شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕێکخستنەوەی کارەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە ئیدارە سەربەخۆکاندا، لە ئەولەوییەتی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری سامانە سرووشتییەکانە، دامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەش جگە لەوەی پێداویستییەکی ئیدارەکەیە لەو ناوچانەدا، هاوکات ڕۆڵیان دەبێت لە خزمەتکردنی هاووڵاتیانی دەڤەرەکان و دابەشکردنی نەوت و بەنزین و غازی ماڵان و کۆنتڕۆڵکردنی کوالێتی، ئێمەش لە

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە هەوڵی ئەوەداین پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین و کاروبارەکانیان ڕێك بخەینەوە.

*** سەبارەت بە غازی ماڵان LPG کە لە ساڵانی پێشوو بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا گرفتی هەڵکشانی نرخ و بگرە کەمیی غازی ماڵان دروست دەبوو، لە ئێستادا ئەم گرفتە کەم بووەتەوە، ئایا تاچەند پشکی غازی ماڵان بۆ پارێزگاکانی کوردستان دابین کراوە؟**

- وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان توانیویەتی کۆنترۆڵی بواری دابینکردن و دابەشکردنی غازی ماڵان بکات و بەپێی پێداویستی و خواستی پارێزگاکان پشکی غازی ماڵانی دابین کردووە، لە ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا کاتێك غازی ماڵان LPG زیاتر بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکار دەهێنرا، نرخەکانی ڕووی لە هەڵکشان دەکرد، لە ئێستادا ئەم حاڵەتەی بەکارهێنانی شۆڤاژ کەمی کردووە، لەلایەکی دیکەوە غاز نەچێتە دەرەوەی هەرێم نرخەکەی گران نابێت، بۆیە لە ئێستادا بڕە غازی پێویست بۆ پارێزگاکانی کوردستان دابین دەکرێت و هیچ کێشەیەکی نییە.

*** بەکارهێنانی گازی LPG شۆڤاژ بۆ خۆ گەرمکردنەوەی ماڵان بەردەوامە، وێڕای ئەو تەقینەوانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا ڕوویان دا، ئایا چۆن کۆنترۆڵی ئەو بابەتە کراوە کە جارێکی دیکە بەکارهێنانی سیستمی شۆڤاز تەقینەوە و ئاگرکەوتنەوەی گەورەی لێ نەکەوێتەوە؟**

- غازی LPG ئەو غازەیە کە لە ماڵاندا بۆ چێشتلێنان و خۆگەرمکردنەوە بەکار دەهێنرێت، یان لە فڕن و کارگە و ئۆتێلەکاندا ئەم سیستمە بەکار دەهێنرێت، لە سیستمی شۆڤاژدا تانکیی گەورە دادەنرێت لە بری بەکارهێنانی بوتڵی ئاسایی، کە بەهۆی خراپیی کوالێتی و نەزانینی دانانی سیستمەکەوە دزەکردن و لێچوونی غازی لێ دەکەوتەوە، بەهۆی ناجێگریی پەستان، یان بوونی ئاگر، دەبووە هۆی تەقینەوەی گەورە، زۆرجاریش ئەو کەلوپەل و تانکییانەی دەهێنران کوالێتی نزم بوون و کەسانی نەشارەزا کاریان لەسەر دەکرد، بۆ ئەم حاڵەتە وەزارەتی ناوخۆ بە بڕیارێکی دروست بەکارهێنان و کارکردنی لە سیستمی شۆڤاژ ڕاگەیاند و لە ڕێگەی پارێزگاکانەوە بەکارهێنانی سیستمەکە بۆ ماوەیەك کۆنترۆڵ دەکرێت، تاوەکو بەپێی مواسەفات و سیستمی پێشکەوتوو مۆڵەتی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سیستمەی شۆڤاژ بدەن، کۆمپانیاکانی ئەم بوارەش بۆ کۆنترۆڵکردنی مواسەفات و مەرجەکانی سەلامەتی ڕێنمایی و مەرجی قورسیان دانا، بۆیە مۆڵەتدانی بەکارهێنانی شۆڤاژ لەلایەن لێژنەکانەوە بە سەرپەرشتیی وەزارەتی ناوخۆ دەدرێت.

*** لە هەرێمی کوردستاندا کانزای فلزی و نافلزیی زۆر هەیە، کە بە یەکێك لە سامانە گەورەکانی کوردستان دادەنرێت و تاکو ئێستا کاری کنە و پشکنینی ورد و تێروتەسەلی بۆ نەکراوە، هەربۆیە وەبەرهێنانیش لەم بوارەدا سنووردارە، ئایا بەڕێوەبەرایەتییەکەتان لەم ڕووەوە هیچ پشکنین و بەرنامەیەکی بۆ سوودوەرگرتن لەم سامانە هەیە؟**

- کانزا فلزییەکان وەکو ئاسن و مس و قورقوشم و زینك و پلاتین و...هتد، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتدانی ڕاگیراوە و مۆڵەتدانی تەنیا لە دەسەڵاتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا لە کوردستان یاسای وەبەرهێنانی کانزایی دەرنەچووە، پێویستە زۆر بە وردی و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کانزایانەدا بکرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕۆڵی هەبێت لەم بوارەدا، بەڵام هەرچی کانزای نافلزی هەیە، بەتایبەتی بەردی چیمەنتۆ و بەردی گەچ و بەردی مەڕمەڕ و چەو و لم، مۆڵەتی پێ دەدرێت و هیچ کێشەی نییە و نرخەکانیشی لەسەر ئاستی ئاسایی نرخی بازاڕە. سەبارەت بە ڕووپێوکردنی کانزا فلزی و نافلزییەکان بۆ ئەوەی دۆخ و شوێن و بوونی ئەم کانزایانە دیاری بکەین و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕووپێوی جیۆلۆجی پشکنینی کانزایی و بەڕێوەبەرایەتیی کانەبەردەکانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمەکانی جیۆلۆجی، دەستیان کردووە بە دانانی پلانێکی گونجاو بە مەبەستی دەستپێکردن بە گەڕان و پشکین لە سنووری پارێزگا و ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا.

**ئەو بڕە نەوتە هاوشێوەی نرخی پاڵپشتیکراوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق نییە کە بۆ هەر لیترێک ١٥٠ دینارە، بەڵام کاریگەریی لەسەر نرخ و پرۆسەی خێرا دابەشکردنی نەوتی سپی دەبێت**

**ڕێوشوێنی یاسایی بەرانبەر هەر بەنزینخانەیەک دەگرینە بەر کە لە ڕووی جۆر و کوالێتییەوە بەنزینەکەی خراپ بێت، یان دەستکاریی عەدادەکەی کردبێت و عەدادەکەی ناتەواو بێت**

**لەمەودوا لە کاتی دووبارەکردنەوەیدا تەنیا ڕێگەی پێبژاردن ناگرینە بەر، بەڵکو خاوەن بەنزینخانەی سەرپێچیکار ڕەوانەی داواکاریی گشتیش دەکرێت**

## دیمانەی تایبەت



نادیە ئۆربیناتی، پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیویۆرك، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: فیکری سیاسیی هاوچەرخ و نەریتی دیموکراتی و دژ بە دیموکراتی، خاوەنی چەند کتێبە لە بارەی دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی و ئەو کێشە و تەنگژانەی ڕووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە. بۆ تاوتوێکردنی پرسی بە ئەدای دیموکراسی و بیرۆکەی ئاشتی دیموکراسی- بەو مانایەی کە شەڕ لە نێوان دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا هەڵناگیرسێت و پرسی شێواندن و لە ڕێ لادانی دیموکراسی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## پرۆفیسۆرنادیە ئۆربیناتی بۆ گوڵان:

# دروستکردنی ناتۆ شێواندنی بیرۆکەی کانت بوو بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی

*** دیموکراسی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام هەندێ جار جەخت لەسەر ئەوە دەکرێت کە دەبێت ئێمە لە ڕووی دەرئەنجامەوە لە حوکمڕانییەکی دیموکراسی بڕوانین، بەو واتایە تا چەند توانیویەتی کۆمەڵێك ئامانج بەدەست بهێنێت، کە هاووڵاتییان بتوانین لێی بەهرەمەند بن، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەدای دیموکراسییەوە، ئەوا دەکرێت دیموکراسی بە دوو شێوەیە هەڵبسەنگێنرێت، یان حوکمی لەبارەوە بدرێت، یەکەمیان لە ڕێی ئەو بنەمایانەی لەخۆی دەگرێت و ئەو ڕێکارانەی دەیگرێتەبەر، کە من لێرەدا سەر بە قوتابخانەی (هابرماس و کلسن)م و پێشنیار دەکەم کە بەم شێوەیە لێی بڕوانرێت. دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕووی دەرئەنجامەوە حوکم لەسەر دیموکراسی بدەین، کە زانا سیاسییەکان و ئابووریناسەکان ئەم تێڕوانینە دەگرنەبەر، بەڵام هیچیان توانای ئەوەیان نییە بیسەلمێنن کە ئەگەر هاتوو دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکە باش بوو، ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییاندایە، بە چاوپۆشین لەوەی ئایا ئازادی دەستەبەر بووە، یان نا. کە پێم وانییە ئەمە ڕێگاچارەیەکی باش بێت بۆ ئەوەی ئەم پرسەی پێ تاوتوێ بکرێت، چونکە من پێم وانییە تۆ کارێکی باشت کردبێت، ئەگەر ڕاددەیەك لە خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییان دەستەبەر بکەیت، بەڵام بە بێ فەراهەمکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵە. لێرەوە من پێم وایە دیموکراسی خۆی لە خۆیدا ئازادی لە خۆدەگرێت و ناکرێت لێکیان دابڕین و جیایان بکەینەوە و تەنیا جەخت لەسەر دەرئەنجامەکە بکەینەوە.

**ديموكراسی خۆی لە خۆیدا ئازادی لە خۆدەگرێت و ناكرێت لێكیان دابب‌ڕین و جیایان بكەینەوە و تەنیا جەخت لەسەر دەرئەنجامەكە بكەینەوە**

**كانت بیرۆكەی دروستكردنی فیدراسیۆنێک، یان هاوپەیمانێتی نێوان كۆمەڵێک دەوڵەت دژ بە كۆمەڵێک دەوڵەتی دیكەی ڕەت كردەوە، بە چەشنی ئەوەی لە ناتۆدا بەرجەستە بوو**

**بانگەشەی ئەوە دەكرێت كە هەنگاو هەڵبگیرێت لە دیموكراسییەتی پەرلەمانییەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆک و گرتنەبەری سیستمی سەرۆكایەتی**

*** ئەوانەی بانگەشە بۆ برەودان بە دیموكراسی دەكەن، باس لەوە دەكەن ئەگەر تێكڕای وڵاتانی جیهان بەم ئاقار و ئاڕاستەیەدا بڕۆن و حوكمڕانییەكی دیموكراسی جڵەوی بگرێتەدەست، لە نێویاندا ئەوا ئەگەری بەرپابوون و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دەوڵەتاندا نامێنێت، یان دەبێتە ئەگەرێكی لاواز، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو تیۆرەی كە دەڵێت: دەوڵەتە دیموكراسییەكان شەڕ لە دژی یەكتر ناكەن، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەمە بەشێكە لە گەمەیەكی دیكە، مەبەستم ئەوەیە، لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا و لەنێو زانایانی بواری تیۆرەكانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا و بە پشتبەستن بە بیرۆكەكانی فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیمانوێڵ كانت كە خاوەنی كتێبی (ئاشتیی هەمیشەیی)ـە برەویان بەم بیرۆكەیەدا، كە لە بنەڕەتدا كانت پێی وایە، ئەگەر لە تێكڕای دەوڵەتاندا حكومەتێكی دەستووری دەسەڵاتدار بێت - كانت باسی لە كۆماری بوونی دەوڵەتەكە كرد، نەك دیموكراسی-، یان ئەگەر ئەگەر وردە وردە دەوڵەتان بەرەو ئەوە بچن، حكومەتێكی دەستووری لەنێو خۆدا جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست، ئەوا ئەگەری بەرپابوونی شەڕ لەنێوانیاندا لاواز دەبێت، چونكە ئەم حكومەتانە ناچار دەبن، لەسەر بنەمای ڕاوێژ و بە پشتبەستن بە ڕەزامەندیی گەلەكانیان بڕیار بدەن و خەڵكیش لەگەڵ ئەوەدا نییە وڵاتەكە بچێتە شەڕەوە و سەركێشی بە هەموو شتێكەوە بكرێت، بەتایبەتی ئەگەر شەڕەكە بە ئامانجی داگیركاری و فراوانخوازی بوو، ئەگەرچی ئامادەن بۆ ئەوەی شەڕی مانەوە و بەرگری لەخۆكردن بكەن، بەڵام نەك شەڕی پەلاماردان و داگیركاری، واتە ئەمە پوختەی كانت بوو. بەڵام لە سەدەی ڕابردوودا ئەم بیرۆكەی ئاشتیی دیموكراتییەیان بەسەر ڕێكخراوی ناتۆدا پیادە كرد، واتە بانگەشەی ئەوەیان كرد، كە ئەگەر دەوڵەتە دیموكراسییە ئازادەكان بێن و لە نێو خۆیاندا یەك بگرن، ئەوا چیدی ئەگەری شەڕ لە نێوانیاندا نامێنێت، ئەم كارەیان لەسەر بنەمای لێكدانەوە و ڕاڤەكردنی خۆیان بۆ بیرۆكەكانی كانت كرد، لە كاتێكدا ئەمە دەرچوون و پێشێلكردنی بیرۆكەكانی كانتە، چونكە كانت بیرۆكەی دروستكردنی فیدراسیۆنێك، یان هاوپەیمانێتی نێوان كۆمەڵێك دەوڵەت دژ بە كۆمەڵێك دەوڵەتی دیكەی ڕەت كردەوە، بە چەشنی ئەوەی لە ناتۆدا بەرجەستە بوو. كەواتە ئەمە جێبەجێكردنێكی خراپی بۆچوونەكانی كانت بوو، ئەمەش مایەی قەناعەتپێهێنان نییە، یەكەمیان لەبەر ئەوەی ناتۆ بەرجەستەبوونی ئاشتیی دیموكراسی نییە، بەڵكو ئەمە هاوپەیمانێتییەكە بە سەركردایەتیی وڵاتانێكی دیاریكراو وەك ویلایەتە یەكگرتووەكان و بەریتانیا و فەڕەنسا، كە ئەمە حاڵەتێكە و لەگەڵ بۆچوونەكانی كانتدا یەك ناگرێتەوە.

*** ئێوە كتێبكتان نووسیوە لە بارەی شێواندنی دیموكراسییەوە، ئایا دەكرێت ئەوە ڕوون بكەنەوە كە مەبەستتان چییە لە شێواندنی دیموكراسی؟ ئایا ڕێگاچارەكانی بەرەنگاربوونەوەی ئەم پرسە چییە، ئەگەر بتوانن دەستنیشانی بكەن؟**

- من پێم وایە لە ڕۆژگاری ئێستادا دوو سەرچاوە هەن، كە بوونەتە هۆی دروستكردنی قەیران و تەنگژە بۆ دیموكراسی. یەكەمیان تەكنۆكراسییە، یان تەنانەت تەكنۆپۆپۆلیزم، چونكە چەند ئایدیۆلۆژیا هەن لەنێو چەند گرووپێكی نێو كۆمەڵگە، كە پێیان وایە بوونی حكومەتێكی تەكنۆكراتی چارەسەرە بۆ كێشەكان و رایان وایە حكومەتی تەكنۆكراسی بابەتیانە هەڵسوكەوت دەكات و بێلایەنانە كار و ئەركەكانی خۆی ئەدا دەكات و لایەنگری بۆ ئایدیۆژیایەكی دیاریكراوی سیاسی نییە. كە من پێم وایە ئەم بیرۆكەیە بە هیچ شێوەیەك مایەی قەناعەت پێهێنان نییە، چونكە ئەگەر ئەم ئاراستەیە بگیرێتەبەر، ئەوا بە هەمان ئەندازەی پۆپۆلیزم دەبێتە هۆی تێكدان و شێواندنی فرەیی سیاسی، واتە ئەمە بیرۆكەیەكە كار لەسەر بەدیهێنانی یەكگرتوویی لە ناو خۆی وڵاتەكە دەكات، بەڵام لەسەر حیسابی فرەیی سیاسی، واتە ئەمە فۆرمێكی دژ بە فرەییە. كێشەیەكی دیكەی نێو پارتە ڕاسترەوەكان ئەوەیە — بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتەكەی مندا ( ئیتاڵیا ) بەدی دەكرێت- كە ئەم پارتانە پێیان وایە كێشەكە لە نێو خودی فرەیی سیاسیدایە و چارەسەرەكەش ئەوەیە یەك نەتەوە و یەك دەنگ و یەك سیاسەت هەبێت،



ئەمەش بە بێ بەربەست و لەمپەڕ پیادە بکرێت. واتە بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە هەنگاو هەڵبگیرێت لە دیموکراسییەتی پەرلەمانییەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك و گرتنەبەری سیستمی سەرۆکایەتی، ئەمەش لەبەرانبەر کۆمەڵگەیەکی کراوەتر کە پتر فرەیی تێدا بەرجەستە بێت.

*** لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، هەندێ لە چاودێران و شرۆڤەکاران وەك شەڕی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆری وەسفی دەکەن، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، واتە ئەوەی پێی وایە شەڕی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریەتە، من پێم وانییە ئەمە سرووشتی ئەم شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیە بێت. هەروەها ڕەنگە سەرۆك ڤلادمیر پوتینیش هەوڵی ئەوە بدات کە وا وێنای ئەم شەڕە بکات، وەك ئەوەی شەڕ بێت لە نێوان دوو مۆدێلی جیاوازدا، ئەوا لەگەڵ ئەمەشدا هاوڕا نیم. بەڵکو بە تێڕوانینی من ئەمە گەڕاندنەوەی ڕووسیایە بۆ چیرۆکی ئیمپریالیزم و سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی جۆرە چیرۆکێکە کە سەرۆك پوتین دەیەوێت بیخاتەڕوو، ئەویش نەك ئیمپریالیزمی یەکێتیی سۆڤییەت، بەڵکو ئیمپریالیزمی ڕووسی، واتە هەوڵدان بۆ دووبارە دروستکردنەوەی دەوڵەتی کۆنی ئیمپیریالیی ڕووسی و دووبارە داگیرکردنەوەی ئەو بەشانەی ئەوروپا کە بەپێی ئەم خوێندنەوەیە بەشێکی دانەبڕاون لە ڕووسیای بەرفراوان و لە کیشوەری ڕووسیا. کەواتە ئەگەر من بمەوێت وەسفی ئەم شەڕە بکەم، ئەوا ئەمە شەڕێکی ئیمپریالیستی نەتەوەییە و هیچ پەیوەندی نییە بە جۆری سیستمە سیاسییەکەوە، چونکە تەنانەت خودی ئۆکرانیاش بە تەواوەتی سیستمێکی دیموکراتی نییە و من ئەم وڵاتە بە دیموکراسییەتێکی پێگەیشتوو و کامڵ نابینم و هێشتا چەندین گرفتی هەیە لە پەیوەندی بە هەڵبژاردنی ئازاد و تەنانەت دیاردەی خۆسەپێنی و فاشیستیش هەن. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە، ئەمە شەڕی نێوان دوو مۆدێلی سیاسی نییە. ئەگەرچی ئاشکرایە کە ڕووسیا خوازیاری تێکدانی سەقامگیریی یەکێتیی ئەوروپایە، بۆ ئەوەی دووبارە دەستڕۆیشتوویی ئیمپریالی بەسەر کیشوەرەکەدا بەدەست بهێنێتەوە.

**ڕووسیا خوازیاری تێکدانی سەقامگیریی یەکێتیی ئەوروپایە، بۆ ئەوەی دووبارە دەستڕۆیشتوویی ئیمپریالی بەسەر کیشوەرەکەدا بەدەست بهێنێتەوە**

### پرۆفیسۆر مایکڵ مۆسۆ بۆ گوڵان:

# دیموکراسی و گەشەی ئابووری پێکەوە هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام هیچیان سەرچاوەی ئەوی دیکەیان نین

مایکڵ مۆسۆ، پرۆفیسۆری سیاسەت و ئاسایش و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی سەنتراڵ فلۆریدا، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە ئابوورییەکان و دامەزراوە و ناکۆکییەکان دەدات و، خاوەن تیۆرێکی تایبەتە کە پەیوەستە بەوەی چۆن دەرفەتی یەکسان لە بازاڕدا بایەخ دروست دەکات بۆ لیبراڵ دیموکراسی و هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکاندا. مایکڵ مۆسۆ پشتیوانی لەوە دەکات، کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان هەوڵی ئەوە بدەن، دەرفەتی بەربڵاوی ئابووری بۆ ئەو وڵاتانە بڕەخسێنن کە کەمتر گەشەکردوون، چونکە پێی وایە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاشتییەکی هەمیشەیی و دادپەروەرانە لەسەر ئاستی جیهان. لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووری و ئەو پرسەی کە ئایا دەکرێت ئەزموونی وڵاتی چین -کە گەشەیەکی ئابووری بەرچاوی بەدەست هێناوە، بە بێ ئەوەی هاوشان بێت بە کرانەوەیەکی سیاسی- ببێتە بەدیلی بۆ دیموکراسی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.




*** زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە یەکێك لە لایەنە باشەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە سەرەڕای دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، ئەوا لە هەمان کاتدا گەشە و بەرەوپێشچوونی ئابووریش بەدی دەهێنێت، واتە دیموکراسی و گەشەی ئابووری شان بە شانی یەکتر هەنگاو هەڵدەگرن و لە کۆتاییدا دەبنە هۆی هێنانەئارای خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتییان، دید و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ڕاستە دیموکراسی شان بە شانی گەشە و پێشکەوتنی ئابووری هەنگاو دەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی گرنگە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە کە نە دیموکراسی دەبێتە هۆی بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و نە پێشکەوتنی ئابووریش دیموکراسی لێ دەکەوێتەوە. چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت لەم ڕووەوە ئەوەیە کە لە هەر وڵاتێکی ئەم ڕۆژگارە بڕوانیت، ئەوا لە یەکێك لە قۆناغەکانیدا بە ئەزموونێکی دیموکراسیدا تێپەڕیوە، بەڵام چەند وڵاتێکی کەم توانیویانە لە وڵاتێکی کەم داهاتەوە هەنگاو بنێن بەرەو وڵاتێکی داهات بەرز. بە هەمان شێوە، چەند وڵاتێکیش هەن کە وڵاتی داهات بەرزن، بەڵام لە هەمان کاتدا وڵاتێکی دیکتاتۆری و تا ڕاددەیەك سەقامگیرن، ئێوە بڕواننە وڵاتە بە نەوت دەوڵەمەندەکانی کەنداوی فارسی.

*** ئێوە توێژینەوەیەکی زۆرتان لە پەیوەندی بەم پرس و بابەتانەوە ئەنجام داوە، ئایا توێژینەوەکانی ئەم بوارە چیمان پێ دەڵێن لە بارەی پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و گەشەی ئابوورییەوە؟**

**نە دیموکراسی دەبێتە هۆی بەدیهێنانی گەشەی ئابووری و نە پێشکەوتنی ئابووریش دیموکراسی لێ دەکەوێتەوە**

**پێویستە دەرفەتی بەردەوامی ئابووری برەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت گرێبەست لەگەڵ کەسانی بیانیدا ئەنجام بدرێت و، لە هەمان کاتدا سیستمە یاساییەکە متمانەپێکراو بێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێلایەنانە گرێبەستەکە جێبەجێ بکرێت**

**کاتێک خەڵکی ڕاهاتن لەسەر ئەوەی متمانە بە بیانییەکان بکەن بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، ئەوا هۆشیاریشیان زیادی کرد**

- لە ڕاستیدا توێژینەوەکانی پەیوەست بەم بوارە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و پرسی داهاتیان یەکلا نەکردووەتەوە، بەڵام تێڕوانینی خۆم ئەوەیە کە ئەم دوو پرسە شان بە شانی یەکتر دەڕۆن، چونکە ئاشکرایە پرسی بازرگانی و بزنێس پێویستی بە سەروەریی یاسا و بوونی حکومەتێکی بەرپرس هەیە، ئەویش بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستە تایبەتییەکان، نموونە و بەرجەستەبوونی هەلومەرجێکە کە تێیدا دەوڵەتەکە خاوەن داهاتێکی بەرزە. چونکە هیچ کەسێك متمانە بە کەسێکی بیانی ناکات کە ئەو پابەندبوونانە جێبەجێ بکات، کە بە هۆی ئەنجامدانی گرێبەستێکەوە کەوتووەتە ئەستۆی، بەڵام دەکرێت متمانەیان بەوە هەبێت کە حکومەتەکانی کەسە بیانییەکان ئەم کەسە ناچار دەکەن، بەوەی پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەگەر هەوڵی پاشگەزبوونەوەی دا. واتە ئەگەر حکومەتێکی لەم چەشنەمان نەبێت، ئەوا بواری کار و بازرگانی سنووردار دەبن و خەڵکی تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانەدا مامەڵە دەکەن، کە دەتوانن متمانەیان پێ بکەن.

*** ئێوە لە وەڵامەکەتاندا و بۆ سەلماندنی پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و گەشەی ئابووری ئاماژە بە گرنگبوونی سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە گرێبەستەکان دەکەن، ئایا ئەگەر سیستمێکی یاسایی بەهێز هەبوو و زەمانەتی جێبەجێکردنی گرێبەستە بازرگانییەکان بکات، ئایا ئەمە خۆی لە خۆیدا سەردەکێشێت بۆ ئەوەی دەوڵەتەکە ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن داهات بەرز؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین کە زەمانەتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکان خۆی لە خۆیدا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕ بەسەر ئابووری وڵاتەکەدا بهێنێت و لە بارێکی داهات نزمەوە بیکاتە خاوەن ئابوورییەکی داهات بەرز، چونکە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە پێویستە لە هەمان کاتدا هاووڵاتییان ئەو ئامرازانەیان لەبەر دەستدا بێت کە بە هۆیانەوە بتوانن سوودمەند بن لە گرێدان و ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کەسە بیانییەکاندا. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین: ستراتیژیەتی سەرکەوتوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە باری داهات نزمەوە بەرەو دۆخی داهات بەرز ببەین، هەر دوو هەوڵەکە لە خۆدەگرێت لە یەك کاتدا، واتە پێویستە دەرفەتی بەردەوامی ئابووری برەخسێنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت گرێبەست لەگەڵ کەسانی بیانیدا ئەنجام بدرێت و، لە هەمان کاتدا سیستمە یاساییەکە متمانەپێکراو بێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێلایەنانە گرێبەستەکە جێبەجێ بکرێت و، لە هەمان کاتدا و بە شێوەیەکی گشتی سیستمەکە شەفاف بێت و لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت.

*** ئەگەر لە ڕوانگەی ئەزموونی وڵاتانەوە لەم پرسە بڕوانین، ئایا کەیسێك هەیە کە بتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت، مەبەستان ئەوەیە کە وڵاتانێك هەن کە توانیبێتیان لە ڕێی ئەو ڕێکارانەی ئێوە لە وەڵامەکەتاندا ئاماژەتان پێ کرد، ببنە وڵاتی داهات بەرز؟**

- بەڵێ، وڵاتانی سەنگافورە و کۆریای باشوور و تایوان توانییان ئەمە ئەنجام بدەن و ئەو ئەنجامەش بەدەست بهێنن. لە هەر سێ ئەم وڵاتانەدا سەرکردە خۆسەپێنەکان برەویان بە دەرفەتی گەورە و بەربڵاو دا بۆ ئەنجامدانی گرێبەست، لە هەمان کاتدا گرێبەستەکانیان بە چەشنێکی متمانەپێکراو و بە شەفافی جێبەجێ دەکرد و، کاتێك خەڵکی ڕاهاتن لەسەر ئەوەی متمانە بە بیانییەکان بکەن بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، ئەوا هۆشیاریشیان زیادی کرد و درکیان بەوە کرد، ئەگەر پابەندبوونی درێژخایەن بخەنە ئەستۆی خۆیان لە ڕێی ئەنجامدانی گرێبەستەکانەوە، ئەوا پێویستە هەندێ میکانیزم لە ئارادا بن، بۆ ئەوەی حکومەتەکانی داهاتووش زامنی جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی نێو گرێبەستەکان بکەن. لێرەدا دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە تاکە میکانیزمێك کە بتوانێت ئەم دەرئەنجامە بەدەست بهێنێت، بریتییە لە سەروەریی یاسا لە سایەی دیموکراسیدا. واتە کاتێك پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی بۆ بەرپرسیارێتی دیموکراسی بە شێوەیەکی زەقتر و بەرچاوتر چەسپی، ئەوا ئەم وڵاتانە توانییان سەرکەوتوو بن لە ڕاکێشانی ڕێژەیەکی گەورەی وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوخۆیی، کە ئەمەش گوڕ و تینێکی زیاتری دا بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و هەنگاوهەڵگرتن لە



قۆناغی دیکتاتۆرییەتی داهات نزمەوە بەرەو دیموکراسییەتی داهات بەرز.

*** بەڵام ئەگەر ئێمە لەم ڕووەوە ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتی چین بکەین- کە ناکرێت بە سەرسوڕمانەوە لە ئەدای ئابووریی ئەم وڵاتە نەڕوانین-، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە لە سەر ئاستی سیاسی ڕژێمێکی خۆسەپێن و تاکڕەوی هەیە و حوکمڕانیی ئەو وڵاتە دەکات، بەڵام لە بواری ئابووریدا هێزێکی هەڵکشاوە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئایا پێتان وانییە ئەوەی لە چیندا ڕوو دەدات، ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە بەدیل و جێگرەوەی دیموکراسی؟**

- من پێم وانییە چین بتوانێت ببێتە مۆدێلێکی بەدیل بۆ هیچ وڵاتێکی دیکە. ئەوە ڕاستە و نکۆڵی لێ ناکرێت کە پارتی کۆمۆنیستی چین- کە پارتێکی تەواو تاکڕەوە- توانیویەتی ڕێژەیەکی گەورە و بەرچاوی گەشەی ئابووری بەدەست بهێنێت لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەکرێت بڵێین: چین وڵاتێکە و ئابوورییەکی داهات نزمی هەیە. چونکە ئاشکرایە کە بەدیهێنانی داهاتی بەرز پێویستی بە کەرتێکی پێشکەوتووی دارایی هەیە، کە ئێمە دەزانین، بە بێ دەستەبەرکردنی سەروەریی یاسا و بەرپرسیارێتی بۆ وەبەرهێنەران کەرتی دارایی ناتوانێت بەرەوپێش بچێت و گەشە بکات. لەم ڕوانگەیەوە و ئەگەر دۆخەکە وەك ئێستا بێمێنێتەوە لە چین- کە یاسا باڵادەست نەبێت بەسەر سیاسەتدا-، ئەوا پارتی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە ناتوانێت بەو ئاستەی وڵاتەکە پێویستی پێیەتی وەبەرهێنانی تایبەتی ناوخۆیی و دەرەکی ڕابکێشێت و بەم شێوەیە ناتوانێت لە وڵاتێکی داهات نزمەوە بەرەو وڵاتێکی داهات بەرز هەنگاو هەڵبگرێت. ڕاستە تا ڕاددەیەك ئاسانە کە بتوانێت وەبەرهێنانێکی دەرەکی ڕابکێشێت، کە لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستی هەرزانی کاردا بێت بۆ دامەزراندن و خستنەگەڕی ئەو کارگەیانەی کاڵای هاوردەکردن بەرهەم دەهێنن، بەڵام زۆر زەحمەتترە وەبەرهێنانی پەیوەست بەو کەرتانە ڕابکێشێت، کە ئامانجێکی باڵاتر و بەرزتریان هەیە و پێویستیان بە پابەندبوونی دارایی درێژخایەنتر هەیە. لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، ئەوا چین ناتوانێت بگاتە بارودۆخێك کە ببێتە دەوڵەتێکی داهات بەرز، هەروەها ناتوانێت ئاوێتەی دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان بێت، تاوەکو گۆڕانکاری لە سیستمی حوکمڕانیدا خۆی دا نەکات و، نەبێتە حکومەتێك کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت، ئەمەش پرسێکە کە پێناچێت پارتی کۆمۆنیستی چین ئامادە بێت ئەنجامی بدات.

**چین ناتوانێت بگاتە بارودۆخێک کە ببێتە دەوڵەتێکی داهات بەرز، هەروەها ناتوانێت ئاوێتەی دەوڵەتە دیموکراسییە پیشەسازییەکان بێت، تاوەکو گۆڕانکاری لە سیستمی حوکمڕانیدا خۆی دا نەکات**

# بەبیابانبوون لەنێوان هۆکارەکان و ڕێگەچارەکاندا

گرنگە بزانین کە دیارترین ڕەهەندەکانی بەبیابانبوون بریتییە لە لەدەستدانی چینی سەرەوەی خاك و گۆڕانی ڕووبەرێکی بەپیتی زەوی بۆ زەوییەکی کەم دەرامەت و هەژار لە ڕووی ڕووەك و فرەجۆریی زیندەوەران و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە، بەڵام ئەوەی گرنگترە ئەنجامی بدەین، ئەوەیە کە هەوڵ بدەین بەبیابانبوون لەهەڕەشەوە بگۆڕین بۆ دەرفەت، چ بە هەوڵەکانی خۆمان بێت، یان بە هەماهەنگیمان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن ئەزموون لەم بوارەدا. سەرەتای ڕێگەچارەکانیش بریتییە لە زانینی هۆکارەکان، جێگەی خۆیەتی تیشك بخەینە سەر دیارترین هۆکارەکانی بەبیابانبوون وەك:

١- خراپ بەکارهێنانی زەوییەکان بە هۆی خراپ جێبەجێکردنی پڕۆسە کشتوکاڵییەکانەوە.

٢- لەوەڕاندنی لەسنوور بەدەر و نارەوا، کە بریتییە لە لەوەڕاندنێکی ماوە درێژ کە زیاترە لە ماوەی دووبارە گەشەسەندنەوەی ڕووەکەکان، یان لەبەر زۆریی دانیشتووان یان زۆریی ژمارەی ئاژەڵەکان.

٣- بڕینەوەی دارستانەکان، یان سووتاندنیان بە مەبەستی بەکارهێنانی شوێنەکانیان بۆ پرۆژەی بازرگانی.

٤- خراپ ئاودێریکردن، یان بەکارهێنانی شێوازی زۆر کۆنی ئاودێری کە بڕێکی زۆر لەئاو بەفیڕۆ دەڕوات.

٥- گۆڕانی ئاو و هەوای جیهان بە هۆی چالاکییە دژ بە ژینگە و لە سنوور بەدەرەکانی وڵاتانی خاوەن پیشەسازیی گەورە.


٦- کەمیی باران و دەرکەوتنی دیاردەی بەبیابانبوونی ساکار و مامناوەند و توند و زۆر توند، بەپێی ڕاددەی کەم و زۆریی بڕی باران.

٧- کشانی خۆڵ و لمی بیابان کە دیاردەی بەبیابانبوون سیفەتی کشان و درێژبوونەوەی هەیە و دەکشێت بۆ دەوروبەر ئەگەر ڕێگری لێ نەکرێت.

٨- ڕووتاندنەوەی زەوی بە هۆی دیاردە سرووشتییەکانی وەك لافاو و نەبوونی درەختی پێویست و تۆبۆگرافیای زەوییەوە.

٩- دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە ئاوییەکان لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە و پشتگوێخستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە دابەشکردنی عادیلانەی نێوان وڵاتانی چاوگە و وڵاتانی ڕێژگە.

١٠- تەشەنەکردنی بەبیابانبوون لە وڵاتانی دەوروبەری عێراق و هەرێمی کوردستان.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەندێك لە ڕێگەچارەكانی كەمكردنەوەی دیاردەی بەبیابانبوون

ڕەنگە لە توانامانـدا نەبێت، قەیرانی گۆڕانی كەشوهەوا لە ئەمڕۆدا كۆتایی پێ بهێنین و، نەشتوانین خراپبوونی فرەجۆریی بایۆلۆژییش لە سبەیدا ڕابگرین و، نەشتوانین دیاردەی بەبیابانبوون لە دوو سبەیدا چارەسەر بكەین، بەڵام هەر دەبێت لە خاڵێك و لە ساتێكی هەر شوێنێكدا دەست پێ بكەین، وەك ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

١- بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی لە بارەی چەمكی بەبیابانبوونەوە.

٢- پارێزگاریكردن لە لەوەڕگا سرووشتییەكان و گەشەدان بە ڕووپۆشە سرووشتییەكان.

٣- دروستكردنی بەنداو و گۆل و پۆند بۆ كۆكردنەوەی ئاوی لافاوەكان بۆ ئاودێری.

٤- ڕاگرتنی بڕینەوەی درەخت و دارستانەكان.

٥- ڕێگرتن لە لەوەڕاندنی لە سنوور بەدەر.

٦- دووركەوتنەوە لەو شێوازەی كشتوكاڵكردن كە زیان بە پێكهێنەرەكانی ژینگە دەگەیەنێت.

٧- بەكارهێنانی سەرچاوەكانی وزەی نوێبووەوە.

٨- دروستكردنی پاراستە سرووشتییەكان.

٩- ئامادەكردنی توێژینەوەی زانستی لەبارەی بەبیابانبوونەوە.

١٠- سوودوەرگرتن لە ئەزموونی جیهانیی لە ڕێگەی وەبەرهینانی بیانییەوە.

١١- ڕاگرتنی كێڵان و چاندن لە ناوچە كەمبارانەكاندا.

١٢- بە كرێ گرتنی زەویی كشتوكاڵیی لە وڵاتانی دیكەدا.

١٣- هاوردەكردن و بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیای نوێ.

١٤- هاوكاری و هەماهەنگیی نێوخۆیی و دەرەكی بۆ كاری پێكەوەیی.

١٥- زیادكردنی ڕووبەری سەوزایی.

١٦- ئیدارەدان و بەڕێوەبردنی سەردەمییانەی ئاو و ئاودێری.

١٧- ڕاگرتنی پڕۆسەی بیناسازی و بنیادنان لەسەر زەویی كشتوكاڵی.

١٨- دارشتنی یاسا و ڕێنمایی پێویست و كارپێكردنیان.

١٩- توندكردنی مەرجەكانی هاوردەكردنی ئەو ماددانەی زیان بە زەوی كشتوكاڵی دەگەیەنن.

٢٠- جێبەجێكردنی پرۆژەی پشتێنەی سەوز لە شار و شارۆچكەكاندا.



ناسک سەعید:

# لە کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ١٣٩ ئەندام کۆنگرە بەشدار دەبن

**لە دیدی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە، کێشەی ئافرەت کێشەی پیاویشە و هۆکاری سەرەکیی ناهاوتایی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەش پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە**

**ڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٥٢/١٢/١١ بە ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی باوکی ڕۆحیی نەتەوەی کورد (مەلا مستەفا بارزانی)، لە شاری سلێمانی بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا. لە ماوەی مێژووی خەباتیدا ئەم ڕێکخراوە بە ئامانجی خۆنوێکردنەوە و خۆسازان لەگەڵ سەردەم و بەردەوامیدان بە کارەکانی هەشت کۆنگرەی بەستووە و ٢٥ ئەنجومەن و ١٥٩ ناوەندی لە سەرانسەری کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە.**
**پرسی ئافرەت لە ڕوانگەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان پرسێکی مرۆییە و دوورە لە هەر جیاکارییەك لە نێوان هەر دوو ڕەگەز، لە دیدی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانەوە، کێشەی ئافرەت کێشەی پیاویشە و هۆکاری سەرەکیی ناهاوتایی نێوان ئەم دوو ڕەگەزەش پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە.**
**یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئێستادا سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ بەستنی کۆنگرەی نۆیەم کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا ببەسترێت. ناسك سەعید بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بەمجۆرە باس لە کار و چالاکییەکانی ئامادەسازی کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەکات:**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«لە ١٤ ی حوزەیرانی ئەمساڵ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵادا بڕیار درا، کە کۆنگرەی نۆیەمی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ببەسترێت، لە ٣٠ی ئاب کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان دەستی پێکرد و لە ٤ی تشرینی یەکەم کۆتایی پێهات، کۆنفرانس لەسەرجەم ئەنجومەن و ناوەندەکانی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان ئەنجام درا، بۆ کۆنگرەی نۆیەم ١٣٩ ئەندام کۆنگرە بەشدار دەبن، کە بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا ببەسترێت.
ئامادەکارییەکانی کۆنگرە بە تەواوی دەستی پێ کردووە و پەیڕەو و پرۆگرام ئامادە کراون، هەوڵ دراوە، بیری نوێ لەناو ئەو پەیڕەو و پرۆگرامە جێگەی بکرێتەوە کە لەگەڵ ئەجندا و ئایندەی ئەو ڕێکخراوە بگونجێت، کە هەم لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و هەم لەگەڵ پێشوەچوونی پرسی ئافرەتان و هەمیش لەگەڵ ئەجندا و بیرکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پرسی ئافرەتان بگونجێت.
یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ماوەی ٧١ ساڵی تەمەنیدا هەوڵی داوە، تازەگەری لە کارەکانیدا بکات، و دەنگ و ڕەنگی هەموو ئافرەتانی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانەوە بێت، هەر گرفتێك هاتبێتە پێش ئافرەتان یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە بەرانبەردا بۆ چارەسەرکردنی خۆی بە بەرپرسیار زانیوە و دەزانێت.
سێ چارەگە سەدەیە ئەو ڕێکخراوە بەبێ ماندووبوون درێژەی بە خەباتی خۆی داوە و خۆی لەگەڵ هەموو بارودۆخە سەختەکاندا گونجاندووە، تەنانەت لە پرسە نیشتمانییەکانیش ئەو ڕێکخراوە دوورەپەرێز نەبووە و هەمیشە ڕۆڵی کارا و کارامەی هەبووە.
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە هەلومەرجێکی ناهەمواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە، ناهەموار لە ڕووی سیاسییەوە، کە پشێوی لە ناوچەکەدا هەبووە و داگیرکەر تەنگی بە کوردستان و دانیشتوانەکەی هەڵچنی بوو، سیاسەتی داپڵۆسین و قەڵاچۆکردنی پیادە دەکرد و دەنگی ئازادی کپ دەکرد، ناهەموار لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە کۆمەڵگەیەك بوو نەریتی پیاوسالاری، جیهانبینی زۆرینەی تاکەکانی تەنی بوو.
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە ١٩٥٢/١٢/١١ بە شێوەیەکی نهێنی دامەزرا. لەبەر نالەباری بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە نەتوانرا کۆنگرە ببەسترێ بەڵکو بە شێوەی ڕاوێژکاری دەستەی بەڕێوەبردن پێکهێنرا. بەئامادەبوونی ١٠ ئافرەت لەوانە: درەخشان جەلال حەفید، سورەیای مەلا گەورە، ناجیە خانی مستەفا فەندی موفتی، ناجیە خانی میرزا غەفوور، ناهیدەخانی میرزا غەفوور، ئەفتاو کەریم، مەدیحە محەمەد کەریم)، کە هەتا ساڵی ١٩٥٨ بە شێوەی نهێنی و کۆمەڵ لە سنووری سلێمانی کاریان کردووە بێ ئەوەی کەسێکیان ناونیشانی سکرتێری یا خود بەرپرسی هەبێت. لە ناوچەکانی دیکەش هەندێ گرووپی دیکە هەبوون وەك خانەقین، کەرکوك و زاخۆ، بەڵام یەکتر ناسین لە نێوانیاندا نەبووە.
ئامانجی سەرەکی و تەوەری دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە خۆی لە برەودان بە هزر و توانای ئافرەت بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی و بەشداریکردنی لە پرسە نەتەوەیی و جڤاکی، هاوتای ڕەگەزی بەرامبەر دەبینێتەوە، بەشداریکردنی ئافرەت لە خەباتی نەتەوەیی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئافرەت خۆی بە هاوبەش دەزانێت بۆ هەموو ئەرکە نەتەوەییەکان لەو پێناوەشدا هەموو توانای خۆی دەخاتەگەڕ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە دەمانگەیەنێت بە ئامانجی دووەم، کە ئەویش یەکسانییە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لە سەرجەم جومگەکانی ژیانی جڤاکی مرۆڤ، لەم پێناوەشدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کاری کردووە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت و چەسپاندنی یەکسانی و بەرەنگاربوونەوەی کلتووری پیاوسالاری هەروەها، بەشداریکردنی ئافرەت لە سەرجەم بوارەکاندا بە شێوەیەکی کارا و یەکسان.

**یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ماوەی ٧١ ساڵی تەمەنیدا هەوڵی داوە، تازەگەری لە کارەکانیدا بکات، و دەنگ و ڕەنگی هەموو ئافرەتانی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانەوە بێت**

ئەژین ساڵح:

# ئامانجم لە کارکردنی دەرەوەی ماڵ، ئەوەیە کە پاڵپشتییەکی دارایی بۆ خۆم دروست بکەم



ئەژین ساڵح خانمە گەنجێکی دەسترەنگینی قەزای ڕانییە، دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ و سوودمەندنەبوونی لە دەرفەتی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی، لە یەك کاتدا هەم لە کارگەیەك کار دەکات، هەمیش کار لەسەر بەهرەی دەسترەنگینیی خۆی دەکات، وەك خۆی باسی دەکات بۆ دەستخستنی سەرمایەیەك بۆ پرۆژەکەی، ڕۆژانە نۆ کاتژمێر وەکو کرێکار کار دەکات. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی هەنگاوەکانی بۆ گەیشتن بە پرۆژەکەی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ئەژین ساڵح، خانمە گەنجێکی دەسترەنگینی قەزای ڕانیەیە و تەمەنی ٢٤ ساڵە و دەرچووی زانکۆ کۆلێژی پەروەردەی فیزیایە. پاش سوودمەندنەبوونی لە دەرفەتی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی، هەوڵی داوە، خۆی ببێت بە خاون کار و بەمجۆرە باسی ئامانجەکانی دەکات: «داوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد، وەك هەر خوێندکارێکی دانەمەزراو هەوڵم دا، دەست بە کارێك بکەم، سەرەڕای بوونم بە خاوەن بڕوانامە و دانەمەزراندنم، بیرم لەوە کردەوە، کارێکك بکەم، جیاواز بێت، ئەوە بوو، بە کاری تابلۆی گوڵی سرووشتی دەستم پێکرد. ستایلێکم هەڵبژارد بۆ کارەکە کە تەواو جیاوازە لە هەموو عێراق. بیرم لەوە کردەوە، جوانترین دیاری لای ئافرەت گوڵە و لە زۆربەی بۆنە تایبەتەکان گوڵ بەکاردێنین، ویستم بزانین چۆن پارێزگاری لە گوڵەکانمان بکەین، بەو ڕەنگە سرووشتییەی کە هەیەتی و بە جوانی بمێنێتەوە. ئێستا هەوڵ دەدەم مۆرکێك بە کارەکەی خۆم بدەم و وەك براندێکی جوانی کوردی بە ناوی «خانمی گوڵ» بناسرێت. جگە لەو بەهرەیەی کە هەمە و لە کارگەیەك کار دەکەم، کە نزیکەی ١٠ کاتژمێر لە ماڵ دوور دەکەومەوە و کاتی کەمم بۆ دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی کار لەسەر تابلۆکان بکەم، بەڵام چونکە بۆ پڕۆژەکەم پێویستم بە پاڵپشتییەکی دارایییە، ئەویش دەبێت خۆم بۆ خۆمی دەستەبەر بکەم، بۆیە دەبێت کاری سەخت بکەم».

سەبارەت بە بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیەشی گوتی: «لە ڕاستیدا بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیەم بۆ ساڵی پار دەگەڕێتەوە، بەڵام ماوەی چەند مانگێکە، بە کردەیی دەستم بە کاری دروستکردنی تابلۆی گوڵی سرووشتی کردووە و، لە ئێستادا بە شێوەی ئۆنلاین تابلۆکانم بە بازاڕ دەکەم، سوپاس بۆ خوا کارەکانم جێگەی سەرنجی خەڵك و کڕیارەکانم بووە،جگە لە کاری دروستکردنی تابلۆی گوڵی سرووشتی، کاری دەرەوەش دەکەم، ئامانجم لە کارکردنی دەرەوەی ماڵ، ئەوەیە کە پاڵپشتییەکی دارایی بۆ خۆم دروست بکەم، چونکە زۆربەی ئەو کەرەستانەی بۆ دروستکردنی تابلۆی گوڵی سرووشتی بەکاری دێنم، لێرە دەست ناکەون».

ئەژین ساڵح سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتان و پەیامی خۆی بۆ خانمان دەڵێت: «خانمان و ئافرەتانی کورد بەتایبەتی، خاوەن هێزێکن کە هەر کارێك بیانەوێت، دەتوانن ئەنجامی بدەن، لە ئێستادا خانمان بە کردار ئەوەیان سەلماندووە و هاتوونەتە مەیدانی کار، بۆ ئەوەی ببنە خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆ و ژیانی خۆیان و خێزانیان باشتر بکەن».

وەك دواوتەشی گوتی: «دڵخۆشم کە خاوەن خێزانێکم بۆ خەون و ئامانجەکانم پاڵپشتیم دەکەن».

**سەرەڕای بوونم بە خاوەن بڕوانامە و دانەمەزرانم، بیرم لەوە کردەوە، کارێکک بکەم، جیاواز بێت، ئەوە بوو، بە کاری تابلۆی گوڵی سرووشتی دەستم پێکرد**

**هەوڵ دەدەم مۆرکێک بە کارەکەی خۆم بدەم و وەک براندێکی جوانی کوردی بە ناوی «خانمی گوڵ» بناسرێت**

**بۆ پڕۆژەکەم پێویستم بە پاڵپشتییەکی دارایییە، ئەویش دەبێت خۆم بۆ خۆمی دەستەبەر بکەم، بۆیە دەبێت کاری سەخت بکەم**



# کاریگەریی نەرێنیی سۆشیال میدیا و چاولێکەری بە هۆکاری جیابوونەوەی هاوسەران دادەنرێت

**لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و هاتنەئارای سۆشیال میدیا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام بەرەوکاڵبوونەوە دەچن، بە تایبەت پەیوەندیی هاوسەران، بە گوێرەی ئامارەکان ڕێژەی جیابوونەوەکانی هاوسەران (تەڵاق) لە هەڵکشاندایە، ڕاوێژکارێکی یاساییش هۆکارەکانی بۆ سۆشیال میدیا و خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و چاولێکەری دەگەڕێنێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراون، ئەمەش دەکاتە هەشت حاڵەت لە هەر کاتژمێرێکدا. هەروەها ڕێژەی جیابوونەوە لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ بەراود بە کانوونی دووەمی پارساڵ هەزار و ٨٤٤ حاڵەت زیادی کردووە.

داتاکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ٦٠ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە لە دادگاکان تۆمارکراون، بەپێی ئەو ژمارە تۆمارکراوانە، بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەکە بەردەوام لە زیادبووندایە.

بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجومەنەی دادوەریی هەرێمی کوردستان ١٣٩٦٧ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراون.

هەروەها بەپێی ئاماری لێژنەکانی فەتوا لە هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو کێشە خێزانییانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٢ ڕوویان لەو لێژنەیە کردووە، بریتی بووە لە ٣١٤٨ حاڵەت ئەو کەیسانەشی کە نەتوانراوە چارەسەر بکرێت و بە تەڵاق و جیابوونەوەی کۆتایی پێهاتووە ١٦٠٤ حاڵەت بوون. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان (٧٠٥٥) حالەتی جیابوونەوەی هاوسەران تۆمارکراون.

خەندە کەمال، یسپۆڕێکی بواری دەروونناسییە و هەر لەو بارەیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «هەڵکشانی ڕێژەی تەڵاق بەم شێوەیەی کە هەیە، مایەی نیگەرانییە و پێویستی بە چارەسەری خێرایە، لە پرۆسەی تەڵاق، منداڵ زەرەرمەندی یەکەمە و بێسەرپەرشت دەمێنێتەوە، چونکە لە هەندێك حاڵەتدا، نە دایك و نە باوك منداڵ بەخێو ناکەن و، ناچار

منداڵەکە دەبرێتە خانەی بێسەرپەرشتان، منداڵێکیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بێ خێزان و پەروەردە و گەورە بێت، هەست بە کەمی دەکات، ئەم نەقشەش بو نەوەکانی داهاتوو لەگەڵی دەڕوات، واتە تاکێکی باش و پەروەردەکراو دەبێت، بێ نازی دایك و باوکی و دەیان تاکی دیکەی وەك خۆی دروست دەکات».

ئەو دەروونناسە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە: «هۆکاری زۆری ڕێژەی تەڵاق بۆ موبایل و ئینتەرنیت و سۆشیال میدیا و چاولێکەری و بێ تەحەمولی ژن و پیاوەکان دەگەڕێتەوە»، هاوکات دەڵێت: «هەندیك پیاو، یان ژن لەبەر هۆگریی بە مۆبایل و ئینتەرنێت ئەرکی هاوسەری و دایك و باوکایەتییان لە بیر چووتەوە، ئەوەندەی موبایلەکەیان لا گرنگە، مێرد و منداڵ، یان ژن و منداڵەکەیان لا گرنگ نییە، لە کاتێکدا هەم ژن و هەم پیاو، هەمیش منداڵ پێویستیان بە گرنگیپێدان و کات بۆ تەرخانکردنە، لە لایەکی دیکەوە، بەداخەوە ئێستا ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و مۆبایل و ئینتەرنێت، کارئاسانیی زۆریان بو خیانەتکردن کردووە، کە هۆکارێکی سەرەکیی تەڵاق و تێکچوونی شیرازەی خێزانە».

حاجی عزەددین، ڕاوێژکاری یاساییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هاوسەرگیری گرێبەستێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پیرۆز و دروستکردنی خێزان و ژیانێکی ئارام کە لە سایەیدا، ژن و مێرد بە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی ژیانی هاوبەشی نێوانیان بەردەوامی پێ بدەن و، ببنە هەوێنی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکیش کە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، بە درێژایی ژیانی هاوسەریەتی، پێویستە لەسەرخۆ و ژیرانە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە پیرۆزە بە ئارامی و دوور لە توندوتیژی بەردەوامی هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم ژیانە هاوبەشە ئاستەم بوو، بەردەوامی پێ بدرێت، یان کێشەکەی نێوانیان وەك دوابژاردە هیچ چارەسەرێکی نەبوو، دەتوانن لە یەکتر جیا ببنەوە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پیاو هەیەتی بۆ تەڵاقدانی ژنەکەی، یان ئەگەر دەسەڵاتی تەڵاق لە دەستی ژن خۆی بێت، یان داوای جیابوونەوە بکەن، لە ڕێگەی دادگا. ئەمەی دوایی بۆ هەر دووکیان دەستەبەرە لە ڕووی یاسایی و، لەکاتی بوونی بەڵگە و هۆکارەکان دەتوانن پەنای بۆ ببەن».

ئەو ڕاوێژکاری یاساییە ڕای وایە، «تەڵاق بە ناحەزترین حەڵاڵ دادەنرێت لەلای خودای گەورە، بە هەمان شێوە لە کۆمەڵگە ڕەت کراوەیەوە،بەڵام دوایین چارەسەریشە بۆ کێشەکانی نێوان ژن و مێرد».

گوتیشی: «بەپێی ئامارە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکان دەرکەوتووە، ڕێژەی گەورەی حاڵەتەکانی تەڵاق کە ڕووی داوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە دەرەوەی دادگا بووە، واتە لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی، یان ئارەزوومەندانە و بە ئاگاداریی پارێزەر، یان کەسوکار بووە، لەمەشدا ژنان زەرەرمەندی یەکەم بووە، بە هۆی دەستهەڵگرتنی لە هەموو مافەکانی خۆی، یان بەشێکی زۆری لە بەرانبەر تەڵاقدانی لەلایەن مێرد، هەروەها بەپێی ئامارەکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق و ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە عێراق (٥٩٩٤٤) و لە هەرێمی کوردستان (١٣٩٦٧) حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە تۆمار کراون. لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان (٧٠٥٥) حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە ڕووی داوە کە بە فەرمی لە دادگاکان بڕیاری یەکلابوونەوەیان دراوە.

• ڕێژەی تەڵاقی دەرەوەی دادگا (دەرەکی ) بەپێی ئامارەکان ساڵانە بەردەوام لە زیادبوون بووە و، یەکێك لە هۆکارەکانی درێژخایەنی ماوەی یەکلاکردنەوەی دادخوازیەکانە لە دادگا و لەلایەکی دی، چارەسەرنەکردنی کێشەکانە کە بووەتە هۆی ئەوەی هەردوو لایەن (ژن و مێرد ) بڕیاری کۆتایی بدەن بۆ تەڵاق یان جیابوونەوە، هەروەها هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵی (پێشوەخت) بووە».

حاجی عزەددین، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پرسێکی گرنگی وەك هاوسەرگیری و تەڵاق، پێویستە بە یاسا ڕێك بخرێت و ئەم بابەتە تەنیا لە دادگاکان ئەنجام بدرێن، ئەمەش بە دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت، یان هەمووارکردنەوەی یاسای باری کەسی بەرکار، بە زیادکردنی چەند ماددەیەك بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری مامۆستایانی ئایینی بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری وحاڵەتەکانی تەڵاق لە دەرەوەی دادگاکان (المأذون الشرعي) هەبێت».

وەك ئەو یاساناسە باسی کرد، «دەرچوواندنی پەیڕەوێکی تایبەت بۆ نووسینگەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لە دادگاکان بە پێویست دەزانرێت، بۆ ڕێکخستن و کاراکردنی کارڕاییەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی تواناداز بکرێن، لە فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاو بۆ ئاشتکردنەوە و ئاشتەوایی لە نێوان ژن و مێرد و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی بوونەتە پاساو، یان کێشە بۆ تەڵاق، یان جیابوونەوە».

**بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمار کراون**

**ڕێژەی جیابوونەوە لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ بەراود بە کانوونی دووەمی پارساڵ هەزار و ٨٤٤ حاڵەت زیادی کردووە**

**داتاکانی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق، باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ٦٠ هەزار حاڵەتی جیابوونەوە لە دادگاکان تۆمارکراون**

**بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجومەنەی دادوەریی هەرێمی کوردستان ١٣٩٦٧ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراون**



# پەروەردە و مۆزیک و گەشەی سەردەم

لە ناو سێکتەری پەروەردەدا هونەرەکان بەگشتی و لە ناویشیاندا موزیک، شوێن و پێگەی خۆی هەبووە و ئێستاش زیاتر. لە پێشدا بە شێوازێك هونەر لە ناو پرۆسەی خوێندن و پرۆگرامەکانی قۆناغەکانی خوێندندا دەگوترایەوە، کە لەگەڵ ئەو ڕۆژگار و پێداویستییانەدا دەهاتەوە، کە بەردەست بوون، جا چ لە جۆری ئامێرەکانەوە بگرە تا ئامرازەکانی وانەگوتنەوە و شێوازی ڕاهێنان و گوتنەوەی وانە و پرۆگرامەکان، کە دەکرێت بڵێین شێوازی سادە بوون و هەر لە چوارچێوەی ئەو ئامێر و ئامرازانەدا دەخولایەوە کە ناسراو و بەردەست بوون، تەنانەت ڕۆشنبیریی هونەرییش لە بواری موزیك و هونەرەکانی دیکەیش هەر بەپێی ئەو هەلومەرج و ئامراز و شێوازانە بوو، کە هەبوون و پیادە دەکران.

وەبیرم دێ کاتێ ئێمە قوتابیی هونەرە جوانەکان بووین لە سلێمانی، مامۆستاکانمان تەنیا تەباشیر و کتێبی پرۆگرامی خوێندن یان کوراسەیەکی نۆتەیان پێ بوو، لە پۆلدا هەر ڕەحلە و تەختەڕەش هەبوو، بۆ پرۆڤەش، ئامرازە بەردەستەکان چەند ئامێرێکی سادەی عوود و کەمان و چەلۆ و چەند ئامێرێکی دیکەی ئاکۆستیك بوون، شێوازی وانەدانەوە و دووردانەوە و تاقیکردنەوەکانیش هەروا کلاسیك و سادە بوون، بەڵام خولیا و حەزی قوتابییان بۆ فێربوون و مکووڕی و هەست بە بەرپرسیاریکردنی مامۆستا لە پێگەیاندنی قوتابییان زۆر بەرز بوو، سەرەنجام، کادیری هونەریی زۆر بەئاگا و چوست و بیرکراوە ئامادە دەکران و بەرهەم و داهێنانەکانی ئەو سەردەم لەناو تیپە هونەرییەکاندا، باشترین بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، تەنانەت زۆرترین ئەو ناوانەی لە دونیای هونەری کوردیدا ناسراون و تا ئێستاش هەر ناوی ئەوان دێت، سەر بە ڕۆڵەی ئەوکاتن و بەرهەمەکانیشیان چ وەك تاك و چ بە گرووپ، لە بەرهەمە نەمر و دڵخوازەکانن.

ئێستا کە سەردەم سەردەمی تەکنەلۆجیا و جیهانگیرییە، ژیان لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە، هەر سێکتەر و لایەنێکی ژیان دەگریت، لەژێر کاریگەریی ئەو تەکنەلۆژیا و پێشوەچوونانەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هێشتاش زۆر بەخێرایی گۆڕانکارییەکان بەڕێوەن و ڕەنگە بۆ لەمەودوا ستایلی ژیان بە تەواوی بگۆڕێت و جۆر و شێوازێکی دیکە بێت، کە زۆر جیاواز بێت لە ژیانی چەند دەیەیەك لەمەوبەر، بەتایبەت کە ئێستا باسی زیرەکیی دەستکرد بووەتە باسی ڕۆژ و لەگەڵ خۆیدا گۆڕانکاریی گەورە بەدی دەهێنێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە هونەرەکان بەگشتی بەشێکی گرنگی لایەنی پەروەردەیی و پێگەیاندن و وشیارکردنەوە و داهێنانن، ئامراز و ڕێگە و ڕاهێنانەکانیش زۆر بوونە و گۆڕانێکی ڕیشەیی



فەرهەنگ غەفوور

لە پرۆگرامی تایبەت بە هونەر و، لە ناویاندا موزیك درووست بووە. بەجۆرێك، وای كردووە كە خوێندن و ڕاهێنانەكان لەسەر كتێب و پرۆڤەوە بگوازرێنەوە بۆ سەر شاشەكان و ناو كۆمپیوتەر و بەرنامە و پرۆگرامە ئەلیكترۆنییەكان. ئێستا لە ڕاهێنان و فێركردنی موزیكدا، وێڕای ئامێر و نۆتەكان، سلاید و شاشە و كۆمپیوتەر و لاپتۆپ و وێبسایتەكان بەكار دەهێنرێن، ناوە ناوە كۆنفرانس و وۆركشۆپیان بۆ ڕێك دەخرێت و ساڵانە شتی نوێ و زیادە دەخرێتە سەر پرۆگرامەكان و ئامرازی پێشكەوتووی نوێ لە گوتنەوەی وانەكان و ڕاهێنانەكاندا بەكار دەهێنرێن، ئاستی فێركاری لای مامۆستا و ڕاهێنەران لە ڕێی كۆرسی نوێی زانستییەوە بەرز دەكرێتەوە و نوێترین زانیاری و داهێنان و شێواز و ڕاهێنان بە فێرخواز و بەهرەمەندان دەگوترێتەوە.

ئەبدێتكردنەوەی زانیارییەكان و شتی نوێی سەردەم لە ناو پرۆگرامەكانی موزیك و هونەرەكانی دیكەیشدا، تەكانی زیاتر ئەداتە پرۆسەی ڕاهێنان و فێركردنی قوتابییان و فێرخوازانی بوارەكە، لە هەمان كاتدا ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسۆی بیركردنەوە و بەهرەی بەهرەمەنداندا دەبێت و لە سایەی ئەو گۆڕانكاری و قۆناغە نوێیەوە هەنگاوی باشتر دەنێن و دەتوانن لە ڕێیەوە خۆیان لەگەڵ ڕەوتەكە بگونجێنن و، سوود لە ئەزموون و زانستی نوێی خەڵكی دیكە لە بوارەكە ببینن و خۆیشیان بەشدارییان لە بەرەوپێشبردنی پرۆسەكەدا هەبێ، واتا پرۆسەكە تەواوكاری و هەماهەنگییە بە ئاراستەی بەرەوپێشچوون، بەڵام بە مەرجی ئەوەی، هونەرەكە لە هەستی مرۆڤ و ڕەسەنایەتی دوور نەخرێتەوە و نەبێت بە قوربانیی شێواز و ئامراز و بازرگانیكردن بە هونەرەوە، بەداخەوە ئێستا كەمتر ئەو هەست و سۆزە هونەرییە هەڵقوڵاو لە ناخی بەشێك لەو هونەرمەندانەدا دەبینین، زۆر لەو بەرهەمانەی ئەم سەردەمە، كە تێچووشیان زۆرە و بە ئاسانییش دەگەنە بەر دەست و گوێی بیسەر و هەواداران، كەچی لە ماوەیەكی زۆر كورتتدا لەبیر دەچنەوە و وەك نەبووبن وان. ئەمە ئەگەرچی بەسەر هەموو بەرهەم و هونەرمەنداندا ناسەپێت، بەڵام حاڵی زۆر لە بەرهەمەكان ئەو دۆخە شڕەیە.

بۆ ئەم سەردەمەی گەشەی خێرای تەكنەلۆجیا و ئامرازەكان، دەكرێ هاوتەریب لەگەڵیاندا لایەنی ڕۆحی و هەستی مرۆیی و ڕەسەنایەتییش هەڵبكشێ و فەرامۆش نەكرێن، چونكە ئامێر و ئامرازەكان پێداویستیی وشك و بێ ڕۆحن، ئەوەی ڕۆح و نەمری بە هونەرەكان ئەدات، ئەو هەستە زیندوو و قووڵەی مرۆڤەكانە كە پشت بە ڕەسەنایەتی و گەنجینەی كەلەپوور و فۆلكلۆر دەبەستن و گوزارشت لە خواست و ئێش و ژانی مرۆڤەكان و نەتەوەكانیان دەكەن.

# دوای سەرکەوتنی فیلمی (The Eras Tour) تایلۆر سویفت بوو بە ملیاردێر



# سکارلێت جۆهانسۆن ڕێکاری یاسایی لە دژی زیرەکیی دەستکرد دەگرێتەبەر



خانمە ئەکتەری ناسراوی جیهانی سکارلێت جۆهانسۆنی تەمەن ٣٨ ساڵ، ڕێکاری یاسایی دژی ئەپڵیکەیشنێکی زیرەکیی دەستکرد گرتووەتەبەر کە ناو و هاوشێوەکەی ئەوی بەبێ مۆڵەت بەکار هێناوە.

جۆهانسۆن لە ٢٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوودا لە ڕیکلامێکی ٢٢ چرکەدا دەرکەوت، لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیای ئێکس بڵاوکرایەوە، کە پێشتر بە تویتەر ناسرا بوو، لە ڕێگەی ئەپڵیکەیشنێکی زیرەکیی دەستکردەوە و وێنەکەی بەکارهاتووە.

بەپێی هەندێك ڕاپۆرتی هەواڵ، نوێنەرانی سکارلێت پشتڕاستیان کردووەتەوە، کە سکارلێت لە ڕاستیدا وتەبێژی ئەپەکە نییە و پارێزەرەکەی ڕێکاری یاسایی پێویست دەگرێتەبەر. پارێزەری جۆهانسۆن لەم بارەوە دەڵێت: «ئێمە ئەم بابەتانە بە گرنگییەوە وەردەگرین، بە هەموو ڕێگەیەکی یاسایی کە لەبەردەستماندایە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین».

هەندێك لە ڕاپۆرتەکان ڕوونیان کردەوە ڕیکلامەکە کە ڕاستەوخۆ دوای بڵاوبوونەوەی ون بووە، بە دیمەنێکی پشت پەردەی فیلمی مارڤێڵ سینەماتیك یونیڤەری بلاك ویدۆ دەست پێدەکات و سکارلێت دەردەکەوێت، کە دەڵێت: «چۆنن؟ من سکارلێتم و دەمەوێت لەگەڵم بێن». پاشان لە ڕیکلامەکەدا چەند وێنەی سکارلێت پیشان دەدات کە لەلایەن زیرەکیی دەستکردەوە دروست کراوە و دەنگە ساختەکەش بەردەوام دەبێت لە لاساییکردنی تۆنی دەنگی سکارلێت و پڕوپاگەندە کردن بۆ ئەپەکە.

جێگەی ئاماژە بۆکردنە کە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٣، سکارلێت جۆهانسۆن لەسەر فەرشی سووری ٧٦ـەمین فێستیڤاڵی فیلمی کان، لە یەکەم نمایشی نوێترین فیلمیدا بە ناوی (ئەسترۆید سیتی) بە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشەوە درەوشایەوە.

لەو کاتەدا جۆهانسۆن کراسێکی پەمەیی لە براندی پرادا لەبەردا بوو، دیزاینی جلوبەرگەکە زنجیرەیەك گوڵی گەورەی تێدا بوو، سکارلێت ماکیاژێکی گەشاوەی هەڵبژارد بە لێوی (سوور-پرتەقاڵی) و ڕوومەتەکانی گوڵەبەڕۆژە و سێبەری چاوی بریقەدار.

---

کچە هونەرمەندی جیهانی تایلۆر سویفت توانیی یەکەم ملیار دۆلار بەدەست بهێنێت و بە فەرمی بچێتە لیستی ملیاردێرەکانەوە، ئەمەش دوای سەرکەوتنی فیلمی (ئیراس تور) کە لە پێشەنگی بۆکس ئۆفیسەکانی ئەمریکای باکوور بوو، بە داهاتی زیاتر لە ٣٢ ملیۆن دۆلارەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێك کە لەلایەن بلومبێرگ نیوزەوە بڵاو کراوەتەوە، تایلۆر سویفت بە فەرمی بووەتە ملیاردێر و سامانەکەی گەیشتووەتە (١,١) ملیارد دۆلار، سویفت دوای سەرکەوتنی فیلمە میوزیکییەکەی ئێراس تور و ڕیکۆرد شکاندنی بۆکس ئۆفیسەکەی، توانی بگاتە ئەم ژمارەیە.

فیلمە دیکۆمێنتارییەکەی سویفت کە ماوەکەی ١٦٥ خولەکە دەخایەنێت، باس لە گەشتە هونەرییەکەی سویفت دەکات و مۆسیقای هەر ١٠ ئەلبوومەکەی لەخۆدەگرێت کە لە ماوەی ١٧ ساڵدا بڵاو کراونەتەوە.

پێش چەند هەفتەیەك ناوی تایلۆر سویفت لە جیهان و چەند وڵاتێکی عەرەبیدا لە پێشەنگی پێوەرەکانی گەڕان بەدوای بزوێنەری گەڕاندا بوو، بەتایبەت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (X)کە پێشتر تویتەر بوو. ئەمەش دوای ئەوەی بەپێی هەواڵێکی فۆربێس، داهاتی نمایشی یەکەمی فیلمەکەی توانیی زیاتر لە ١٢٨ ملیۆن دۆلار بەدەست بهێنێت.

بەم ژمارەیە سویفت توانیی داهاتی مایکل جاکسۆن تێپەڕێنێت، کە فیلمە بەناوبانگەکەی (This Is It) لە پێشەنگی لیستەکەدا ماوەتەوە و زۆرترین داهاتی فیلمێکی مۆسیقیی هەبووە کە بریتی بووە لە ٧٢ ملیۆن دۆلار. پێش ئەوەی لەلایەن هونەرمەندی گەنج (جەستن بیبەر)ـەوە تێپەڕێنرێت، کە لە ساڵی ٢٠١١ لە ڕێگەی فیلمی (هەرگیز مەڵێ هەرگیز)ـەوە ٧٣ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا، بەڵام تایلۆر سویفت توانی دوو ژمارەی پێوانەیی پێشوو بشکێنێت و ١٢٠ ملیۆن دۆلار تێپەڕێنێت.

ئێستاتایلۆر سویفت خاوەنی پێنج کۆشکە بە بەهای زیاتر لە ١١٠ ملیۆن دۆلار، ئەمە جگە لەوەی قازانجی بزنسی میوزیکەکەی کە لە ئەلبوومەکەی ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەمە جگە لەو قازانجەی کە لە گرێبەستە ڕاستەوخۆکانی یوتیوب و سپۆتیفای بەدەستی دەهێنێت کە ١٢٠ ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، هەروەها داهاتی فرۆشی ئەلبوومەکانیشی دەگاتە ٨٠ ملیۆن دۆلار.

### ئامینە عەبدوڵڵا:

# زۆر جار پارچە موزیکێک لەکاتی نیگارکێشانداخەیاڵێکی ڕۆحی بە شێوەکار دەبەخشێت

*** سەرەتا بابزانین ئامینە عەبدوڵڵا کێیە؟**

- خەڵکی شاری سلێمانیم، دانیشتووی شاری هەولێرم، هەر لە منداڵییەوە حەزێکی زۆرم بۆ کاری هونەری هەبووە، بە تایبەتی بواری شێوەکاری، لە قۆناغەکانی خوێندنیشدا بەشداریی زۆربەی چالاکییەکانی نێو قوتابخانەم دەکرد، هەر ئەو حەز و ئارەزووە وای لێکردم بچمە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری و بە سەرکەوتوویی تەواوی بکەم، ئێستاش قوتابیی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێرم، تائێستا بەشداریی چەندین پیشانگای هاوبەشم کردوە.

*** خۆت بە قەرزاری کێ دەزانین لە بواری هونەریدا کە هەردەم هاوکار وپاڵپشتت بوون؟**

- خێزانەکەم هەمیشە هاوکارو پاڵپشتم بوون، خۆم بە قەرزاری دایك و باوکم دەزانم، زۆر هاوکارم بوون لە بواری هونەری شێوەکاریدا، هەروەها خوشك و براکانم، بەتایبەتی برا گەورەکەم، کە هەمیشە هاندەرم بووە و زۆر لەگەڵم ماندوو بووە، لە هەمان کاتدا سوپاسی مامۆستاکانیشم دەکەم کە ڕێنیشاندەر و ڕێنوێنی کارم بوون.

*** هەر هونەرمەندێك شێواز ی تایبەتی بە خۆی هەیە، شێوازی کارکردنی تۆ چۆنە؟**

- من زیاتر حەز لە وێنەکێشانی سرووشت و ئەو دیمەنانە دەکەم کە سەرنجم ڕادەکێشن، واتە زیاتر لە ڕێبازی واقعیدا کاردەم و بەهۆی خۆشەویستیم بۆ موزیك زۆرجار حەز بە دروستکردنی ئامێرە موزیکەکانیش دەکەم، بۆیە هەندێك لە تابۆلۆکانم ئامێرەکانی میوزیك لەخۆدەگرێت.

*** ڕەنگ فاکتەریکی گرنگە بۆ هەر تابلۆیەك، زیاتر چ ڕەنگێك لە تابلۆیەکانتدا بەکار دەهێنیت؟**

- لە نیگارکردنی هەر تابلۆیەکدا حەز دەکەم ڕەنگەکان هەمەجۆر بن، بۆیە هەموو ڕەنگێك لە تابلۆیەکانمدا بەکار دەهێنم، نابێ تابلۆ لە یەك ڕەنگدا خۆی بنوێنێ، بەڵکوو جوانی تابلۆ لە ڕەنگاوڕەنگییەکەیدایە.

*** لە نێوان بەهرە و ئەزموون خۆت لە کامیاندا دەبینیتەوە؟**

- بەهرە و ئەزموون دوو بنەمای سەرەکیی هەر هونەرمەندێکە، هەردووکیان پێکەوە دەبنە ئەو دوو باڵەی بەهۆیەوە دەتوانیت ئەمسەر و ئەوسەری ئەو بوارەی کە دەتەوێت، پێی بگەیت، کە خولیا و حەزی خۆتە، منیش وەکو هونەرمەندێك هەوڵم داوە هەردووکی بکەمە فاکتەرێك بۆ ئەوەی زیاتر پێشڤەچوونم، هەم لە بەهرەکەم، هەمیشە لە فێربوون و ئەزموون، بە ئاوێتەکردنی هەردووکی توانیومە ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆم لە بوارەکەی خۆمدا بدۆزمەوە.

*** چۆن دەتوانیت لە ڕێگەی هونەرەوە گوزارشت لە ئافرەت بکەیت؟**

- من لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە چەند تابلۆیەکم کێشاوە کە دەربڕی دنیای ئافرەتە، بە دروستکردنی وێنەی ئافرەت لەسەر تابلۆکانم کێشاومە، بەشداریی پێشانگاشم کردووە بۆ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، بە واتایەکی دیکە لە ڕێگەی تابلۆکانمەوە توانیومە گوزارشت لە بوێری و ناسۆرییەکانی ئافرەتان بکەم.

*** ئەو بابەتانە چین کە دەتەوێت لە ڕێگەی تابلۆکانتەوە تیشکی بخەیتە سەر؟**



**خاتوو(ئامینە عەبدوڵڵا)، دیمەنە دڵڕفێنەکانی کوردستان وای لێکردووە رووبکاتە هونەری شێوەکاری بۆ ئەوەی بتوانێت بەهرەو حەزوو و ئارەزووەکانی خۆی لە رێگەی تابلۆکانی بدۆزێتەوە بۆ برەو دان بە هونەرەکەی بە پاڵپشتی و هاوکاری خێزانەکەی دەچێتەبەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بەسەرکەوتووی تەواو بکات لە ئێستاش قوتابی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی هونەرجوانەکانی هەولێرە خاوەنی چەندین پیشانگای هاوبەشە بۆ ئاگاداربوون لەچالاکییەکانی ئەو خاتوونە ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵیدا سازدا.**

**■ هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس**

- بەگشتی دیمەنی سرووشتی کوردستان و ئامێرە میوزیکە دڵخوازەکانم هەوێنی تابلۆکانمن، هەروەها زۆربەی کات سوود لە ئینتەرنێت وەردەگرم و بە گەڕان هەر وێنەیەك ببینم و سەرنجم ڕابکێشێ، وەریدەگرم و دووبارە بە بیرۆکەی خۆم دەیکێشمەوە.

*** تا چەند هونەری شێوەکار پەیوەندی بە هونەرکانی دیکەوە هەیە، بۆنموونە وەك: شانۆ، سینەما، ئەدەب، موزیك...؟**

- هەرچەندە ئەمانە هەریەکە و ڕەهەند و لقێکن و پێکەوە دنیا جوانەکەی هونەر پێك دەهێنن، بەڵام بۆ هەریەکەیان هزر و خەیاڵی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ئەوەی خۆتی تێدا ببینیتەوە، ئەمەش بەپێی بیرکردنەوەی کەسەکان دەگۆڕێ، دەبینی کە کەسێك خولیایەکی هونەری هەیە، بەڵام ڕەنگە تەنیا یەك لەو لقانەی هونەر ببێتە بواری دڵخوازی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار پارچە موزیکێك لەکاتی نیگارکێشاندا خەیاڵێکی ڕۆحی بە شێوەکار دەبەخشێت

*** پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی شێوەکار چۆنە؟**

- بەو پێیەی بواری دڵخواز و دنیای تایبەتی خۆمە، هەمیشە و لە هەر کات و شوێنێکدا، دڵ و دەروونم لەلای هونەرمەندانی شێوەکارە، بەجۆرێك بووەتە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانم، هەردەم هاوکار و پاڵپشتی سەرجەم هونەرمەندان بووم، ئەوانیش بەرامبەر من بە هەمان شێوەن

*** هیچ پرۆژەیەکی نوێت لە هەگبەدایە؟**

- بەڵێ، پڕۆژەیەکی هاوبەشم هەیە لەگەڵ هاوڕێکانم، ئەوەش کردنەوەی پێشەنگایەکی تایبەتە و بە نیازین لە مانگی سێی ساڵی داهاتوو لە پیشانگایەکی هاوبەشدا چەندین تابلۆ نمایش بکەین.

*** جگەی لە بواری هونەری شێوەکاری خوولیا و ئارەزووت کام لە هونەرەکاتی دیکە هەیە؟**

- وێڕای بوارەکەی خۆم، ئارەزووی بواری میوزیك دەکەم، بە تایبەت ئامێری کەمانچە، حەزیش دەکەم لە داهاتوودا ئەگەر دەرفەت هەبێت خۆم فێری ژەنینی کەمانچە بکەم.










**بەهرە حامید**

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی دەربەندیخان:

# زۆربەی خێزانەکان ئامادە نین کچەکانیان بنێرنە نێو یاریگەکان

قەزای دەربەندیخان لە سنووری پارێزگای سلێمانی یەکێکە لەو شارانەی کوردستان کەوا گرنگییەکی زۆر بە یاری باڵە دەدات لەسەر ئاستی ئافرەتان، یانەکە مەشقی بەردەوامی هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزانی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ساڵانەش لەگەڵ دەستپێکی خولەکانی کوردستان و عێراق تیپەکانیان لە ئامادە باشیدایە لە ئاستە جیاوازەکان، یانەکە بووەتە شوێنی دروستکردنی یاریزانان بۆ داهاتووی یانەکە و بگرە هەڵبژاردەی عێراقیش، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان (بەهرە حامید)ـە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ تیپەکەی، بەهرە لەدایکبووی ساڵی (٢٠٠٦)ی قەزای دەربەندیخانە و ماوەی حەوت ساڵە یاری بۆ ئەو یانەیە دەکات، پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیەتی. وەك گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی ■

***چۆن بوو وەرزشی تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

- سەرەتای دەستکردنم بە یاریی باڵە بۆ تەمەنی نۆ ساڵی دەگەڕێتەوە کە ئەوکات منداڵ بووم، وەکو حەزێکی منداڵی یاریم دەکرد، بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونم ئێستا بووە تەواوی ژیانم.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی قورست هەڵبژاردوە؟**

- ئەگەر ڕاهێنەرێکی پڕ ئەزموونت هەبێت و هەنگاو بە هەنگاو تەکنیکی نوێت فێر بکات و خودی خۆت کەسێکی هەوڵدەر بیت و ئامانجت سەرکەوتن بێت، هیچ وەرزشێك قورس نابێت.

*** بۆچی لە ئێستادا یاریی باڵە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- یاریی باڵە گرنگی زۆری پێ نادرێت لە چاو یارییەکانی دیکەدا، بێگومان ئەوە تەنیا لە وڵاتی ئێمەشدا وایە.

*** هۆکاری چییە ئەم یارییە لە ئاستی کچان پێشوازی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**

- خێزان گرنگترین بەشی پشتگیریی ژیانی خانمانە، زۆربەی خێزانەکان ئامادە نین کچەکانیان بنێرنە نێو یاریگەکان.

*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بەهۆی ئەوەی کە لە چاو یارییەکانی دیکەدا پەرەی پێ نادرێت، تاکو ئێستا یاریی باڵەی خانمان لە کوردستان ئاستێکی بەرزی پێشکەش نەکردووە، هەروەها کەمکردنەوەی خولەکان و نەگونجانی کاتی خولەکانیش هۆکارێکی دیکەیە، چونکە ئێمە تەنیا یاریزان نین، بەڵکو قوتابیشین پێویستە گرنگی بە خوێندنەکەشمان بدەین.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی کچانی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێویستە ئافرەتان زیاتر پاڵپشتی و پشتگیری بکرێن بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی وەرزشی کە تێیدا هەست بکەن مافیان پارێزراوە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی لاو؟**

- وەکو وەرزشکارێکی کچ بەرنامەم ئەوەیە زیاتر گرنگی بە ژیانی وەرزشیم بدەم، بۆ بەدیهێنانی خولیا و ئامانجەکانم.

***یانەی دەربەندیخان بە چ شێوازێك هاوکاریتان دەکات؟**

- سەرەڕای ئەوەی دەربەندیخان شارۆچکە یەکی بچووکە، بەڵام چەند لە توانایان بوویێت هاوکار و پاڵپشتمان بوون.

*** گرنتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- لە هەموو وەرزشێکدا کێشە هەیە، بەڵام وەك یارییەکانی دیکە گرنگی بە یاریی باڵە نادرێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- وەکو هەر کچە وەرزشکارانێك خەونی گەورەم هەیە، بەڵام وەك باسکردن گرنگ نییە چونکە هەمووان ئەنجامەکان دەبینین.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- خانەوادەکەم گرنگترین بەشی ژیانی وەرزشکاریمن، هەنگاو بە هەنگاو پشتگیر و هاوکارم بوون بە تایبەتی خوشکەکەم، ئەوان بەتەواوی لە پشت سەرکەوتنەکانی منن.

***دەڵێن چەندین گرێبەستت بۆ هاتووە لە یانەکان؟**

- بەڵێ لە چەندین یانە گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام ڕەتم کردووەتەوە پێم باشبوو شارەکەی خۆم لە لووتکەدا ببینم، هەوڵ و کۆششەکانی خۆم بۆ شارەکەم بێت.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بۆ وەرزشکارانی کوردستان دەیکات.





# میسی داوای هاوڕێیەکی دەکات بێتە یانەی ئەنتەر

لیۆنێل مێسی ئەفسانەی ئەرژەنتینی و یاریزانی یانەی ئەنتەرمەیامی ئەمریکی، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر خەڵاتی باڵۆن دۆری ٢٠٢٣ـی بەدەستهێنا دەیەوێت ڕیزەکانی تیپەکەی بە هێنانی چەند هاوڕێیەکی پێشووی بەهێزتر بکات.

لیۆنێل مێسی ئێستا دوو هاوڕێی لەگەڵدایە خۆردی ئەلبا و سێرجیۆ بوسکێتس، کە پێشتر لە بەرشلۆنە پێکەوە یارییان کردووە و چەندین نازناویان بەدەستهێناوە.

لویس سوارێز، هێرشبەری ئۆرۆگوایی ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ لیۆنێل مێسی یاری بکات لە ئەنتەرمەیامی.

بەگوێرەی ئەوەی، کە ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی بڵاویکردووە لیۆنێل مێسی داوای لە دەیڤد بێکهامی سەرۆکی یانەی ئەنتەرمەیامی کردووە گرێبەست لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی پێشووی لە بەرشلۆنە بکات.

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، مێسی داوای لە دەیڤد بێکهام کردووە گرێبەست لەگەڵ ئیڤان راکیتیچ بکات، کە ئەنتەرمەیامی پێویستی بەوە نییە هیچ بڕە پارەیەک بۆ هێنانی ئەو یاریزانە بدات، چونکە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئیشبیلیە نوێناکاتەوە.

بەم دواییانە هەواڵێک بڵاوبووەوە گوایە ئیشبیلیە دەیەوێت مووچەی راکیتیچ بە ڕێژەی ٨٥٪ کەم بکاتەوە لەوەی ئێستا وەریدەگرێت، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێت کە ڕاکیتیچ لەو یانەیە نامێنێتەوە.

ئیڤان ڕاکیتیچ پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو، کە مێسی بە هاوڕێی نازانێت و گوتبووی: مێسی و سوارێز هاوکارم بوون و کەسانی زۆر گرنگن و ڕێزیان لێدەگرم، بەڵام باشترین هاوڕێی من نین.





# گرێبەستی کاماڤینگا نوێکرایەوە

یانەی ڕیال مەدرید ڕایگەیاند گرێبەستی یاریزانی فەرەنسی ئێدواردۆ کاماڤینگای درێژکردەوە، بەمەبەستی دڵنیابوون لە بەردەوامیی لەگەڵ تیپەکە.


یاریزانە فەرەنسییەکە سێیەم یاریزانە، کە لەم دواییانەدا یانەی ڕیال مەدرید گرێبەستەکی درێژ دەکاتەوە دوای ئەوەی گرێبەستی ڤینیسیۆس جۆنیۆری بەرازیلی تاوەکو ساڵی ٢٠٢٧ درێژکرایەوە هەروەها ڕۆدریگۆش تاوەکو ساڵی ٢٠٢٨ لە ڕیال مەدرید دەمێنێتەوە.

کاماڤینگا هاوینی ٢٠٢١ لە یانەی ڕینسی فەرەنسییەوە بەبڕی ٣٠ ملیۆن یۆرۆ گەیشتبووە یانەی ڕیال.

یاریزانە فەرەنسییەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات کێش و گرنگییەکی زیاتر لە ڕیال مەدرید وەردەگرێت لە کاتێکدا خەریکە تەمەنی دەبێتە ٢١ ساڵ ئەو ئێستا بەبێ هیچ مشتومڕێک یاریزانێکی سەرەکییە لە پێکهاتەی کارلۆ ئەنچیلۆتی، جا ئەگەر وەک یاریزانی ناوەڕاست یان وەک بەرگریکاری چەپ یاری بکات.

کاماڤینگا ١١٤ یاری بۆ ریال مەدرید ئەنجامداوە و پێشتر لە دوو وەرزی یەکەمی لەگەڵ تیپەکەدا هەموو نازناوەکانی بردووەتەوە، کە بریتین لە خولی ئیسپانیا، خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، جامی شای ئیسپانیا، جامی سوپەری ئیسپانیا، جامی سوپەری ئەوروپا و جامی جیهانی یانەکان.





# هۆکاری ڕوونکردنەوەی ڕیال مەدرید لەبارەی ئێمباپێ ئاشکرابوو

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی وردەکاری نوێی لە بارەی نهێنی بەیاننامەکەی یانەی ڕیال مەدرید سەبارەت بە کیلیان ئێمباپێ ئاشکراکرد.

ڕیال مەدرید بەیاننامەیەکی دەربارەی کلیان ئێمباپێ بڵاوکردەوە و دووپاتیکردەوە، کە هیچ گفتووگۆیەکیان لەگەڵ ئێمباپێ نەکردووە وەک زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس لە ڕێککەوتنی نێوان ڕیال مەدرید و ئێمباپێ دەکەن.

ڕیال مەدرید لە بەیاننامەکەیدا جەختی لەوە کردەوە، کە ئێمباپێ یاریزانی یانەی پاریس سانت جێرمانە گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەو یانەیە بەردەوامە و هیچ ڕێکەوتنێکی سەرەتاییشمان نییە.

کیلیان ئێمباپێ گرێبەستەکەی لە کۆتایی ئەم وەرزە لەگەڵ پاریس تەواو دەبێت هیچ یانەیەک مافی ئەوەی نییە پێش مانگی یەکی داهاتوو گفتوگۆی لەگەڵ دا بکات بە پێچەوانەوە ئەو بابەتە ڕەنگە ببێتە هۆی سزایەکی قورس بۆ یانەکە و یاریزانەکە.

ڕۆژنامەی مارکا لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا نووسیویەتی: هۆکاری سەرەکی ئەو بەیاننامەیەی ڕیال مەدرید ئەوەیە، کە میدیاکان دەستیان کرد بە قسەکردن لەسەر گرێبەستی ئێمباپێ لەگەڵ ڕیال مەدرید و پرسی مووچەکەی، کە لە ریال مەدرید وەریدەگرێت. یانەی ڕیال مەدرید پێیوایە بابەتی هەواڵی ئێمباپێ کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی ژووری جلگۆڕین دەبێت، بڵاوبوونەوەی مووچە زەبەلاحەکەی ئەو یاریزانە کاریگەری دەروونی خراپ لەسەر یاریزانەکان دروست دەکات بۆیە ڕیال مەدرید نایەوێت ئەو ئارامییەی، کە ئێستا لە ژووری جلگۆڕین دروستی کردووە و لەم چەند ساڵەی دواییدا پێشکەوتنی زۆری لەم بابەتە بەدەستهێناوە نایەوێت بە ناوهێنانی ئێمباپێ کەشوهەوای دەروونی تیپەکە تێك بچێت بەتایبەتی ساڵانێکە ڕیال مەدرید خۆی لە واژۆکردنی گرێبەستی گەورە پاراستووە و ئەمەش بەسوود بۆ دەروونی یاریزانەکان شکاوەتەوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی میدیاکانی ئیسپانیا بڵاویان کردووە ئێمباپێ ساڵانە ٣٧ ملیۆن یۆرۆ لە ڕیاڵ مەدرید وەردەگرێت. ڕۆژنامەی مارکا هێمای بۆ ئەوە کردووە یانەی ڕیال مەدرید بڕیاریداوە هیچ گفتووگۆیەك لەم ماوەیە لەبارەی ئێمباپێ نەکات، ئامانجی سەرەکی فلۆرێنتینۆ پێرێز لە ئێستا گەڕانەوەی ئارامی بۆ ژووری جلگۆڕین لەگەڵ پاراستنی یەکگرتوویی ئەو یاریزانانەی، کە لەم ساڵانەی دواییدا چێژیان لە پەیوەندییەکی بەهێز وەرگرتووە.



# هەڵۆ بە گرفتی داراییەوە دەچێتە کێبڕکێی خولی پلە یەک



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەڵۆی دەڤەری بارزان تاکە نوێنەری دەڤەرەکەیە، ئەم وەرزە هەرچەندە بڕیار بوو کە بەشداریی یارییەکانی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان نەکەن، بەڵام دواتر کارگێڕیی یانەکە بڕیاری بەشداری کردنی دا، ئێستاش تیپەکە خەریکی ئامادەکارییەکانن بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکەن، لەم بارەشەوە (ئەحمەد خەلیل) سەرۆکی یانەی وەرزشی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەك دەزانن بەشداریکردن لە هەر خولێك پێویستی بە توانای دارایی باش هەیە، ئێمەش ئەمساڵ بە کۆمەڵێك گرفتی داراییەوە بەشداریی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەکەین، ١٦ملیۆن دیناری وەرزی ڕابردوو قەرزارین و ئەمساڵیش تیپەکە کۆکراوەتەوە، زیاتر لە ١٦ یاریزانی پێشترمان پەیوەندییان بە یانەکەوە کردوەتەوە و چەند یاریزانێکی دیکەشمان هێناوەتە ڕیزی یانەکە، جگە لەوەش بەفەرمی کاپتن (دینۆ)ی کوڕی یانەکەمان وەکو ڕاهێنەر دەستنیشان کردووە، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە، ئومێدی ئێمە تەنیا مانەوەیە لە خولەکە، هەرچەندە سەرەتا بڕیارمان دابوو بەشداریی خولی پلەیەکی کوردستان نەکەین، بەڵام دواتر پاشگەز بووینەوە کە لە خولی نایابیش پاشەکشەمان کرد، دەمانەوێ بەم یاریزانانە تەنیا مانەوەمان لە خولی پلە یەکی کوردستان مسۆگەر بکەین و بتوانین ئاست وئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین، خولی پلەیەك کێبڕکێ زۆری تێدایە و یانەکان هەوڵی بەدەستهێنانی گەیشتن بە پلە نایابی کوردستان دەدەن، ئێمەش هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بتوانین تیپەکە بە گەورەیی بهێڵینەوە لە خولی پلەیەکی یانەکانی کوردستان.



# یانەی شەترەنجی مەلیک کرایەوە

بە ئامادەبوونی چەندین بەرپرسی حکومی و ژمارەیەك لە خۆشەویستانی یاریی شەترەنج، یانەی وەرزشی شەترەنجی مەلیك لە شاری هەولێر کرایەوە، ئامانج لە کردنەوەی ئەم یانەیە بۆ پێشخستنی ئاستی یاریی شەترەنجە و برەودانە بەم یارییە لە سنووری پارێزگای هەولێر. لە بارەی کردنەوەی ئەم یانەیەش (دانا جەمال غەفور) ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی شەترەنجی مەلیك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «کردنەوەی یانەیەکی تایبەت بەم یارییە لە ئەنجامی کۆمەڵێك دەستکەوت و ئەنجامی شایستەیە کە پێشتر وەکو سەنتەر بە دەستمان هێنابوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ئێمە سەنتەر بووین نەك یانە، نەمان دەتوانی بەشداریی چالاکییەکان بکەین و ناچار دەبووین کە لە پاڵەوانێتییەکاندا یاریزانەکانی خۆمان بدەینە یانەکانی دیکە و ئەنجامەکانیش بۆ ئەوان دەبوو، بۆ زیاتر لە ١٥ یانە یاریزانانی ئێمە یارییان بۆ کردوون و ئەنجامman بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، بۆیە بەباشمان زانی لەمە بەدواوە بەناوی خۆمانەوە بەشداربین و ئەنجامەکەش بۆ خۆمان بێت، دەمانەوێ پەرەی زیاتر بەم یارییە بدرێت و ببێتە پرۆگرامی خوێندن، دەمانەوێ زۆرترین یاریزان لە دەوری خۆمان کۆ بکەینەوە، هەروەها لە پاڵەوانێتی عێراقی لە ئاستی تاك نۆ مەدالیامان هێناوە، پێنج زێڕ و دوو برۆنز و دوو زیو، ئەوەش ئەنجامێکی گەورەیە، لە هەموو هەولێر حەوت زێڕ هاتبوو کە پێنجیان بۆ سەنتەرەکەی ئێمە بوون، ئەوەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی بتوانین ئەو سەنتەرە بکەینە یانە، هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا زۆرترین پاڵەوان دروست بکەین بۆ شاری هەولێر».



# دوای چاوەڕوانییەکی زۆر فیستیڤاڵی وەرزشی پەروەردەکان بەڕێوە دەچێت

بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزش و دیدەوانی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر وەکو بەرنامەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەی قەزاکان، بڕیاریدا بە ئەنجامدانی فیستیڤاڵی وەرزشی بۆ پەروەردەی قەزاکانی سنووری پارێزگای هەولێر، کە پێك دێت لە هەریەك لە پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، دەوروبەری هەولێر، شەقلاوە، کۆیە، دەشتی هەولێر، خەبات، مەخموور) کە چەندین یاریزانی وەرزشی لە خۆ دەگرێت، هەر چەندە بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی چەندین ساڵە لە هەولێری پایتەختی کوردستان ئەم جۆرە فیستیڤاڵە بەڕێوە نەچووە.

لەم بارەشەوە (مامۆستا بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزش و دیدەوانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەنجامدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە سوود و گرنگیی زۆری هەیە بۆ قوتابیانی وەرزشکار لە پەروەردەی قەزاکان، ئێمەش دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرجەم بەرپرسی چالاکیی وەرزشی لە پەروەردەی قەزاکان، گەیشتینە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی بتوانین ئەمساڵ بە شێوازێکی زۆر جوان ئەم فیستیڤاڵە ئەنجام بدەین، ئامانجیشمان خزمەتکردنی وەرزشی قوتابخانەکانە لە سنوری پارێزگای هەولێریش»، مامۆستا بێجان گوتیشی: «ئەم فیستیڤاڵە ئامادەکاریی پێویستی بۆ دەکرێت و لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەڕێوە دەچێت، هەر حەوت پەروەردەی قەزا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر بەشداری دەکەین، بەڵام کاتی ئەنجامدانی ئەم فیستیڤاڵە بۆ ساڵی تازە دوادەخرێت، بۆ ئەوەی پەروەردەی قەزاکانیش ئامادەکاریی خۆیان بکەن و، فیستیڤاڵی ناوخۆ ئەنجام بدەن و ئامادەکاری بکەن بۆ فیستیڤاڵی گەورەی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لە ئێستاشەوە دەست بە ئامادەکارییەکانمان دەکەین، بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە کارەکانمان ئامادەبێت و بتوانین بە جوانترین شێوە کارەکان ئەنجام بدەین، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش دەکەین، کە پاڵپشتیی تەواوی کردین بۆ ئەنجامی ئەم جۆرە چالاکییانە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر.

# سوود و زیانەکانی سپیکردنەوەی ددان بە پیرۆکسیدی هایدرۆجین

پیرۆکسیدی هایدرۆجین Hydrogen per-oxide ددانەکان سپی دەکاتەوە بە لابردنی ئەو ئاوێتە کیمیاییانەی کە ددانەکان زەرد دەکەن، بەڵام ئایا بەکارهێنانی پیرۆکسیدی هایدرۆجین بۆ ئەم مەبەستە گونجاو و بێ زیانە؟.

بەکارهێنانی گیراوەی پیرۆکسیدی هایدرۆجین بە ڕێژەی کەمتر لە ١٠٪ بەگشتی بێ زیانە، وا باشترە کە ڕێژەکەی لە نیوان ١-٦٪ دا بێت. کۆمەڵەی ئەمەریکیی پزیشکیی ددانی ADA جەختی کردووەتەوە کە پیرۆکسیدی هایدرۆجین زۆر کاریگەرە بۆ سپیکردنەوەی ددانەکان، بۆیە گەلێك لە بەرهەمەکانی گرنگیدان بە تەندروستیی دەم و ددان وەکو هەویری ددان یان گیراوەکانی شووشتنی دەم ئەم ماددەیە لەخۆدەگرن بۆ سپیکردنەوە و ڕەونەقدان بە ددانەکان. پیرۆکسیدی هایدرۆجین جگە لە سپیکردنەوەی ددانەکان، هاندەرە بۆ لابردنی چینی بەکتریای سەر ددان و پوك کە هۆکارە بۆ هەوکردنی پوك Gingivitis و کلۆربوونی ددانەکان.

زیانە لابەلاکان: سووانی چینی مینای ددان، زیاد هەستیاربوونی پووك و ددانەکان، زبربوون یان هەندێك جار لووسبوونی ڕووی ددانەکان، سووتانەوەی پوك، هەروەها گۆڕانی ڕەنگی ددانە دەستکردەکان ئەگەر هەبن بە شێوەی پرد یان ددانی چێنراو..تاد.





# کاریگەرییە درێژخایەنەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن

بەگشتی بەرزبوونەوەی ناوبەناوی ئاستی شەکری خوێن نابێتە ئەگەری گرفتی تەندروستی، کە لەوانەیە لە هەر کەسێکدا ڕوو بدات تەنانەت ئەگەر تووشی نەخۆشیی شەکرەش نەبووبن، بەڵام بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن لە زۆربەی کاتەکاندا یان بە شێوەیەکی بەردەوام، هۆکارە بۆ پەیدابوونی گرفتی تەندروستی لە زۆربەی بەشەکانی لەشدا. بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن Hyperglycemia بۆڕییە گەورە و بچووکەکانی خوێن تێك دەدات کە هۆکارە بۆ: نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، نۆرەی دڵ، نەخۆشیی گورچیلە، هەوکردنی دەمارەکانی دەوروبەر Neuropathy، نەخۆشیی تۆڕەی چاو، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، هەروەها جەڵتەی مێشك Stroke. لە لێکۆڵینەوەیەکدا هاتووە کە بەرزبوونەوەی بەرچاوی ئاستی شەکری خوێن بەرزتر لە ئاستی ئاسایی لەو کەسانەدا کە نەخۆشیی شەکرەیان نییە و تووشی حاڵەتی پێش شەکرەش Prediabetes نەبوونەتەوە، بە ڕێژەی ١٥٪ بەدی دەکرێت کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا لەوانەیە کە بە تێپەڕبوونی کات پەرە بسەنێت بۆ حاڵەتی پێش شەکرە یان نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم هاوکات لەگەڵ ئەگەری ڕوودانی ئاڵۆزییەکاندا.



# کامیان باشترە، پیادەڕۆیی یان ڕاکردن؟

ڕاکردن Running هەوڵی ماسوولکەیی زیاتری لە پیادەڕۆییدا پێویستە، بۆیە بۆ هەمان دووری بە ڕاکردن بەراورد بە پیادەڕۆیی بڕی ٥٠٪ زیاتری کالۆری دەسووتێنرێت، ئەگەرچی ڕاکردن کاتی کەمتری دەوێت بۆ بڕینی هەمان دووری. لەگەڵ ئەمەشدا، هێشتا پسپۆران پیادەڕۆیی Walking بۆ زۆربەی کەسەکان بە باشترین مەشقی وەرزشی هەژمار دەکەن، بەتایبەتی بۆ بەساڵاچووان. ئەگەرچی بە پیادەڕۆیی بڕێکی زیادی کالۆری ناسووتێنرێت، بەڵام بە جێگرەوەیەکی زۆر باش دادەنرێت بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیل بۆ دووریی ماوەکورت هەروەها پێویستی بە جلی تایبە و خۆئامادەکردن و ڕاهێنەر نابێت هەر کەسێك لە هەر شوێنێکدا بێت دەتوانێت ئەنجامی بدات بە کەمترین ئەگەری کەوتن یان زەبر یان برینداربوون، تەنیا جووتێك کەفشی گونجاو پێویست دەکات، بۆیە گوتوویانە کە (پیادەڕۆیی هەرزانترین جۆری مەشقی وەرزشییە). ڕاکردن زیاتر گونجاوە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بەتایبەتی کەرش، چونکە دوو هێندەی پیادەڕۆیی کالۆری دەسووتێنێت، بۆنموونە بەتێکڕای تەنیا ١٥٦ کالۆری لە ماوەی ٣٠ خولەکدا بە پیادەڕۆیی دەسووتێت، کەچی بە ڕاکردن بۆ ٣٠ خولەك زیاتر لە ٣٥٦ کالۆری دەسووتێت، هەروەها ڕاکردن گونجاوترە بۆ بیناکردنی ماسوولکەکانی قاچ و ڕان.

# خوێی زیاد ئەگەری نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات!

ئەمە سەلمێنراوە کە بڕی زیادی خوێ لە خۆراکی ڕۆژانەدا هاندەرە بۆ تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەڵام لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی تولێن لە ولایەتی نیو ئۆرلێنز/ لویزیانای ئەمریکا هاتووە کە خواردنی بڕی زیادی خوێ پەیوەندی هەیە بە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. ئەمە زانراوە کەپێویستە لەسەر تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە خوێی ڕۆژانە لە خۆراکدا کەم بکەنەوە، بەمەبەستی ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، کە وەکو ئاڵۆزییەکی نەخۆشیی شەکرەی کۆنترۆڵ نەکراو بە ڕێژەی ٧٠٪ ڕوو دەدات، بۆیە ڕێنمایی دەکرێت کە بڕی خوێی ڕۆژانە لە دەوری ١,٥ گرام بێت و هەرگیز لە٢,٠ گرام (کەوچکێکی کووپ) زیاتر نەبێت بۆ خۆپاراستن لە شەکرە و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەروەها بۆ تووشبووانی شەکرەش بەمەبەستی خۆپاراستن لە ئاڵۆزییەکان بەتایبەتی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژە بەمەش کراوە کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، لە ئەنجامی بڕی زیادی خوێ لە خۆراکی ڕۆژانەدا دەگاتە ڕێژەی ٢٠-٣٩٪.



# ئافرەت زیاتر لە پیاو تووشی کەمی ڤیتامین و کانزاکان دەبێتەوە!



ئەمە ڕوونە کە بایۆلۆژیی لەشی ئافرەت جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ پیاودا، ئەمەش ئامادەباشی بۆ کەمی چەند کانزا ز ڤیتامینێك زیاد دەکات. لەشی ئافرەت زیاتر تووشی گۆڕانی هۆرمۆنی دەبێتەوە، بەتایبەتی لەکاتی سووڕی مانگانە و دووگیانی و قۆناغی وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەدا Menopause. ئافرەت بەگشتی تووشی کەمی ئەم ڤیتامین و کانزایانە دەبێتەوە:

- کەمیی کانزای ئاسن: زیاتر لەبەر ونکردنی بڕێکی خوێن لەکاتی سووڕی مانگانەدا، هەروەها لەکاتی دووگیانیدا لە ئەنجامی گۆڕانە فسیۆلۆژییەکانی پەیوەست بە دووگیانی، ئاسن زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی هیمۆگلۆبین کە کرداری گواستنەوەی ئۆکسجین بۆ هەموو خانەکانی لەش ئەنجام دەدات.
- کەمیی کانزای کالسیۆم: بەتایبەتی لە قۆناغی پاش وەستانی یەکجارەکی سووڕی مانگانەدا، ئەمەش ئەگەری تووشبوون بە لاوازبوون و پوکانەوەی ئێسك Osteoporosis زیاد دەکات.
- کەمیی ڤیتامینەکانی C، D، لەگەڵ B9 کە بە فۆلەیت ناسراوە و زۆر گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنی کۆرپە و ڕێگرتن لە سەقەتیی زگماکی لەکاتی دووگیانیدا.
- کەمیی کانزای مەگنسیۆم: کە زیاتر لە ئەنجامی نارێکیی خۆراك و سترێسدا ڕوو دەدات، لەو کاتەی کە ئافرەت زیاتر لە پیاو تووشی سترێس و گۆڕان لە سرووشتی خواردن و خۆراك دەبێتەوە لە کاتەکانی سووڕی مانگانە و قۆناغەکانی دووگیانی و وەستانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانەدا.



# بەهای خۆراکیی هەنجیر

هەنجیر Figs دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵ، گەلێك ماددەی دژەئۆکسان لە جۆری فینۆلیکەکان و فلاڤۆنۆیدەکان Flavonoids، ڤیتامینەکانی A، C، K، B1، B6، B9، لەگەڵ کانزاکانی پۆتاسیۆم، کالسیۆم، مەنگنسیۆم، مەنگەنیز، ئاسن، زینك. سوودە تەندروستییەکان: دابەزاندنی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، واتە خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، خۆپاراستن لە ئەگەری نەخۆشیی دڵ، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی هاندانی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی ڕیخۆڵە لەگەڵ سووککردنی نیشانەکانی گرژبوونی کۆڵۆن، سووککردنی ئازار و نارەحەتییەکانی سووڕی مانگانە لە ئافرەتدا، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی ڕۆماتۆیدی جومگەکان و هەوکردنی گیرفانەکانی لووت Si-nusitis، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش هاوکات لەگەڵ هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش، هاندانی پتەویی ئێسك، پاراستنی چاو لە کاریگەرییەکانی تەمەن، پاراستنی تەندروستیی پێست، ڕێکخستنی دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین و ئاستی شەکری خوێن، هەروەها کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە.







# پرچ وشک کەرەوەی پۆرتێبڵ

پرچ وشك كـەرەوە (مجففـة)، ئامێرێكـە بـۆ وشـك كردنـەوەی پـرچ دوای حەمامكـردن بـەكار دێت، لەسـەردەمی دیجیتالی نوێدا ئەویش وەك زۆر ئامێری دیکە گۆڕانی بەسـەرداهاتووە. پرچ وشك كـەرەوەی جـۆری هـەر بەقـەد مۆبایلێـك دەبێـت، بەكارهێنـەر دەتوانـی لەگـەڵ خـۆی بیبـات بـۆ هەمـوو شـوێنێك واتـە پۆرتێبڵـە و شـەحن دەكرێتـەوە. لـە بـواری دیزاینیشـەوە وەك مۆبایلـی ئایفـۆن دەچێـت. ڕوویەكـی ئاوێنەیـە و بەكارهێنـەر لەكاتـی بەكارهێنانیـدا سـەیری ئاوێنـەش دەكات. دەكرێـت بۆنێكـی تایبـەت یـا ڕۆنێكـی تایبەتـی تێبخرێـت لەكاتـی پـرچ وشـك كردنـەوەدا هـەم بۆنـی خـۆش بڵاوكاتـەوە و یـا بەهـۆی زەیتـی تایبەتـەوە نەرمـی بكاتـەوە. كۆمپانیـای بەرهەمهێن ڕای وایـە زۆر لـە پـرچ وشـككەرەوەی ئاسـایی خێراتـرە و زووتـر وشـك دەكاتـەوە. كێشـەكەی تەنیـا ٢٨٠ گرامـە.

# جۆکەری زۆرب

ئامێـری دیجیتالـی CYPERPRO بـە یەكێـك لـە ئامێرە پێویستییەكانی ژیانـی سـەردەم دادەنرێت. ئامێرێـك كۆكـەرەوەی گشـت ئامێـرەكان. ڕیمـۆت كۆنترۆڵـی گشـت ئامێرەكانـی وەك سـپلیت، تیڤـی، ئامێـری دەنگـی، ڕیمۆتـی دەرگاكان، ماوسـی كۆمپیوتەر...تـاد.

ئامێرەكـە تـەواو لەسـەر شـێوەی ئامێـری Gameboy دیزایـن كـراوە. لەیەكـەم بینینـدا ڕەنگـە هـەر وابیـر بكەیـەوە كـە ئامێـری گەیمـە، بـەڵام لـە ڕاستیدا ئامێرێكـی گرنـگ و بچووك

# بچووکترین ک

كامێـرای ئەكشـن بـەو كامێرایانـە دەگوترێـن كـە وێنـە و دیمەنـی جوڵـەدار دەگـرن، بـۆ نموونـە دیمەنـە وەرزشـییەكان و دیمەنـی ڕاكردنـی گیانـداران. كامێـرای جـۆری Insta360 GO 3 بچووكتریـن كامێـرای ئەكشـنە، خـودی كامێراكـە بەقـەد پەنجـەی گـەورەی دەسـت دەبێـت. كێشـی تەنیـا ٣٥ گرامـە. كوالیتـی وێنەگرتنـی زۆر بـەرزە و بـە كوالیتـی ٧,K2 فیلـم دەگرێـت. كەیسـێكی






# هارددیسكی تایبەت بە مۆبایل

بەهۆی وێنە و فیلم هەڵگرتنەوە بە مۆبایل و كوالیتی بەرزی وێنە و فیلمەكان، هەرچەندە داتاگە واتە میمۆری مۆبایل لەسەریش بێت، هێشتا پێویستە میمۆری دەرەكی بۆ بەكاربێنی. لە بری بەكارهێنانی میمۆری دەرەكی چ لەوە باشتر هارددیسكی دەرەكی بێت. قەوارەی زیاتر و خۆراگری باشتر.

هارددیسكی دەرەكی جۆری Onemodern M6 HDD تایبەت بە مۆبایل بەرهەم هاتووە، داتاگەی هەڵگرتنی یەك ترابایتە. بەیەك دوگمەی لەمسی لە ماوەی كەمتر لە چەند چركەیەكدا هەموو داتاگانی وەك وێنە و فیلم و دۆكیۆمێنتەكان لە مۆبایلەوە دەگوازێتەوە بۆ سەر خۆی. بۆ هەردوو جۆری سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەبێت. هاردی ناوبراو جگە لەوەی هاردە پاوەربانكیشە. خێرایی گواستنەوەی داتاكانی ١٠٠ میگابایت لە چركەیەكدایە و واتە ٥ بەرابەر زیاتر لە USB.3یە. كێش و قەوارەی هاردەكە لە مۆبایلەكە زۆر بچووكترە.



## ـــــــەی ئامێرەكان

و كێش كەمە. سەرەڕای ئەوەی كە ڕیمۆت كۆنترۆڵە، ڕاوتەرێكی ئینتەرنێت و سیمكارت دەخوێنێتەوە و بە سیستەمی وای-فای ئینتەرنێت دەگەیەنێت. هاردێكی دەرەكیی لە جۆری SSDیە. سیتسەمی بلوتوس و وای-فای و IRای هەیە. سپیكەرێكی بلوتوسی هەیە بۆ بڵاوكردنەوەی دەنگ. لە هەمووی گرنگتر دەكرێت وەك كارتی ئەلكترۆنی بانكیش بەكار بێت. جۆكەرێكە بۆ گشت ئامێرێك.




## ـــــــامێرای ئەكشن

تایبەتی لەگەڵدایە كە هەم راگری كامێراكەیە و هەم شەحنكەرەوەی كامێرا. شاشەیەكی بە قەبارەی ٢,٢ ئینجی لەگەڵدایە. كامێرای ناوبراو بە تەڕبوون تێك ناچێت و لە قوڵایی پێنج مەتر لە ژێر ئاودا فیلم هەڵدەگرێتەوە. باترییەكەی هەتا ٤٥ خولەك فیلم هەڵگرتنەوە شەحنەكەی دانابەزێت. میمۆریی ناوخۆیی ١٢٨ گیگابایتە و دەكرێ میمۆری دەرەكیشی بۆ دابندرێت.

# پرۆگرامێکی بە سوود بۆ دەستکاریکردنی PDF

فۆرماتی PDF بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و کتێب و وتار و...تاد، لە ریزی باشترین و کاریگەرترین پرۆگرامەکان دێت. ئەو فۆرماتە وا دەکات، فایلێك کە دەبێتە PDF بە هیچ جۆرێك تێك نەچێت و گۆڕانی بەسەردانەیەت، وەك فایلی WORD نییە ئەگەر بەکارهێنەر فۆنت و ڤێرژنی office نەبێت، ناتوانی سوودی لێوەربگری. تایبەتمەندییەکی گرنگی فایلی PDF ئەوەیە دەستکاری ناکرێت، بەڵام ئەگەر بتهەوێ دەستکاری بکەی دەبێ پرۆگرامی تایبەت بەخۆی بۆ دابین بکەی. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی PDFZillaیە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی فایلەکەت دەتوانی بکەی بە word, exile, PowerPoint.. هەروەها دەتوانی بیکەی بە فایلێکی وێنەیی. دیارە هەتا ئێستا پرۆگرامەکە پشتیوانی لە زمانی کوردی ناکات و رەنگە لە داهاتوودا ئەو تایبەتمەندییەی پێوە زیاد بکرێت. دەتوانی دەستکاری لاپەڕەکان بکەی، بچووکیان بکەیەوە یان گەورەیان بکەی، یان لاپەڕە لابەری و لاپەڕەی دیکەی لە شوێن دابنێی.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

بەڕێزێك دەپرسێت لە فایلێکی wordدا چەندین خشتە(جدول)م هەیە، چۆن دەکرێت بە ئاسانترین شێوە خشتەیەك لە شێوەی خشتەی خۆم دروست بکەم.

خوێنەری بەڕێز لە سەرەتا بچۆ بۆ بە بەشی insert بەشی table هەڵبژێرە و خشتەی مەبەستی خۆت بەپێی خانەکان دیاری بکە و لە بەشی table design

دیزاینی خشتەکەت بکە، دواى ئەوە خشتەکەت select بکە و لە file دا op- tions بەشی proofing هەڵبژێرە و لەوێدا بەشی autocorrect هەڵبژێرە و ناوێك بۆ خشتەکەت دابنێ. بۆ نموونە بنووسە (خشتەی١) دواتر هەرکاتێك ناوەکەت نووسیت (خشتەی ١) خۆکار خشتەکە دروست دەبێت.



## 3D مۆنیتۆرێکی بەبێ چاویلکە

# گەیمباڵێک بۆ هەموو شوێنێ

ڕەنگە دەستەواژەی گەیمباڵ (gimbal) بۆ زۆر کەس نامۆ بووبێت. گەیمباڵ بەو ئامێرە دەگوترێت کە ئەرکی وێنەگرتن ئەنجام دەدات و پێویست ناکات کەسی دووەم وێنەت بگرێ و لەسەر ئامێرەکە مۆبایلەکەت یا کامێراکەت دادەنێی و بە کۆنترۆڵی دەنگ یا ڕیمۆت کۆنترۆڵ وێنە وفیلم دەگرێت.

کۆمپانیای DJI کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرا پیشەیی و کامێرای ئەکشن، نوێترین گەیمباڵی خۆی بەناوی Osmo Pocket 3 بەرهەم هێناوە، گەیمباڵەکە ئەوەندە بچووکە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێت و دەکرێ لە جانتا یا گیرفان بخرێت.

گەیمباڵی ناوبراو کامێرا لە خۆیەتی و پێویست ناکات کامێرای بۆ دابنێی، کامێراکەی بە کوالیتی 4K وێنە دەگرێت. شاشەکەی دەسووڕێت و لەگەڵ دیمەنەکە خۆی دەگونجێنێت. تەنانەت دەتوانێت لەکاتی جوڵەشدا وێنەکە بەبێ لەرزین و تێکچوون وەك خۆی وێنە بگرێت. باترییەکی بەهێزی هەیە و دەتوانێت نزیکەی دوو کاتژمێری بەردەوام فیلم هەڵبگرێتەوە.




سیستەمی شاشەی و دیتنی سێ دەوری گۆڕانێکی گەورە بوو لە جیهانی بینیندا، ئەم سیستەمە راستە بەوجۆرەی پێویستە لە تیڤی و مۆبایلدا پێشوازییەکی زۆری لێنەکرا، بەڵام لە کۆمپیوتەردا بەتایبەتی بوارەکانی پزیشکی، پیشەسازی، بیناسازی و نەخشەسازی گرنگی زۆری پێدرا و کارئاسانییەکی زۆری کرد. بۆ سەیرکردنی سێ ڕەهەندی پێویستی بە چاویلکەی تایبەتە، بەڵام مۆنیتۆری جۆری zhinkVision 27 کە بەرهەمی کۆمپانیای لینۆڤۆیە بەبێ چاویلکە ئەو خزمەتگوزارییە دەستەبەر دەکا.

شاشەی ناوبراو روونی نیشاندانەکەی K4ە، وردەکارییەکانی تەنێکی سێ ڕەهەندی لە هەموو رووبەکەوە نیشان دەدا. کامێرایەکی تایبەتی لەگەڵدایە کە زیرەکە و لەگەڵ گۆشەی بینینی بینەر دیمەنەکان بۆ ئەو گۆشەیە دەگۆڕدرێن. شاشەکە سپیکەری تایبەتی لەگەڵدایە و دەنگێکی ستریۆیی هەیە. کاتێك سەیری شاشەکە دەکەی وەك ئەوە وایە لە جیهانی واقیعی دابی، وێنەکان ئەوەندە لە راستییەوە نزیکن بینەر پێیوایە دەتوانێ دەستیان لێبدا.



## ماڵپەڕی زیرەکی دەستکرد تایبەت بە دەنگ

زیرەکی دەستکرد، ئەگەر شوێنی مرۆڤیش نەگرێتەوە، دەبێتە جێگرەوەیەکی بەهێزی ئەرك و کاری رۆژانەی ئینسانەکان! رۆژانە دەیان خزمەتگوزاری زیرەکی دەستکرد بەرهەم دێن لە گشت بوارەکاندا.

ماڵپەڕی زیرەکی دەستکرد https://murf.ai/ یەکێکە لە ماڵپەڕە بە سوودەکان، ئەم ماڵپەڕە تایبەت بە دەنگە، دەقەکان بە دەنگ دەخوێنێتەوە، ئەوە وا دەکات لە بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ و ئەرکی دۆبلاژدا یارمەتیدەرێکی باش بێت. جارێ ٢٠ زمانی زیندووی جیهانی لە خۆگرتووە، بە سەد لەهجە و شێوەزار. کاتێك دەقێك بە زیرەکی دەستکردی ئاماژە پێکراو دەسپێری، بەو دەنگەی مەبەستە، پیر، لاو، ژن پیاو، منداڵ. لە حاڵەتەکانی تووڕە، شاد، بێزار... تاد بە هەموو دەنگێك دەیخوێنێتەوە.




## چی ڕوو دەدات کاتێک ڕۆژانە مەساج بۆ دەموچاوت بکەیت؟

ڕۆژانە مەساجکردنی دەموچاو سوودی زۆری هەیە، ئەگەر بەردەوام بێت لە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی دروست و ڕێکوپێک، یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردن و زیندووکردنەوەی ماسوولکەکانی دەموچاو و باشترکردنی ڕەنگی پێست و بەرزکردنەوەی لاستیکییەکەی و کەمکردنەوەی چرچ و لۆچی و هێڵە وردەکان، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی دەرکەوتنی چرچ و لۆچی تەمەن لەسەر پێست. جگە لەوەش مەساجکردنی دەموچاو ڕۆژانە سووڕی خوێن لە پێستدا بەرز دەکاتەوە و ڕەنگێکی ئاڵی سرووشتی بە ڕوخسار دەبەخشێت و پێست زیاتر درەوشاوە و گەشاوەتر دەکات، هەروەها فشار لەسەر ماسوولکەکانی دەموچاو کەم دەکاتەوە و زیاتر نەرمونیانیان دەکات و توانای کەمکردنەوەی دەرکەوتنی پەڵە ئەستوورەکانی هەیە، کە تەنکتر و لاستیکتر دەربکەون، هەروەها چەوریی دەموچاو بە یەکسانی دابەش دەکاتەوە.

## ماسکی دەموچاو لە زەیتی تۆوی گێزەر و زەیتی لاڤاندەر

یەکێک لە ڕێگە کاریگەرەکانی بەکارهێنانی زەیتی تۆوی گێزەر بۆ پێست، ئامادەکردنی ماسکی دەموچاوە بە زەیتی لاڤاندەر، کە بەکارهێنانی ئەم ماسکە یارمەتیت دەدات تا ڕوخسارێکی بێ کەموکووڕی و پێستێکی کراوەت هەبێت.

چۆنیەتی ئامادەکردنی:

بڕێکی یەکسان لە زەیتی لاڤاندەر و زەیتی تۆوی گێزەر بهێنە و بە باشی تێکەڵیان بکە، بۆ ئەوەی تێکەڵەیەکی نەرمت دەست بکەوێت.

بە یەکسانی لە ڕوخسارتی بدە و بۆ ماوەی ٢٠ خولەک بەجێی بهێڵە، دواتر بە ئاوی گەرم بیشۆ و ئەگەر پێویست بوو شێدارکەرەوەی لێ بدە. ئەنجامدانی ئەم کارە بە بەردەوامی، وا دەکات کە پێستێکی جوان و ڕوخسارێکی گەشاوەت هەبێت.






# چۆنێتی ماکیاژکردن بەتایبەت لەم وەرزەدا

کاتێک باس لە ماکیاژ دەکرێت لە کاتی وشکبوونەوە و قڵیشانی پێستدا،ئەوا وەک پارچە قوماشێک بیر لە ڕوخسارت بکەرەوە، چونکە ئەگەر بە شێوەیەکی نەرم و خاوێن دەست پێ نەکەیت، ئەنجامە بەدەست ناهێنیت کە دەتەوێت،کەواتە چۆن ماکیاژ دەکەیت.

لێرەوە وردەکارییەکان دەخەینەڕوو:


ئەگەر گۆڕانی کەشوهەوا، کەم خەوی، یان هەر شتێک کە ڕێگری لە جوانیی پێستت دەکات، کاریگەری لەسەرت پێستت هەبێت، کاتێک بابەتەکە پەیوەستە بە ماکیاژەوە ئێمە چەند ئامۆژگارییەکمان کۆکردووەتەوە کە یارمەتی شێدارکردنی پێستت دەدات و ئەنجامێکی باشتر بەدەست دەهێنیت، وەک:


سافکردنی پێست: یەکەم هەنگاو ئامادەکردنی پێستە، لێرەدا دەتوانیت چارەسەری قڵیشانی سووک بەکار بهێنیت بۆ ئەو شوێنانەی کە کێشەیان هەیە،یان تەنانەت هەفتەی جارێک یان دووجار جارەسەرێکی بەهێزتر تاقی بکەیتەوە. بۆ پاککردنەوەی ئەو شوێنانەی کە تووشی وشکبوونەوە دەبن، وەک دەوروبەری لووت و چورچبوونی چەناگە، هەموو ڕۆژێک بە خاولی یان چارەسەری ڕۆژانەی توێشکی کیمیایی بۆ چینە مردووەکەی سەرەوە بەکار بهێنە، کە ڕێگری لە قڵیسانی پێست دەکات. دڵنیابە لەوەی کە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنای مادەکیمیاییەکان نەکەیت، چونکە بە زیادەڕۆیی پێستت سوور و وشک دەبێتەوە.

شێدارکردنی پێست: شێدارکردنەوە کلیلی بەرەنگاربوونەوەی پێستی وشک و هەڵقرچاوە، بۆیە لە کاتی هەڵبژاردنی شێدارکەرەوەدا بەرهەمە کوالێتی بەرزەکان هەڵبژێرە، بۆ ئەوەی ڕوخسارێکی چەورت نەبێت و ڕێژەیەکی بەرزی شێدارکردنەوە بەدەست بهێنیت.

سپرای دەموچاو: سپرای دەموچاو بەکار بهێنە بۆ زیاتر شێدارکردنی پێست هەرکاتێک پێویستت پێی بوو، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ماکیاژەکەت و ڕێگری دەکات لە قڵیشانی پێست لە ڕۆژدا.

**ئامادەکردنی: شیلان عەلی**





# ئوكاری سەرڕووتاوەی سوور

ئـەو جـۆرە مەیموونـە، میوەیـەك لـە ئیكۆسیستمی ئەمـازۆن لـە بەرازیـل دەخـوات، ئـوكاری سـەرڕووت (CACAJAO CALVUS) یـان ئـوكاری سـەر سەرڕووتاوە، مەیموونێكی بچووكی جیهانی نوێیە، لـە ڕۆژئـاوای ئەمـازۆن دەژی وەك وڵاتانی (پیـرۆ، بەرازیـل و ڕەنگـە لـە كۆڵۆمبیـاش هەبـێ)، كـە بەشـێوەیەكی ئاسـایی گەشـە دەكات، درێژیـی باڵای ١٤ - ٢٢,٥ ئینـج (٣٥-٥٧ سـم)، و كێشـی لـە نێـوان ٤ - ٧ پاوەنـد (١,٨ - ٣,٢ كیلۆگـرام) دەبێت، شێوەی كلكی كورتـە و دەموچاوی سووری گەشـاوە و سـەری ڕووت و فەروویەكـی درێـژی هەیـە كـە لـە تۆخـەوە دەست پێدەكات تـا پرتەقاڵـی تـا قاوەیـی یـان سـوور. دەموچـاوی سـوورییەكەی سەرنجڕاكێشـی هەیـە بەهـۆی ڕۆیشـتنی خوێـن لەژێـر شـانەكانی دەموچاویـدا، بەتایبەتـی پێسـتی سـەرەوەی تەنكتـرە لەگـەڵ چڕیـی زیاتـری موولوولـەكان لـە دەموچـاودا، لـە كاتێكـدا سـووربوونەوەی دەموچـاوی مێینـە پەیوەنـدی بـە ئاسـتی ئیسـترۆجینەوە هەیـە، بـەڵام لـە نێرەكـەدا بـە شـێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە ئاسـتی هۆرمۆنـی تێستۆسـتیرۆنەكەیەوە هەیـە، هەروەهـا ڕوخسـاری سـوورتر ئاماژەیـە بـۆ مەیموونێكـی تەندروستتـرە و كاتێـك ئاژەڵەكـە نەخۆشـە، ڕەنگیشـی كاڵ دەبێتـەوە.

# شانی میكۆش
# لە شێوەی گومەز

هەندێـك كـەس بـۆ ماوەیەكـی زۆر كار دەكـەن یـان یاریـی ئاسـنین دەكـەن تـا ماسـوولكەكانی جەسـتەیان بەهێـز و بەرجەسـتە بێـت، بـەڵام لـە ژاپـۆن لەبـری ئـەوە پیاوانـی دیـار و ئایینـی بەسـەر شـانی كۆمەڵێـك كـەس دەگوزارێنـەوە، كـە وێنەكـە شـانوملی پیاوانـی (میكۆش)یـە، میكوشـی ئـەو دارەبازەیـە لـە شـێوەی خانویـەك ڕازاوەتـەوە و بۆپیاوانـی ئایینیـی یابانـی لـە كاتـی گواسـتنەوەیان لـە پەرسـتگا بۆشـوێنێكی دیكـە لەسـەر شـانوملی چەنـد پیاوێـك دادەنرێـت و ئەمسـەر و ئـەو سـەریان پـێ دەكرێـت.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**







# وێستگەی فریاگوزاری بۆ کاتی فریاکەوتنی نێو دەریاکان

بیرۆکەیەکی نایاب و مرۆڤایەتی، بۆ ئەوانەی لە کاتی کۆچدا تووشی تێکشکانی بەلەم و کەشتییەکانیان دەبنەوە، هەروەها بۆ ڕاوچی و گەشتیاران کاتێك لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەکەونە نێو ئاوی ڕووبار و دەریاکان و ناتوانن خۆیان دەرباز بکەن، شوێنێکی فریاگوزاری و بە هاناوەچوونە کە لەلایەن چالاکوانانی ئەڵمانی و نەمساوی وێستگەی پلاستیکییان دروست کردووە، کە تەلەفۆنی فریاکەوتنی لەسەر جێگیر کراوە و هەروەها بە پاتری کار دەکات، کە بە وزەی خۆر بارگاوی دەبێتەوە، هەروەها سیستەمی GPS لە نێو تەلەفۆنەکەدا بەستراوە تاوەکو لە کاتی تەنگانەدا بەهانایەنەوە بچن.



# فیستیڤاڵی هەنار و بەروبوومی خۆماڵی لە هەولێر







بە دروشمی پێکەوە ژیان و گرنگیدان بە بەرهەمی خۆماڵی و کوردستان، فیستیڤاڵی هەنار لە شاری هەولێر بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بەڕێوەچوو، لە فیستیڤاڵەکەدا زیاتر لە ٩٠ کابینە و کۆشك دانرابوون، بە بەرهەم و خواردنی کوردەواری، کە بۆ چوارەمین جارە ئەو فیستیڤاڵە لە ماوەی ٤ ساڵی پێشوودا سازکراوە، هەر کابینە و کۆشکێك بە جۆرە خواردن و بەرهەمێکی کوردی و کوردستانی ڕازاندرابوویەوە، فیستیڤاڵەکە لە ١٠ی بەیانی تا ١٢ی شەو، جگە لە بەرهەمی هەنار، هەروەها گوێز و هەنگوین و مێوژ و جیا لە فیستیڤاڵی پێشوو، لەم ساڵدا هەموو بەرهەمەکان وەك تاقیکردنەوەیەك لەو شوێنەدا هەبوون، تاوەکو خەڵك و ئەوانەی نیازیان وایە کەرەستەکان بکڕن، بینۆشن و تامێکی بکەن، پاشان دڵنیا ببنەوە لەوەی کە خۆماڵییە ئینجا بەدەستی بهێنن، جگە لە پیاوان، ئافرەتانی دەستڕەنگین بە دروست کردنی کەلانە و نان و ناوسێڵی و نانی بەیانی بۆ خەڵك، هەروەها لە ژەمی نیوەڕۆشدا بە خواردنی کوردەواری وەك دۆڵمە و بریانی و کفتە و شفتەی بە تام جێی پەنجەی خۆیان دەرخستبوو، لە بواری خشل و ئێکسسواریشدا، کچانی کارامە بە بەرهەمە جوانەکان سەر مێزی کۆشکەکانیان لە فیستیڤاڵەکەدا پڕ کردبوو، لە فیستیڤاڵەدا زیاتر لە ٨٠ تەن هەناری مام ئازادی بەناوبانگ نمایش کرابوو.






## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە وانیشان دەدەن ساڵی ٢٠٢٣ ساڵێکی خۆشی و شادیە، کەچی لە دوای وێنەکە جەنگ و شەڕ و ئاگر کەوتووەتەوە.



## دیمەنە سەیرەکان

دیمەنی ڕاستەخۆی ئیسکەکانی جۆرە ماسییەکە کە ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسایی ببینیت، وادەزانیت ئێسکی نییە، بەڵام ئێسکەپەیکەری ماسیی گاسنی بەم جۆرەیە.

# مۆنالیزا لە چیمەنی باخچە



پێشتر شێوەی مۆنالیزایان لە کێك و خواردن دروست کردبوو، وادیارە ئەو پیاوە بەریتانییە دەیەوێت کارێکی ناوازەتر بکات، ئەویش بە وێنەکێشانی تابلۆی مۆنالیزا لە چیمەنی باخچەی ماڵەکەی، ئەو پیاوە ناوی (ناتان وێبرن)ـە، بڕینەوەی چیمەنی باخچەکەی بووە تابلۆیەکی مۆنالیزا، ئەو پیاوە کاری بڕینەوەی چیمەن دەکات، توانی بە لاساییکردنەوی تابلۆی مۆنالیزا، شێوەی ئەو تابلۆیە لە باخچەکەیدا ڕەنگ بداتەوە. ئەوەی سەیرە ئەو پیاوە کاری وێنەکێشانی نەکردووە تەنیا بە سەیرکردنی وێنەی ئەو تابلۆیە ئەو کارەی کردووە.

# یاسا

**تاوانی بەڵێندان بە هاوسەرگیری**

کوڕێك بەڵێن (وعد) دەدات بە کچێك کە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات وە لەژێر کاریگەری ئەم بەڵێنە کچەکە هەڵدەخەڵتێ و زۆرشت لە پێناوی ئەکات تا دەگاتە رادەی سێکس کردن لەگەڵی دواتر کوڕەکە کە گەیشتە مەرامی خۆی واز لە کچە ئەهێنێت و بە جێی ئەهێڵێت. یاسایی سزایی بۆ ئەم تاوانە دیاری کردوە بەڵام پێویستە ئەم مەرجانە هەبێت:

١- سێکس روبدات لە نێوان کور و کچەکە لەژێر کاریگەری بەڵێندان بە هاوسەرگیری.

٢- کورەکە ئامادە نەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچە بکات.

٣- کچەکە ١٨ ساڵی تەواو کردبێ ئەگەر کچە ١٨ ساڵی تەواو نەکردبی هەر خۆی لە خۆی دا تاوانە. مادەی (٣٩٥).

* تەنها بەڵێندان بە هاوسەرگیری خۆ تاوان نییە بەڵکو مەرجە دەبێت سێکس روبدات !

* بەڵێن دان بە هاوسەرگیری مەرج نییە تەنها تایبەت بێ بە کچ بەڵکو ئەکرێت ژنێك بێت پیاوی نەمابێت !

* دەبێت بەڵێن دان بە هاوسەرگیری راشکاوانە بێت تەنها بڵێت خۆشم ئەوێیت یا دیاری بۆ ببات ئەم نابێتە بەڵێندان !

* ئەبێت کورەکە مەبەستی هەڵ خەڵەتاندن بێ و زواجی لەگەڵ نەکات بەڵام گەر بچێت بۆ داخوازی کچەکە بەڵام خۆی رازی نەبێت یا باوکی نابێتە تاوان!

* ئەبێت کچەکە ١٨ ساڵی تەواو کردبێ ئەگەر نا سێکسکردن لەگەڵ خوار ١٨ ساڵ مادە یاسایەکە ئەگۆڕێت بە مادە ٣٩٤ دەستدرێژی بۆ سەر ناکام سزا کە توندتر ئەبێ!

* ئەبێ کچەکە رازی بێت بە سێکسکردن گەر نا مادەکە ئەگۆڕێت بە دەستدرێژی سێکسی مادە ٣٩٣ سزاکە توندتر ئەبێ !

(سزای ئەم تاوانا)

سزای بەڵێندان بە هاوسەرگیری بەندکردنە لە نێوان ٣مانگ تاوکو ٥ ساڵ.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئەم ماوەیە ئارام بگرە و هێمن بە، بۆ ئەوەی بتوانیت بەسەر دۆخە سەختەکاندا زاڵ بیت، پێویستە چاوەڕێ بکەیت و بە هەڵەشەیی کارنەکەیت و بڕیاری بەپەلە نەدەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە لە ڕابردوی خۆشەویستەکەت تێبگە و گرفت درووست مەکە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بەرامبەر خێزانەکەت کارێك مەکە کە دواتر پەشیمان ببیتەوە، دەرفەتە زێڕینەکان لە دەستی خۆت مەدە و بڕیاردان لەسەر کارە پێویستەکان زۆر دوا مەخە، ئەو دۆخەی ئێستا تێی کەوتویت نەرێنی نییە، هەربۆیە خۆت نیگەران مەکە و چاوەڕوانی داهاتوویەکی باش بکە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

زیادەڕۆیی مەکە لەو بڕیارانەی دەیدەیت، بە خەونەکانت دەگەیت و ئامانجەکانت دەپێکیت، هەوڵ بدە بە هێمنی چارەسەری کێشەکان بکەیت، ئەم ماوەی فشارێکی زۆری دەروونیت هەیە و بەردەوام لە دودڵیدایت، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستیت دەبێت..

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

پێش ئەوەی هەر وشەیەك بڵێیت، بە وردی بیری لێ بکەرەوە، بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ هاوپیشەکانت گفتوگۆ دەکەیت، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانیت کە تەندروستیی باش پەیوەندی بە لایەنی دەروونیتەوە هەیە، هەوڵ بدە ئارامبە و خۆت لە سترێس و دڵەڕاوکێ بەدوور بگرە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لە خۆپەرستی دوور بکەوەرەوە، دەنا زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنێت و هیچ کەسێك لە چواردەورت نامێنێتەوە، هەست دەکەیت جیهان بەڕووی تۆدا پێدەکەنێت، لەلایەنی پیشەییەوە ئامادەبە بۆئەوەی ئەرکەکانت تەواو بکەیت و پلانەکانت ڕێك بخە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم ماوەیە بە باشترین شێوە خۆت دەردەخەیت، لەگەڵ ئەوەی کەمێك سترێس و نیگەرانیت هەیە، بەڵام هەموو ئەرکەکانت بە باشی جێبەجێ دەکەیت و خاوەنکارەکەت دڵخۆش دەکەیت، کارێك مەکە کەسە نزیکەکانت لێت دوور بکەونەوە، دەنا یارمەتیدەر و پاڵپشتیکارت نامێنێت.



## پەند و وتە

جوزێف کۆنراد، ڕۆماننووسی پۆڵەندی و بەریتانییە و هەروەها بەتوانایە لە نووسینی کورتە چیرۆکیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، لە ساڵی ١٨٥٧ لە شاری بێردایچیڤ لە ئۆکرانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٢٤ لە بیشۆبس بۆرن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خراپەکاری دەڵێت: «بڕوابوون بە بوونی هێزێکی سوپەر بۆ خراپەکاری و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە گرنگ نییە، بەهۆی ئەوەی مرۆڤەکان خۆیان دەتوانن ئەو شەڕ و خراپەکارییە بە بێ بەرامبەر ببەخشنەوە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك لەسەر کورسییەك دانیشتووە کە شێوەی لارە، کورسییەکی دیکەش هەیە پێچەوانەی کورسیی کەسەکەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠ چرکەدا ڕاستی و دروستیی وێنەکە بدۆزیتەوە.

## بۆ زانیاریت

## گەشتی بۆشایی ئاسمان




«ڤالێنتینا تێریشکۆڤا خانمێکی ڕووسییە - بەیانیان لە کارگەیەکی قوماش کاردەکات و شەوانە لە ئەندازیاری بۆشایی ئاسمان و فڕۆکەوانی دەخوێنێت».

تاکە ژنە کە لە ساڵی ١٩٦٣ی زاییندا گەشتێکی تاکەکەسی بۆ بۆشایی ئاسمان بەبێ تیمی ئەنجامداوە، کە نزیکەی سێ ڕۆژ لە بۆشایی ئاسماندا بەسەر بردووە، لە ئەرکی بۆشایی ئاسمانی "ڤۆستۆک ٦"دا "٤٨" جار بە دەوری هەسارەکەدا سووڕاوەتەوە، لە گەشتە مێژووییەکەیەوە.

## فیلم

## شوێنی تۆ یان من - Your Place or Mine



درامایەکی ڕۆمانسییە، باس لە دوو کەس دەکات کە هاوڕێی یەکترن، بەڵام لە زۆر شتدا هەمیشە پێچەوانەی یەکترن، (دێبی) لە شاری لۆس ئەنجلۆسی ئەمریکا دەژی (پیتەر) یش لە شاری نیویۆرك، دوای ئەوەی بڕیار دەدەن کە بەیەکەوە بژین، بۆ ماوەی هەفتەیەك بەیەکەوە دەبن، چەندین ناکۆکی و ئاژاوە دەکەوێتە نێوانیان، کە لە پێشوودا خۆیان وایان دانابوو بەیەکەوە دەگونجێن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣١ خولەکە، فیلمەکە لە دەرهێنانی ئەلین برۆش مکینا، لە نووسینی فلۆریان بالهاوس، لە نواندنی: ئاشتۆن کەتچەر، ڕیس ویزەرسپون، جەیسی ویلیامز، تیگ ناتارۆ، ستیڤ زان.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەلایەنی پیشەییەوە باشترین هەوڵی خۆت بدە، ئەم ماوەیە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی توانا و بەهرەکانت نیشان بدەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە واز لە بیرکردنەوەی نەرێنی دەربارەی خۆشەویستەکەت بهێنە، تەندرووستییەکی باشت هەیە و چالاکیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە زۆر فشار لە خۆت مەکە بۆ ئەوەی کارێك بکەیت کە لە توانای خۆتدا نییە، لە هەمان کاتیشدا گومان لە تواناکانی خۆت مەکە، لەلایەنی سۆزدارییەوە نەرمتر مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستەکەت بکە، لە خواردنی شیرینی و چەوری دوور بکەوەرەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەوڵ مەدە پەستانێکی زۆر بخەیتە سەر هاوبەشی ژیانت، دنا لە دەستی دەدەیت و پەیوەندییەکەتان لەناو دەچێت، ئەم ماوەیە بێزاریت و زوو تووڕە دەبیت، وریابە کارێك مەکە ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتیت بخەیتە مەترسییەوە، کەمێك بەرپرسیارانەتر ڕەفتار بکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


خۆت بگونجێنە لەگەڵ بارودۆخەکان و لەگەڵ کەسانی چواردەورت ناکۆکی دروست مەکە، پاڵپشتیی کەسانی دیکە یارمەتیدەرە بۆ بەرەوپێشچوونت، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەزموونی کەسانی دیکە سوودت پێ دەگەیەنێت، هەڵەی کەسانی دیکە دووبارە مەکەرەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ڕای خۆت دەرببڕە و مەیشارەوە، تەنانەت ئەگەر ڕات لەگەڵ کەسانی دیکەش جیاواز بێت، هەوڵ بدە بە شێوەیەکی ئەرێنی تەماشای خۆت بکەیت، ئەمەش تاکە ڕێگەیە بۆئەوەی پەرە بە تواناکانی خۆت بدەیت.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بە وردی سەرنجی ئەوە بدە چی لە چواردەورت ڕوو دەدات، ڕەنگە کۆمەڵێك ڕاستی هەبێت هەتا ئێستا بۆت دەرنەکەوتبێت، لەلایەنی سۆزدارییەوە پێویستە ئارام بگریت و بە هەڵەی خۆشەویستەکەت تووڕە نەبیت، ئەمەش لە هەڵە دوورت دەخاتەوە.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان



بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626